هاوکاری

٨ لاپەڕە — ٢٥ فلسە

سەنتەری ٢٩٧٠ ساڵەی زایینی

دەزگای ژۆخەبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
• مەیدانی الخیلانی شەقامی ٥ الجمهوریة ٥
بەغدا ـ ص٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥ ـ ٥ خەت

سەرنووسەر : سعاد ادیب علی

● دووشەممە ١ ی کانونی دووەم ١٩٧٩ ژمارە ٤٥٥ ●

شۆڕش لە نەخشەی دوورە مەودایدا ، ئامانجی وەدیهێنانی گۆڕانێکی بنەڕەتی یە لەچوارچێوەی ئابووری نەتەوەییدا ، بە چەشنێك کە ناوەندی تاکەکەس و بەکارهێنانی پەرەپێ بسێنێ

احمد حسن البکر
سەرۆکی فەرمانده

● الاثنین ١ کانون الثانی ١٩٧٩ العدد ٤٥٥ ●

هاوڕێ صدام حسین: ئێستا ئیوە چەکێکتان بۆ بە هێزکردنی دابینکاری بە دەستەوەیە کە چەکی ئیمانە بە بیرو باوەڕ

بروسکەی پرسەنامەی سەرۆك البکر بە بۆنەی کۆچی دوایی هواری بومدینەوە

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر بە بۆنەی کۆچی دوایی سەرۆك هواری بومدینی سەرەك ئەنجومەنی شۆڕش و سەرەك ئەنجومەنی وەزیرانی جەزایرەوە برو سکەیەکی پرسەنامەی بۆ ئەنداممی بەڕێزەکانی ئەنجومەنی شۆڕشی کۆماری جەزایر نارد .. کە ئەمە دەقەکەیەتی ..

بەوپەڕی خەم و نیگەرانییەوە هەوالی مردنی خوالێخۆشبوو بەڕێز هواری بو مدینی سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕش و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری دیموکراتی میللی جەزایرم پێگەیشت .

بەناوی گەل و حکومەتی عیراق و بەناوی خۆمەوە بەگەرمی تازیباری و خەمناکی قوولمان دەردەبڕم و داوا لە خوای پەروەردگار دەکەم کە خوالێخۆشبوو بخاتە ژێر باڵی ڕەحمەتی فراوانی خۆیەوەو سەبووری گەلی جەزایری برامان بداو سەبارەت بەم زیانە گەورەیە ئارام و دڵنەوایی بە کەس و کاری ببەخشێ .

وانا لله وانا الیه راجعون

احمد حسن البکر
سەرۆکی کۆماری عیراق

ئەوەی شایانی باسە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو سەرۆکی فەرمانده بەڕێز احمد حسن البکر لە بالوێزخانەی جەزائیردا بۆ پرسەکردن بەهۆی کۆچی دوایی سەرۆك هواری بو مدیانەوەوە لە دەفتەری پرسەنامەدا ئەمەی نووسی :

بەهۆی ئەم کارەساتە گەورەیەوە سەر خۆشی لەگەل و حکومەتی جەزائیر دەکەین . خوا باڵی ڕحمەتی فراوانی خۆی بەسەر خوالێخۆشبودا بکێشی و بیخاتە بەهەشتی فراوانی خۆیەوە انه سمیع مجیب .

ئەوەی شایانی باسە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق و ئاژانسەکانی تری جیهان ڕایان گەیاند کە دوای لەهۆش خۆچوونێکی چل ڕۆژی ، سەعات ٥٥ر٣ی بەرەبەیانی چوار شەممەی ڕابوردوو . سەرەك بومدین لەتەمەنی ٥١ ساڵیدا بە یەکجاری جیهانی جێهێشت .

سەبارەت بەم هەواڵە بە ناسۆرە ئیزگەی جەزایر بەرنامەی ئاسایی خۆی بڕی و دەستی کرد بە خوێندنی قورئانی پیرۆزو بۆ ڕاگرتنی دۆخ بەڕێوەبردنی وڵاتیش بە پێی دەستووری جەزایر سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی میللی ئەو وڵاتە بەڕێز ڕابح بیطاط لە دوای نیوەڕۆی ڕۆژی کۆچی خوالێخۆشبوو- وەوە بۆماوەی (٤٥) ڕۆژ کاری سەرکۆماریەتی گرتە ئەستۆو لەم ماوەیەدا بە دەنگدانی گشتی سەرۆك هەڵدەبژێردرێ

لە لایەکی ترەوە ئاژانسی دەنگوباسی جەزایر ڕای گەیاند کە ئەنجومەنی نیشتمانی و میللی جەزایر لە سەرلەبەیانی ئەورۆژەدا کۆبۆتەوەو ئەندامانی ئەنجومەنی شۆڕش و حکومەت و ئەفسەرە گەورەکانی سوپا و سەرۆکانی لێژنە هەمیشەیی - یەکانی پارتی بەرەی ڕزگاربخوازو ئەمینداره گشتی یەکانی ئەندامانی سلکی دیپلۆماسی لە جەزایر لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون و بیطاط لە کۆبوونەوەکەدا وتی « ئیمڕۆ جەزایر بۆ کۆچی دوایی بۆمیدیەن دەگری کە هیواو ئاوات و پێشکەوتنی گەلی جەزایری بە بەرچاوی خۆیەوە گرتبوو و مێژووش ئەوە دەبینێ کە بومدین شوێنەوارێکی جێهێشتوە کە بیر لە سەرانسەری وڵاتی کەبیر ناکرێ .

لە لایەکی ترەوە حکومەتی جەزایر بریاری دا کە بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە سەرانسەری وڵاتی جەزایردا بە ڕەسمی تازیە بۆ سەرۆکی کۆچ کردو بگیرێ و ئالای وڵاتیش تا ئەو ماوەیە دابگیرێ .

هەروەهادوای بڵاوبوونەوەی کۆچی دوایی سەرەك بومدین لاوانی جەزایر لەرادیۆی وڵاتەکەیانەوە بڵاویان کردەوە کە ئەو کۆنگرەیەی نیاز وابوو ڕۆژی هەینی ڕابوردوو

ڕوانە : ل : ٧

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

پێنج شەممەی ڕابوردو ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی محمد علی امین سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی کرد، بەئامادەبوونی بەرێزان جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ڕابەراندنو ئەمینداره گشتی یەکان ،

لە سەرەتای دەست پێ کردنی کۆبوونەوەکە هەموو ئەندامان دەقیقەك وەستانی پرسە بۆ گیانی سەرۆکی کۆچ کردوی جەزائیرو دوایش بریاردرابە ئاراستە کردنی بروسکەی پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێ بۆ سەرۆکی فەرمانده و بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و هەروەها ئاراستەی ڕاسەیحەکان کرد بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونەوە . ئینجا دەستکرا بەلێکولینەوەی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە ئاسایەکەو لەپێشەوە بریار لە سەر بەرنامەی کۆبوونەوەی ڕابوردوودرا ، لەدوایدا هەندی لە ئەمینداره کان وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دایەوە کە لە لایەن ئەندامانی ئەنجومەنەوە ئاراستەیان کرابوو ، لەگەل خوێندنەوەی ڕاپورتی لیژنەی کشتوکاڵ و زەوی سازی و ڕاپورتی کەمایەتیەکان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا .

دوای ئەوەی کۆبوونەوەکە ٣ سەعات زیاتری خایاند ، بریاردرا کۆبوونەوەی دا هاتوله ١٨ـ١ـ١٩٧٩دا ببەسترێ .

بەڕێز صدام حسین سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی نەخشەکێشان دەکا

- **جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی نەخشە بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بەندە بە پێویستی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵەوە**
- نەخشەی ساڵانە لەسەر ئەو بنەڕەتە ناوەندیانە دانراوە کە بەندەبە ئامانجەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستەوە

بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆکی ئەنجومەنی نەخشەدانان وتی نەخشەی ساڵانە ئاوێنەی بزوتنەوەی جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی نەخشەی پێنج ساڵە .

جێگری بەڕێز لە کاتی سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی نەخشەدانانەکە دوێنێ بەیانی لەبینای ئەنجومەنی نیشتیمانیدا بەسترا وتی ئەم نەخشەیە ناچارە پێ لەسەر ئامانجە چەندەکی و بوردەکان داگرێ بەشێوەی دابەشکراوی بەسەر ژمارەکانی تەخسیسات یان چەندەکیەکان بەشێوەیەکی تەنفیزی چوارچێوەی گشتی نەخشەی ساڵانە کە ئەو بنەڕەتە ناوەندیە مەبدەئیانەی کە بەندن بەبنەڕەتەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە ، لەوانەش ئامانجەئینسانیەکانی نەخشەی پێنج ساڵە .

جێگری بەڕێز گرنگی ئەوەی دووپات کردەوە کە جێبەجێ کردنی نەخشە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە بەندبێ بەپێویستی فیعلی بزوتنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵەوەو بگونجێ لەگەل پێودانگەزانستیەکانی کۆڕانی ئابووری لە وڵاتدا .

جێگری بەڕێز خوشەویستی و سوپاسی خۆی بۆ ئیشکەرانی وەزارەتی نەخشەدانان دەربڕی لەبەر ئەوەی نەخشەی

ڕوانە : ل : ٧

وەزارەتێکی نوێ لە یەمەنی دیموکرات پێکهێنرا

ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە عەدەن ڕای گەیاند کە وەزارەتێکی نوێ لە کۆماری دیموکراتی یەمەن بە سەرۆکایەتی علی ناصر محمد پێك هێنراوەو جگە لەمە کاروباری وەزیری دارایشی گرتۆتە ئەستۆ .

لەم وەزارەتە نوێیەدا ڕاشد محمد ثابت بەوەزیری ڕاگەیاندن و علی ناصر مثنی بە وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئەنجومەنی وەزیران و محمود محمد الشجاعی ڕۆشنبیریی و عبدالغنی عبدالقادر بە وەزیری پیشەسازی و محمد عبدالغنی الفضلی بەوەزیری بازرگانی و خالد فضل منصور بە وەزیری کار دانراون .

هەروەها علی عبدالرزاق باذیب و فضل محسن و محمود محمد سعید مدحی و عبدالله احمد غانم لە وەزیریی لابراوەکان لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەرزی گەل و دەزگاکانی پارتی سۆشیالیستی ئەو وڵاتەدا پێ سپێرراوە .

لە لایەکی ترەوە سەرۆکی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەرزی ئەو وڵاتە دوو بریاری تری دەرکردو بە پێی بریاری یەکەمیان علی ناصر محمدی سەرەك وەزیر بە جێگری ئەنجومەنیش و بەپێی بریاری دووەمیشیان فضل محسن کە پێشتر وەزیری دارایی بوو ، کرا بە سکرتێری ئەنجومەنەکە .

سیانزە هەرێمی وڵاتی تورکیا خرایە ژێر حوکمی عورفی یەوە .

ئێوارەی چوارشەممە ڕابوردوو پەرلەمانی تورکیا بریاری لەسەر ئەومەرسوومەی حکومەتدا کە داوای کردبوو (١٣) هەرێمی وڵات بخرایتە ژێر باڵی حوکمی عورفی یەوەو حاکمی سەربازایی هەر هەرێمی لەوە (١٣) هەرێمانە ئەرکی بەڕێوەبردنی هەموو هێزە چەکدارەکان و بەشەکانیانی لە ئەستۆدا دەبێ و دەتوانێ بچێتە ناو بارەگاو مەڵبەندی هەموو پارتە سیاسی یەکان و نیقابەکانەوەو بیشیان پشکنێ . هەروەها بۆی هەیە ڕۆژنامەو کتێب و بڵاو کراوەکان بخاتە ژێر چاودێری یەوەو کۆیان کاتەوەو کۆتای بە مانگرتن بێنێ و هەموو دەزگا ڕەسمی و شوێنەکانی ڕابواردن دابخا .

لە لایەکی ترەوە دەستەی زانکۆکانی تورکیا خەڵکیان لە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی خۆبەخۆ وریاکردەوەو داوایان لە کاربەدەستانی وڵات کرد کە ئەوپەڕی توانایان بۆ دامەزراندنی فەرمانڕەوایەکی نوێ بخەنە کار دەستوور بەشێوەیەکی بێ لایەن ڕابەرێنێ و وتیان بەردەوام بوونی ئەوکارە توندو تیژەی ئێستا ، وڵاتی تورکیا دادەڕوخێنێ .

ئەوەی شایانی باسە ماوەیەکە باری ئاسایش لەوڵاتی تورکیادا بە تەواوی تێك چووەو ڕۆژنی یە شارەکانی ئەم وڵاتە ڕوداوی کوشتن و بڕین و کاروباری تری توندوتیژیان تێدا ڕوونەدەن تا لەم ڕۆژانەدا ئەمکارە بەتەواوی بەرەی سەندوو لەتەنیا هەرێمیکدا لە ڕووداوێکدا (٢٠٠) کەسی تێدا کوژراون و (١٠٠٠) کەسیشی تێدا بریندار بوون .

هاوڕێ صدام حسین لە وتەیەکیدا بۆ دەستەیەکی ڕێشرەو لە تیکوشەرانی ڕێکخراوی سەربازی حزب

دابینکاری ڕووت نامان گەیەنێتە بیروباوەڕ بیروباوەڕیش بەبێ ئیرادە بەدی نایەت

لە ئێوارەی (٥) شەممەی ڕابوردوودا بەو بۆنەیەوە کە دەستەیەك لە پێشرەوانی حزب لەناو ڕێکخراوی سەربازیدا سوێندی وەرگرتنی شەرفی ئەندامیەتیان دەخوارد لە هۆڵی (الخلد) دا ، هاوڕێ صدام حسین جێگری ئەمیندرای نهێنی سەرکردایەتی قوتر حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دوانێکی دا کە ئەمە دەقەکەیەتی :

هاوڕێ خۆشەویستەکان ، پێش ئەوەی چەند وشەیەك لەم ڕێکەوتەدا بڵێین ڕەخسەت لە هاوڕێ عزە وەرنەگرم کە دەقیقەیەك بە خاموشی بۆ گیانی سەرکردەیەکی بەناوبانگ و تێکۆشەرێکی عەرەب بوەستین کە سەرۆك بومدینە .

هاوڕێ عزة ابراهیمی تێکۆشەر شتێکی ئەوەندە زۆری بۆ نەهێشتمەوە کە لەم ڕێکەوتەدا بیڵێم و لە سەرەتاوە دووپاتی دەکەمەوە دوای پیرۆزبایی لێکردنتان بەم شەرەفە کەورەیە کە بە بەرگری کردن لە شەرەفی بیروباوەڕ وەرتاگرتوەو بە شەرەفی ئەندامیەتی ڕازانتانەوە . ئەلێم و گرنگی کارێکخستنی وردو لێهەلێنجانێکی وردی ئەو ئامۆژگاری یانە دووپات دەکەمەوە کە هاوڕێ عزە بێی ڕاگەیاندن و لە پێشیانەوە وەرگرتنی دەرسی کاریگەرو زیندوو لە مێژووی عەرەبو لەپێشیەوە لە مێژووی عەرەبی ئیسلامی لە بەر ئەوەی کە دەرسی کاریگەری ئەوتۆیان تێدایە کە توانای ئەوەشی دەمێنێ بەشێوازە گەشە سەندووەکەی بە زیندوویی بمێنێتەوە ، ئەك بەشێوازی گوێزراوە بۆ ئەوەو ئەوەکانی داهاتوو . هەروەها توانای ئەوەشی دەمێنێ کە دەرس و بیروباوەڕمان پێ ببەخشێ و بشتوانێ ژیان بنیات بنێ هەروەکو باووباپیران پێشتر کردویانە . دووبارە ئەمە ئەك بەشێوازی ئارەزوو کە ژیانێکی لەبەکچوو بەشێوازی وەرگرتن بنیات بنێین ، بەڵکوو بەوەی کە لەگیانی بیناکردنی ئەوژیانەو یاساکانی بەشێوازی بیر کردنەوە لە دنیاو لە ژیان وڵە بە توانابوونی ئیرادە لە بەرەویشەوە بردنیدا لە پێناو ژیان و بیناکردنی یاساکانیدا ئیلهام وەربگرین .

گرنگترین دەرس کە بەڵکەی پێدێنمەوە ، دەربارەی جەنگێکی بنچینەیی یە کە لە سەرەتای ئیسلامدا ڕووی دا ، سەبارەت بە موناقەشەیەك لە نێوان پێغەمبەری مەزن و یەکێك لە سەربازەکانی پێغەمبەردا ، کە لە هەمان کاتدا هاوڕێشی بوو . بە گیانی سەربازو هاوڕێ موناقەشەی دەکرد نەك بە گیانی سەرباز . پێویستە ئەوە بڵێین کە لەوانەیە هێندێکتان وا دەبیستن و دەبینن و هەست

ڕوانە : ل : ٧

١٩٧٩ ش ساڵی سەرکەوتن دەبێ

ساڵی ١٩٧٨ی ڕابوردوو ، ساڵی گەلێ سەرکەوتنی بایەخدار بوو لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتدا .

لە ناوەوە میللەت ، بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لە گەرمەی فرماندایە بۆ بیناکردنی پیشە ـ سازی یەکی پێشکەوتوو دامەزراندنی کشتوکاڵ و لادێیەکی هاوچەرخ و ڕامالینی نەخوێندەواری .

لە سیاسەتی عەرەبی و نێو دەوڵەتانیشدا عیراق چالاکانە دەوری خۆی بەجێ هێناوە بۆ بەهێز کردنی بشتگیری عەرەب و سیاسەتی بی لایەنی نێو دەوڵەتان و، دژی هێرشەکانی ئیمپریالزم و زایونیزم و خۆبەدەستەوە دەرەکان بەڵام دەرچوونی پەیمانی کاری نەتەوایەتی هاوبەش لەلایەن هەردوو وڵاتی عیراق و سوریاوە گەورەترین سەرکەوتنە لە ساڵی ١٩٧٨دا ، نەك تەنها بۆعیراق و سوریا بەڵکو بۆ گشت نەتەوەی عەرەب ، چونکە دەست وەشاندنێکی کاریگەبوو لە هەموو پیلانەکانی ئیمپریالزم و زایونیزم و ڕژێمی ساداتی خۆبەدەستەوەدەر ، کە مەبەسیان کەرت کردنی تێکۆشانی نەتەوەی عەرەب و دەرگاخستنە سەر پشتی هەموو خاکی عەرەب بۆ و بۆ شاڵاوی ئیمپریالزم و زایونیزمی چاوچنۆك .

لەم زروفە سەختەدا کە نەتەوەی عەرەبی تیادا دەژی و بەرەنگاریی جەنگی ژیان و مردن دەکات لە ئەنجامی پیلانەکانی ئیمپریالزم و زایونیزم و خۆبەدەستەوە دەرەکان ، بەتایبەتی پاش ڕێکەوتنە شوومە بێ ئابروانەکەی « سادات » لە « کامپ دیفید » کە مەبەس پێشکەش کردنی خاکی پیرۆزی عەرەب و سامانە بێ شومارەکەیەتی ، وەکو پاروویەکی نەرمەقووت بۆ هەژدەهای زایونیزم و ئیمپریالزمی تێر نەخۆری چاوچنۆك .

ڕوانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

له بڵاوکراوەیەکی سەرۆکایەتی‌دیوانی سەرۆکایەتی کۆماردا :

کۆمەڵانی گەل‌و دەزگا شۆڕشگێڕەکان ئەرکی چاودێری کردنی میللی‌یان دەکەوێتە ئەستۆ

سەرۆکایەتی دیوانی‌سەرۆکایەتی کۆمار دووپاتی کردەوە کەوا ئەرکی‌دەرخستنی راستی چارەسەرکردنی گیروگرفتی‌هاوولاتیان دەکەوێتە ئەستۆی جەماوەرو دەزگاشۆڕشگێڕەکان .

ئەمە لەو بڵاوکراوەیەدا وتراوە کە دوێنێ سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار دەری‌کردو ئەمەش دەقەکەیەتی :ـ

لەسەر فەرمانی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە ، سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار دەستی کردوە بە شوێن کەوتنی گیروگرفتی هاوولاتیان‌و ئەوەی رۆژنامەو گۆفارەکان بڵاوی دەکەنەوە چونکە ئەمەسەلەیە لەلایەن سەرۆکی بەڕێزەو جێی بایەخەو سەرۆکایەتی دیوانیش لەمبارەیەوە زنجیرەیەك کاری خێراو بەپەلەی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە کرد ، هەروەها بربار درا وەلامەکانی هەموو دایەرەکان بدرێن بە ئاژانسی دەنگوباسی عراق تا ئەمیش بیدا بە رۆژنامەو گۆفارەکان‌تا بۆ هاوولاتیان ئەو وێنەیە ئاشکرا بێت کە گیروگرفتەکانیانی بێ چارەسەر ئەکرێت جا بۆ ئەوەی ئەم چارسەربانە بایەخیان بدرێتێ‌و جێ‌بەجێ کردنیان ساغ بکرێتەوە ، ئەرکی دەرخستنی راستی چۆنیەتی ئەو چارەسەریانە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵانی گەل‌و دەزگا شۆڕشگێڕەکان کە دەوری خۆیان لە چاودێری کردنی مبلیدا دەبینن . راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست ئەمەی‌دووپات کردۆتەوەو بایەخێکی لە رادە بەدەری داوە بە رەخنەگرتن لەرۆژنامەی‌حزبی‌و رەسمی‌دا کە بەرەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵانی خەڵك‌و مەسەلەکانیان ئاراستە کراوە بەمەرجێك ئەمە بەشێوەی پێویست بکرێ‌و بە ئامانجی درو ستکردنی بنەڕەتی مادی‌و نەفسی‌و زۆر باشتر لەوەی کە ئێستا هەیە لە پێناوی چەسپاندنی بنەڕەتەکانی دیموکراتیەتی گەلی لە کۆمەڵدا کە تێیدا حزب سەرکردایەتی شۆڕش دەکا .

عقید رکن
طارق حمد العبدالله
سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار

بەبۆنەی‌جەژنی سوپای‌قارەمانانەوە

کردنەوەو دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی نوێ لەدهۆك

لە بیرەوەری پەنجاوهەشت ساڵەی دامەزراندنی سوپای قارەماندا ، کۆمەڵێ‌پرۆژە لە پارێزگای دهۆکدا دەکرێنەوە بەردی بناغەیان بۆدادەنرێ ، کە خەرجی هەموویان دەگاتە (٨) ملیۆن‌و(٥١٥) هەزار دینار .

ئەم پرۆژانە کە بە سەر جێگا جۆراوجۆرەکانی پارێزگاکەدا دابەش‌کراون بریتین لە (١٦) قوتابخانەی سەرەتایی‌و ـ٤ـ قوتابخانەی ناوەندی‌و دایەنگەیەك‌و (٨٦) خانوو بۆ فەرمانبەران‌و مامۆستایان‌و مەڵبەندی سەرەکی‌ی تەندروستی‌و هەندی‌پرۆژەی خزمەتگوزاری‌و کشتوکاڵی‌ی تر .

هەروەها کردنەوەی ڕێگای مەمان ـ مانگێش کە درێژی ٢٨ کیلومەترە یەکێکە لەو پرۆژانە .

ئەو پرۆژانەی کە بەردی بناغەیان بۆ دادەنرێ ،بریتیین لە نەخۆشخانەیەکی تا کە (٥٠) قەرەوێڵەی تێدایەو مستەوسەفێکی بەیتالی‌و هەندێ پرۆژەی پەروەردەیی‌و خزمەتگوزاری‌ی تر .

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ناوەندی‌ی گەل لە هەولێر

رۆژی پێنجشەممە ٢٨ـ١٢ـ٧٨ ئەنجومەنی ناوخۆی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە پارێزگای‌سلێمانی کۆڕێکی فراوانی بۆ سەرۆکانی ناوچە ئیداریەکان‌و بەڕێوەبەرانی مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌سازکرد ، لەم کۆڕەدا کە بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەن‌ارشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی‌و هاوڕێ عبدالرزاق‌فارس ئەمینداری نهێنی‌ی سەرکردایەتی ڕارتی بەعسی‌عەرەبی سوشیالیست لە سلێمانی تێدا ئامادەبوون‌سەرەتا بەچەند ووشەیەکی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی‌کۆڕەکە دەستپێ‌کراو گوتی .

هەرچەندە لە مەڵبەندو ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی‌دا هەوڵێکی گرنگ لەم بارەیەوە دراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ناتوانین بەتەواوی ڕەزامەندی خۆمان پیشان‌بدەین ، بۆیە لەم کۆڕەدا دەمانەوێت دەربارەی ئەوکەم‌و کورتیانە بکۆڵینەوە کە بەربەستی چەسپاندی‌ئەم‌یاسا مەزنەمان لێدەکات بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە ، پاشان ، هاووڕێ عبدالرزاق فارس هەر لەم بارەیەوە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە پێویستە لەسەر سەرۆکانی ناوچە ئیداریەکان بەشێوەیەکی‌بەردەوام سەردانی خۆیان بۆ مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌درێژە پێبدەن ، هەروەها بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی لەم کۆڕەدا دووپاتی هاریکاریکردنی ئێوان ئیدارەی قوتابخانەکان‌و مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کردەوە، لە کۆتاییدا لە لایەن سەرۆکانی ناوچە ئیداریەکان‌و بەڕێوەبەرانی مەڵبەندەکان کۆسپەکانیان خرابەڕە پێش‌چاوو لەلان یەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەن‌و هاوڕێ عبدالرزاق فارس‌و بەڕێوەبەری پەروەردەوە چارەسەرو وەڵامی دووستیان لێدرایەوە .

کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سلێمانی

دەستەی گشتی ئەنجومەنی‌مەرکەزی گەل لە پارێزگای هەولێر دەستەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنەکانی گەل لە قەزاکانی پارێزگاکەدا لە کۆبوونەوەیەکدا کە ماوەی هەینی رابردوو کردیان ، ئەندامانی دەستەی نوێی ئەنجومەنەکەیان هەڵبژاردبەسەرۆکایەتی بەڕێز عزالدین فیضی .

لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا شەش لیژنەی لقی دروست بکرێ کە بریتین لەسکرتاریەت‌و کاروباری کۆمەڵایەتی‌و کاروباری ئابووری‌و لەناوبردنی نەخوێندەواری‌و کشتوکاڵ‌و زەوی‌سازی‌و ڕۆشنبیری‌و راگەیاندن .

دەستەی گشتی راپۆرتەکانی ئەنجومەنەکانی قەزاکانی باس‌کرد کە تێیدا باسی چالاکیەکانی ئەم ئەنجومەنانە لە ماوەی رابردوو داهاتودا

بڕوانە : ل : ٧

راپۆرتی ناوخۆ :

بەرەو پلانێکی فراوان بۆکشتوکاڵی پارێزگای سلێمانی

جوتیاران لە سەرکردایەتی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دوانیکی داو وتی .

● لەم رۆژانەداو لەژێردروشمی (هەرنەتەوەیەك زیاتر بخوات لەوەی بەرهەمی ئەهێنێ‌و کەمتر بدورێتەوە لەوەی ئەی چێنێ کەنکی‌نیە)دابەرێز جعفر عبدالکریم حسین جێگری پارێزگاری سلیمانی چوارەم کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵی پارێزگای سلیمانی کردەوە بەئامادەبوونی هاوڕێیان راستگرو ئەندامانی‌سەرکردایەتی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی‌سۆشیالیست سەرۆکی زانکۆی سلیمانی‌و نوێنەری‌وەزارەتی کشتوکاڵ‌و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ‌و ئەمانەتی گشتی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌وجەماوەرێکی زۆر لە سەرۆك دائیرەکان‌و بانکراوان‌ئامادەبوون .

● لە سەرەتادا بەرێز جعفر عبدالکریم حسین سەرۆکی کۆنگرەکەو جێگری **پارێزگاری** سلیمانی وتارێکی خوێندەوەو تیایا پێخۆشحالی خۆی دەربڕی بەپێك هێنانی کۆنگرەکەو بەگەرمی بەخێر هاتنی هەمووانی کردو وتی زۆر ئاشکراو ڕونە کەلایەنی کشتوکاڵی لەوڵاتی ئێمەدا لایەنێکی گرنگی ئابوریمانەو پێویستە گرنگی تەواوی بدەینێ‌و سەرکردایەتیی سیاسیمان بایەخێکی یەکجار زۆری داوە بەم لایەنە گرنگەو هەردەم ئەیەوێت زیاتر بایەخی بدرێتێ‌و ئەرکی سەرشانی هەموانیشە کە دڵسۆزانە هەوڵی بڕەو پێدانی‌و زۆر گرنگی تەواوی پێبدەن .

● دوای ئەوە بەرێز سەرۆکی ناوچەی کشتوکاڵی پارێزگای سلیمانی وتارێکی داو بەدرێژی باسی باری کشتوکاڵی‌و پلانی گشتی سەرۆکایەتیەکەیانی کردو وتی .

× زۆر سوپاسی ئەرکی هەموو هاوبەشانی کۆنگرەکە ئەکەم‌و هیوای سەرکەوتنیان بۆ ئەخوازم‌و داوا کارم بەهەموو مانەوە هەوڵ بدەین کە دڵسۆزانە بگەینە پلانێکی سەرکەوتو بۆ ساڵی داهاتو ساڵی ١٩٧٩ بەتایبەتی پلانێك کە سەرکردایەتی سیاسیمانی‌ی لێ‌درازی بێت‌و بەتەواوی بنەڕەتی کشتوکاڵی لە سەر دابنرێت لەسەر بناغەیەکی وانە کراو هەڵقولاو لەناخی پێداویستی جوتیاران خۆیانەوە .

● هەروەها هاوڕێ لێ‌پرسراوی نوسینگای جوتیاران لە سەرکردایەتی شعبەی سلیمانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دوانیکی داو وتی .

× راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پلانی گشتی‌و سەرەکی داناوە بۆ ئیستراتیجیەتی کشتوکاڵ لە سەرانسەری وڵاتمان‌داو ئێستاش ئەم کونگرەیەمان لەکاتێکدایە کە شۆڕشمان گەلێ سەرکەوتنی بەدەستی هێناوە وەکو بەستنی کۆنگرەی باڵای بەغداو مۆرکردنی پەیمانی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵاتی‌برا عێراق‌و سوریا .

● ئینجا بەرێز نجم‌الدین سعید سەروکی بەکیەتی کۆمەڵە جوتیاریە هەرەوەزەکانی سلیمانی دوانێکی‌داو تیایدا داوای لە هەمووان کرد کە هەوڵی دڵسۆزانە بدەن بۆ هێنانەدی باشترین ڕێگا بۆ سەرخستنی بەشی کشتوکاڵ‌و دانانی باشترین پلان بۆ ئەو مەبەستەو ئەوەی دوپات کردەوە کە هێنانەدی باری تەکنۆلۆژیاو جاهێنانی ئامیری تازە لە لادێکان‌داو گرنگی دان بەم وەسەلەیە زامنە بۆ سەرخستنی هەموولایەنەکانی کشتوکاڵ لە لادێکانمان‌دا .

● ئەمانەو لەکۆتایی کۆنگرەکەدا راپۆرتی گشتی پلانی ساڵی رابوردوو پلانی **جاوەروان** کراوی ئەمساڵی سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی سلیمانی خوێنرایەوەو بەگشتی ئەوەی ئەگەیاند کە باری ئێستای کشتوکاڵ لە سلیمانیدا زۆر لە برەودایەو چاوەروانی باشتربشی لێ‌ئەکرێت‌و هەر وەها راپۆرتەکە ڕونی‌کردەوە کە بڕیاروابوە ١١٢٨٥٩ دۆنم زەوی بکرێت بەبەر هەمی هاوینە بەڵام ١٠٥٩٨٩ دۆنمی لێ جێ‌بەجێ کراوە کە ٩٤٪ ئەگەیەنێت‌و جێ‌بەجێ نەکردنی هەمووشی هۆی بێ‌بارانی بووە کە هەموو ناوچەکەی گرتبوەوە .

حمە سعید حمە کریم

له بڕیارێکی ئەنجومەنی‌راپەڕاندندا

دابین کردنی پێویستیەکانی قوتابخانەکانی سلێمانی

ئەنجومەنی راپەڕاندنی‌ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڕیاری دا پارە بۆ دابین کردنی پێویستەکانی ،قوتابخانەکانی پارێزگای سلێمانی ، لە تەخت‌و کورسی‌و پێویستی‌جۆراوجۆری قوتابخانە دابنرێ .

هەروەها بڕیاری‌دا کۆمەڵێك کادیری ئیشکردن لە دەزگاکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەمیندارە یە گشتیەکانی ئەنجومەن لە پارێزگاکانی ناوچەکەدا دابمەزرێن تا کاروباری ئەو دەزگایانە بە باشی بەڕێوە بەرن .

ئەم بریارانە لە کۆبوونەوەیەکدا دران کە ئەنجومەن ڕۆژی چوارشەمەی رابردوو بەسەرۆکایەتی بەڕێز محمد امین احمد جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ، کردی‌و تێیدا لە بارەی کاروباری بەڕێوەبەرایەتیەکان و پێویستی ناوچە کە دوا .

هەواڵەکانی هەولێر

وەرگیران لە ئامۆژگای‌بەرزی تەندروستی لە هەولێر

ئەمینداریتی گشتی‌بەڕێوەبە رایەتی کاروبارە کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڕیاری‌دا دەست بکرێ بە ناونوسین لە ئامۆژگای بەرزی پیشە تەندروستیەکانی هەولێردا .

لە هەر چوار لقەکانی ئامۆژگاکەدا (١٦٠) کەس لە دەرچوانی کچ‌و کوڕی خوێندنی ئامادەیی ـ بەشی زانباری وەردەگیرێ‌و ماوەی خوێندن تێیدا دوو ساڵەو ئەوکەسەی خوێندن تەواو دەکا شەهادەی دیبلۆمی فەنی دەدر یتێ لە لقەکانی یاریدەدەری پزیشك و یاریدەدەری خۆپاراستن‌و یاریدەدەری ئەجزاچیی‌و نەخۆشەوانی‌دا .

ئەوانەی لەبە شی نەخۆشەوانی‌دا وەردەگیرێن مانگی (٣٠) دیناریان لە ماوەی خوێندندا دەدرێتێ ، جگە لە جێی حەوانەوەو خواردن جل‌و بەرگ کە بەخۆڕایی دەیان درێتێ‌و ناردنیان بۆ ماوەی دوو مانگ بۆ دەرەوەی وڵات بۆ مەشق کردن پاش ئەوەی پۆلی یەکەم تەواو ئەکەن و شەش مانگ پاش ئەوەی پۆلی دەوەم تەواو ئەکەن .

دەرچوانی ئەم بەشە بە مانگانەی (٣٦) دینار دائەمەزرێن جگەلە موخەسەسانی پیشەیی‌و هی‌تر .

ئەمینداریتیەکە داوای لەو کەسانە کرد کە ئارەزووی وەرگیرانیان لە ئامۆژ گاکەدا هەیە و مەرجەکانی وەرگرتنیان تێدا هەیە ، داواکانیان لە ماوەی (١٥) رۆژدا لە رۆژی ٢٧ـ١٢ـ١٩٧٨ وە پێشکەش بە ئەمینداریتی گشتی لە هەولێر بکەن .

خانووبەرە لە هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی پارێزگای هەولێر دەستی کرد بە دروستکردنی بیست خانوو بۆ فەرمانبەران‌و عەمارگەیەك بۆ کارگەی دارتاشی لە هەولێر بە خەرجی (٢٨٧) هەزارو (١٢٤) دینار کە لە ماوەی ساڵێك تا شانزەمانگدا تەواو بکرین .

هەمان بەڕێوەبەرایەتی قۆنتەراتی دروستکردنی دە خانووی لە ناحیەی دیانەی سەربە قەزای ڕەواندز بە خەرجی(٥٩) هەزارو (٦٤٧) دینارو بە مەرجێك لە (٢) مانگدا تەواوبکرێ دا بە قۆنتەرات .

نیقابەی کرێکارە کشتوکاڵیەکانی پارێزگای هەولێر کۆڕێکی فراوانی بۆ ئیشکەرانی سەرۆکایەتی ناوچەی کشتوکاڵی کرد کە تێداباسی‌گرنگی‌ی لە ناوبردنی نەخوێندەواری کرد لە پێناوی پێشخستنی کۆمەڵ‌و خێراکردنی بەرنامەکانی پەرەسەندن .

لە کۆڕەکەدا ،سکرتێری یەکیەتی ناوخۆیی نیقابەکانی کرێکاران لە پارێزگاکەدا باسی ئاکامە شۆڕشگێڕانەکانی پەیمانی کاری نەتەوەی هاو کۆیی نێوان هەر دو وڵاتی برا ، عیراق‌و سەریاو دەوری چینی کرێکاری کرد لە پاراستنی ئەم دەسکەوتە مەزنەدا .

ئەم کۆڕە بەشێکە لە هەفتەی هۆشیارکردنەوەی ڕۆشنبیری کە یەکێتی نیقابەکانی کرێکارانی پارێزگاکە دەیکا و تێیدا (١٦) کۆڕ لە سەرکار دەگیرێ .

زیادکردنی جێگاکانی فرۆشتنی راستەوخۆ لە ئاوایی عەسریەکانی پارێزگای هەولێردا

بڕیاردرا جێگاکانی فرۆشتنی راستەوخۆ لە ئاوایی عەسریەکانی‌پارێزگای هەولێرو وەکالەتەکانی کۆمپانیای گشتی کەرەستەی خواردەمەنی‌و کۆمپانیای گشتی کۆگای عراق لە پارێزگاکەدا زیاد بکرێن .

ئەم بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکدا درا کە بەڕێز سیروان عبدالله ئەمینداری گشتی بەڕێوەبەرێتی کاروباری ئابووری‌و دارایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ ئیشکەرانی لقی‌هەردو کۆمپانیای ناوبراودا لە هەولێر کردی‌و تێیدا باسی مەسەلەی زیاترکردن‌و دابین کردنی ئەو شتومەکانەی لە گەڵیاندا کرد کە ئەو دوو کۆمپانیایە دەیفرۆشن .

هەروەها باسی پێویستی هەردوو لقەکە لە ئیشکەرو ڕێ‌وشوێنی چارەسەرکردنی ئەو کۆسپانەی کە ناهێڵن ئەنجومەکەکانیان بگەنە بازاڕەکانی پارێزگاکە کرا .

کۆڕێك لە دهۆك

بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی پارێزگای دهۆك هەفتەی رابردوو کۆڕێکی بۆ سەرۆکانی دایەرەو دەزگا بەرهەمی لیژنە نیقابیەکانی سەر بەخۆی پێك‌هێنا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی باشترین شێوەی بەکارهێنانی تواناکانی بەرهەم دانەوە .

بەڕێز یحی رشید پارێزگاری دهۆك داوای کرد کات تەرخان بکرێ بۆ کارکردن بە کارگە بەرهەمیەکان بەو توانایەی کە هەیانە ئەمیش بە بەکارهێنانی ڕێ‌وشوێنی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتوو .

کۆڕەکەباسی ئەو گیروگرفتانەی کرد کە رۆژانە دێتە بەردەم‌و دەبنەمایەی نەهێشتنی پێشکەوتنی بەرهەم ، هەروەها باسی پێویستی کارگە کانی‌بۆ ئیشکەری فەنی شارەزاو ڕێ‌وشوێنی دابین‌کردنی ئەو کەرەستە سپێرانەی کرد کە بۆ خستنەکارو چاککردنەوە پێویستن .

هەڵبژێرراوانی خوێندنی بەرز لە زانکۆی سلێمانی

لە پارێزگای‌سلیمانی ، ناوی ـ ٣٠ ـ قوتابی کوڕوکچ ئاشکرا کرا کە بەشی یەکەی ئەوانەن کە ئەم ساڵ بۆ خوێندنی بەرز وەرگیراون.

ئەم سی‌قوتابیە بۆ وەرگرتنی شەها دەی دیبلۆم‌و ماجستێرو ـ١٤ـ کەسیان لە زانستەکاندا و ـ١٢ـ کەسیان لە کشتوکاڵداو چواریان لە بەشەکانی ئەندازیاریدا دەخوێنن . ئەوەی شایانی باسە ، زانکۆ بڕیاری دابو کە ـ١٠٠ـ قوتابی کوڕ کچ لە خوێندنی بەرزو لەلقی جۆراوجۆر وەربگرێ .

بانگەوازێ

لە بەڕێوە بەریتی ڕۆشنبیریَ جەماوەر لە سلێمانی

بەڕێوەبەریتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی لیژنەیەکی لە هونەرمەندە شارەزاکانی سلیمانی پێك‌هێنا بەونیازەی پەیکەریکی تایبەتی بۆ چوار هونەرمەندە منالە کوچ‌کردوەکانی ڕێگای هونەری نەتەوەکەمان‌ـ کارزان‌و خەرمان‌و ئازدو ڕێبوار ـدروست‌بکرێ بۆ بەجێ‌هێنانی ئەم خزمەتە گەورەبە داوا لە هونەرمەندە تەشکیلیەکان دەکەین بیری هوشیارو پەنجەی ڕەنگینی هونەرمەندانەیان بخەنە کارو بکەونە خۆیان‌و تا ڕۆژی ١ـ٢ـ١٩٧٩ نموونە داهێنراوەکانیان پێشکەشی بەربەرپوەبەرێتی ناوبراو بکەن، تا بە گورجی ئەم‌کارە رابپەڕێنرێ . داواشمان لە هونەرمەندەکان ئەوەیە ئەم‌خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکەن :

١ ـ سکیچ بۆ هەرچوار لای بنکە پەیکەرەکە ئامادە بکەن .

٢ ـ نمونەیەکی بچوك لە لە بۆرەك ئامادە بکەن‌و پێوانەکانی لە سەربێ .

٣ ـ سکیچ‌و نمونەکە پێشکەش بە بەرپوەبەرێتی جەماوەر بکەن تا لە کاتی دیاری کراودا بخرێتە بەر چاوی ئەو لیژنە تایبەتیەی بۆ ئەم مەبەستە پێك‌هێنراوە.هەروەها مەرجەکانی دروست‌کردنی پەیکەرەکە بەم‌جۆرەیە :

١ ـقەوارەی پەیکەرەکە لە قەوارەی ئاسایی بچوکتر نەبێ .

٢ ـ شێوەی دروست‌کردنەکەی واقیعی‌بێ .

٣ ـ بۆهونەرمەند هەیە بنکەی پەیکەرەکەش خۆی دروستی بکا .

٤ ـ پەیکەرەکە لە برۆنز دەبێ بەڵام بنکەکەی مەرج نیەو ئەگونجێ هەر مادەیەکی شیاوی‌ی بۆ بەکار بهێنرێ .

ئەوەی شایانی باسە ئەوشوێنەی بۆ ئەوە دانراوە پەیکەرەکەی لێ دابنرێ دووەم فیلکەی شنەقامی شێخ محمودە.

هەروەها لیژنەیەکی تایبەتی پاداشتی شایان بەوکارە پیرۆزە پێشکەش بە خاوەنی سەر کەوتو ترین .

لیژنەی ئامادەکردنی پەیکەری هونەرمەندان لە بەربوەبەرێتی ڕۆشنبیریَ جە ماوەر لەسلیمانی

« هاوکاری » و کۆمەڵانی خەڵك

دوو قسە بۆ برایانی کاربەدەستی دەزگا جۆراو جۆرەکانی دەوڵەت

لە شوێنێکی ئەم لایەرەیەدا، بڵاوکراوەیەکی تەبری سەرۆکایەتی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بڵاودەکەینەوە کە داوا دەکا بایەخێکی تەواو بدرێ بەو شتانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەبارەی گیروگرفتی هاوولاتیانەوە بڵاو دەکرێنەوەو ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە بارەی ڕێ‌و شوێنی چارەسەرێ کردنی ئەو گیروگرفتانەوە ئاگادار بکرێنەوە . بەر لەمە ، بڵاوکراوەیەکی تری سەرۆکایەتی دیوانمان لەم بارەیەوە بڵاو کردەوە .

تکامان لەهەموو ئەو دەزگایانە ئەوەیە لەم بارەیەوە دەستی هاوکاریمان بۆ درێژکەن‌و لەپێناوی سوودی گشتیدا گیانی بڵاوکراوەکان جێ‌بەجێ بکەن .

هاوکاری‌و کۆمەڵانی خەڵك

● کاك عبدالرحمن ممندرسول لە ئامادەی پیشەسازی (١٧)ی گەلاویژی سلێمانیەوە نامەیەکی بۆ نوسیوین دەڵێ زۆر جار پاسەکانی دەزگای‌گواستنەوەی ناو شار ئەو قیتعەیەیان لێدەکرێتەوە کەناوی شوێنە کانی لەسەر نوسراوە ،بۆیە پیاو لێی تێك‌دەچێ‌و ئەوپاسەی ئەومەبەستیە دوای ماوەیەکی دوورودرێژ بێتیش ، ئەوا نازانێ هی کوێ‌یەو لە دەستی دەچێ . جاران خوێندەوار چاوساغی نەخوێندەوار بوو بۆ زانینی ئەمە ، بەڵام ئێستا خوێندەوارو نەخوێندەوارسەریان لێشێواوە .

کاك عبدالرحمن : ئێمە وا بانگەوازێك بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەزگای گواستنەوەی شاری سلێمانی دەنێرین‌و هیوادارین ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکات‌و چاوەڕێی وەڵامین .

● کاك خالد رحمن زێرنگەر لە رانیەوە نامەیەکی بۆ نوسیوین تێیدا دەڵێ تا ئێستا قەزا خنجیلانەکەی رانیە کتێبخانەی گشتی تێدا نیە تا خوێندەواران بەگشتی‌و قوتابیان بە تایبەتی سوودی لێ‌ببینن‌و داوا دەکا کتێبخانەیەکی گشتی لەوێ بکرێتەوە .

ئیمەش وادەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی کاك خالدو داوا لە بەڕێز قایمقامی رانیەو بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی پارێزگای سلێمانی دەکەین کە ببیر لە مەسەلەکە بکەنەوە چونکە کتێبخانەی گشتی ئێستا بۆتە شتێکی پێویست بۆ هاوولاتیان کە ئامانجی هەموو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری لایەکمانە .

● لە ژمارەیەکی پێشوی ئەم رۆژنامەیەو هەر لەم گۆشەیەدا هەندێ سرنجمان لە بارەی شاری هەڵەبجەوە بڵاو کردبۆوە . ئێستاش برادەر ابراهیم فرج اللە لەوێوە ئەم سەر نجانەی خوارەوەی بۆ ناردوین :

١ ـ نەبوونی هۆتێکی تایبەتی بۆ مەبەستی ئاهەنگ گێڕان‌و شانۆگەری .

٢ ـ کەمی قوتابخانەی ناوەندی بە جۆرێك کە قوتابیەکان تووشی‌سەغڵەتی‌بوون .

٣ـ نەبوونی یاریگا بۆ کاروباری وەرزشی .

بڕوانە : ل : ٧

Institut kurde de Paris

• چیرۆك •

دەنگی کوولەکە فرۆشێ



وەرگێڕانی : غفور میرزا کریم

ـ ناسك‌و برژاوە دەنگـــەکوولەکە ٠٠٠

ئـەم دەنگە تەنها دەنگ‌بوو کە سەر لە ئێواران بێ دەنگی‌و خامۆشـــی کۆڵانی گـــەڕەکی ئەرەوانەوە کاتی منالانی گەرەك ئەم دەنگەیان ئەبیست خێـــراڕایان ئەکرد دەستیان ئەکرد بە هاوار دەنگـــە کوولەکە فرۆش‌دەنگە کوولەکە فرۆش راوەستە واهاتین راوەستە واهاتین ٠

منالی گەڕەك هەموو بـــە ڕاکردن لە ماڵەوە ئەهاتن بۆلای هەربەکە پارەی خۆی نـــەداو ئەویش دەنگـــە کوولەکەی پێ ئەدان ٠ منیش هەموو جـــارێ چاوەڕوانی ئەم دەنگەم ئەکـــرد وەختێ ئەچـــوومە ژوورەوە ، بەڕاستی زۆر دڵم بەم دەنگـــە خۆش نـــەبوو هەســـتم بە ناسکیەك ئەکرد تیایـــا ٠٠ داوای بەزەیی هاتنـــەوەی لێ ئەهـــــات وە دڵو دەرونی ئەگرت ٠ ئەم هەستو نەستە بە چەشنێ سوارم‌بوو ناچـــاری کردم کـــە لە کونی پەنجەرەوە بڕوانمە دەنگە کوولەکەفرۆش‌لە کانگای دڵمـــەوە هەستم بـــە هێزێکی سەیر ئەکرد ئـــەم ویست وێنەی چڕوچاوی ئـــەم خاوەن دەنگـــە ماتەمینە ببینم ، تابزانم ئـــەمە کێیە ٠ منالێکی لەخەم رەخساوە یا لاوێکـــی خوێن گـــەرمە یا پیرێکە کـــە ڕۆژگاری تاڵو تفت پشـــتی چەمانۆتەوە یاپیرە مێردێکەکـــە هەژاری سەری سپی کردوە ؟ لەبەر تیشکی کزی چرادا دیم کە پیاوێکە تەمەنی ناگاتە پەنجا ساڵ ریشی سپی‌و لوچی دەم‌و چاوی وایی لێ‌کردبوو کەخەڵکی تەمەنی بە هەشتا ســـــال بداتەقەڵەم،وە ئەگەر بە وردی بڕوانیتە وێنەی دەم‌و چـــاوی بە باشی بیخوێنیتەوەتـــێ ئەگەی ئەو سپیە کەلاجانگی گرتوە هەمووی پیری نیە ، بەڵکو تاڵی‌و تفتی ڕۆژگـــاری لاوێتی بەم مەرەیەی گەیاندوە پشـــتی چەمانۆتەوەو ســـەری سپی‌و پێستی لەشی چـــرچ‌و لۆچ کـــردوە دڵـــم زۆر پێی سووتا وە لە ژێرەوە لە خـــوا ئەیارامەوە کە بەزەیی پیـــادا بێتەوە ٠ لە دواییدا گەڕامەوە سەر کورسیەکەم دەستم دایە کتێبەکەم‌و کەوتمە خوێندنەوە ٠

رۆژو هەفتە مانگ هـــات‌و ڕۆیشت ئەم دەنگە ماتەمینـــە هەموو شەوێ لـــە شەقامەکانی گـــەرەکدا ئەزرنگایەوە ٠ بێ ئەوەی خەڵکی گـــەڕەك لایان سەیربێت بەڵکو لایان ســـەیر بوو ئەگەر شەوێ لەشەوان ئەم دەنگەیان لێ ببڕێ دەنگی دەنگە کوولەکەی ناسك‌و برژاو ٠

نـــە ئێوارەی شەوێـــکی مانگەشەوی ساردو سەرمادا ٠٠ گوڕەکـــەم بەڕاکردن بـــەدەم هەناسە بڕکێوە هات پـــاش گەڕانەوەی لە دەنگەکوولەکـــە کـــڕین ٠٠ هاتـــە ژوورەوە هاواری کرد بابە گیان ئەو ڕۆژ نامە کۆنانەم نادەیتێ ڕوانیمـــە ناوچەوانی ئەم داوا کردنـــەم لاسەیربوو چونکە هەرگـــیز پرسیاری وای نەکردوە ، ووتم **ڕۆژە ڕژنامەی کۆنت بۆچی‌یە ؟**

ئەم پرسیارەم لێ‌کرد وە لە هەمان‌کات‌دا تەماشای ناوچاویم ئەکرد ویستم دڵو دەروونـــی بخوێنمەوە کەچی تەماشام کرد هەروەکـــو پرسیارەکەمـــی بەدڵ‌نەبێ ووتی :

ئەمەوێ بیدەم بـــە قاسم ئەفندی ، قاسم ئەفندی کێیـــە ووتی دەنگە کوولەکە فرۆشـــە منیش بەســـەر سووڕمانێکەوە هاوارم کرد ناشێ ئەو پیـــرە مێردە هـــەژارە بێ ؟ بـــەڵام ئەو دڵە خورپەیەی کە لـــــە چاوی کوڕەکـــەمدا دیم ئـــەو وەرس‌بونەی کـــە دوورنی‌یـــە بیگەیەنێتە گریان کە وەکـــو هەموو منالێکی تر ٠٠ لـــــەم هەڵویستەدا کـــە داخـــوازی قبوڵ‌ناکرێ ٠٠ ناچار بووم کە بڕوام بگۆڕم‌و پاش گەڕانەوە لە قسەکەم ووتم :

دەنگە کوولەکە فرۆش چـــی لەم ڕۆژنامانە ئەکات ؟

ئایا ئەیەوێت دەنگـــــــە کوولەکەی تێ‌بکا وەختێ ئـــەم پرسیارەی لێ بیسنم چاوێکـــی ڕق‌و سەرسووڕمانی لێ بـــادام ئەبوبست واتێ‌بگا ئـــــەم پرسیارەم بەڕاستە یا بـــۆ گاڵتەکردنە لە گەڵیا ٠٠ بەڵام منیش خۆم گرت ئەویـــش لەسەر قسەکەی ئەڕویشـــت نەخێر بابـــە بۆ خوێنـــدنەوەی ئەوێت ٠٠ وەختی خۆی موچە خۆر بووەو میری لەکـــــار دەستی کێشاوەتەوە وەخانویەـ کیشی هەبوو تیایا دانیشتبوو٠ کەپێش دوو ساڵ ناچاربـــوو لەبەر دەست کورتی بیفرۆشێ تاخۆی‌و ماڵو منالی پێ ڕژێنێ بـــەڵام ئیستا لەیەکی لـــە خانـــــووە قورەکانـــــدا ئەژی ٠٠ ڕۆژنامەی کۆنـــی ئەوێت تاچاوی پیا بخشێنێ دەنگ‌و باسی دەرەوەو ناوخۆ بزانێ چونکە زۆر بەپەرۆشـــە بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامـــەو هەرگیز ناتوانێ دەستی لـــێ هەڵگرێ ٠٠ وە وەکـــــو ئەشزانی لەبەر دەست‌کورتی ناتوانی هەموو ڕۆژی ڕۆژنامە بکڕێ وەلە جیاتی گـــــەوەی چەند پولیك دانێ بۆ کڕینـــی ڕۆژنامە پیویستی کچەکـــەی لە کتێبی قوتابخانە پـــــــێ جێ‌بەجێ‌ئەکا ٠ کچێکـــــی خنجیلانەی هەیە نابەوێت بـــە نەخوێنـــــدەواری بمێنێتەوە باوکی لە کۆشش‌دابـــە بۆنـــان پەیداکردن‌و نەهێشتنـــــــی ناتەواوی‌یەکانی قوتابخانـــــەی وەوەختێ زانیم ئاوەها دەســـت کورتە ناچاربووم ڕۆژانەکـــەی خۆمم دایە باوکی ووتـــــی : لێ‌ی وەرگرتی نەخێر بـــەڵام بەچاوێکی سوپاســـــــــەوە تەماشایـــەکردم فرمێسك لـــە چاویا قەتیس‌مابوو ووتی ئـــەم چەند پوولەم بۆ ئەدەیتێ ٠٠تۆ پارەی‌دەنگەکوولەکەت‌داومەتێ ئەمە پارەکەت مەیدە بەکـــەس بە خۆڕایی ٠

چونکە وەرگرتنی پارە لـــە خەڵك بە خۆڕایی وەدانـــــی بەخەڵکی‌تر هەر بە خۆڕایـــی کارێکی خراپ‌و نادروستە ٠ ئەمەی پێ ووتـــم‌و پارەکـــەی خستە ناو قوولی مستـــــم بەڕاستی من ترسام کـــــە لێم زویر‌ببێت‌و ئیتر لـــــە گەڵمانە دوێ ٠ بەڵام لـــــە ئێوارەیەکی تردا چاوەڕوانـــم٠کرد لە ماڵەوە وەختـــــێ بەبەردەمما تێبەڕی وەکـــو جاران قسەی لە گەڵاکـــردم داوای لێ‌کردم کە ڕۆژنامەی کۆنی بۆبهێنم تاالەبـــــــەر ڕووناکی چرای شەقامـــــــە کەبیخوێنێتەوەو بیـــــداتەوە دەستم بۆیە بابەگیان ئیستا هاتوم داوات لێ‌ئەکـــەم کە ئەم ڕۆژنامە کۆنە کەڵەکەبووە لەسەر مێزەکەت بمدە یتـــێ٠ باوکی ئەڵێت کوڕم دەبیبـــە ، کوڕە ڕۆژنامەکانی خستەن دەستی وەبە ڕاکردن بـــەرەو دەرگاکە ڕۆیشت بێ ئـــەوەی ئاوڕێك بداتەوە ٠٠ ئـــــەم گفتۆ گۆیە لە نێوان خـــۆم‌و کوڕەکەمدا دڵمی‌دا هـــــەژان خستمیە سەر سەودای ئەوەی تاانەم دەنگە کوولەکە فرۆشـــە بناسم خاوەنی ئەو دەنگـــــە ماتەمینە ٠

پێش شەوی جەژنـــــی قوربان پلەی ساردو سەرمـــا گەیشتبوە ڕادەیەك کەهێشتـــا دانیشتوانی پابتەخت لـــــە ساڵەکانی پێشودا سەرمـــای وایان بە خۆیانەوە نەدیبـــوو بەڕەنگی ئاوی ناو قـــاپ‌و قاچاغ هەموو بەستبووی‌خەڵکی بەناچاری خۆی ئەخزانە نـــاو پێخەفەوەو ئاگریان زیاتـــر ئەکردەوە تا گەرمیـــان زیاتـــر بێتەوە تۆزو خوڵیش بـــەری ئاسمانی گرتبوو وورده خۆڵ لە پەردەو پەنجەرەوە ئەهاتـــە ژوورەوە بۆ سەرو گوێلاکـــی خەڵکی ٠٠ گەڕەی ڕەشەباشـــی تایەت‌زیاتر ئەبێ ٠

لەم شەوەو لەوکاتـــــەدا خەڵکی گەڕەك وەکو جـــاران گوێیان لە دەنگی دەنگە کوولەـ کە فرۆش ئەبووەوە دەنگەکـــە ئەزرنگابەوە لە شەقامەکاندا ٠ کوڕەکەم بەبیستنی ئەم دەنگە ڕابەری ڕای کرد بۆ لای بـــێ ئەوەی گوێ بداتە ســـاردو سەرما ٠٠٠ وەمنیش هەڵسام بۆلای پەنجەرەکە تاتۆزێ‌بیکەـ مەوە تابڕوانیە دەمی چـــاوی ئەم داماوی هەژارە ٠ بـــەڵام بە داخەوە لەبەر تاریکـــی نەمتوانی ببینم وەختـــــێ کەهاتمە خوارێ وەڕاوەستام لەبەر دەرگا تاببینم تارماییەکم بە دووری چەند هەنگاوێـــك لەدەرگاکەوە دی لەشـــو ـ لارێکی لاواز دوو قاچـــی لەتیرۆك باریکتر لەپێ‌یەکـــی ڕووت‌و قووت‌دا پێڵاوێکـــی کۆنی ئەیتان پاڵتۆیەکی کۆنـــی پینەکـــراو لـــەملاو لـــەولا لەبـــــەردابو کلاویـــــکی نیشتمانی کۆنی لەسەرابـــوو ڕیشێکی درێـــژی بەردابـــۆوە کە با ئەی‌هێناو ئەیبرد٠ لەناو چاویا وێنەی ناخۆشـــی دەردو مەینەتی تیابا ئەبینرا ٠وادیارە کە قاچەکانی پە ووزەبانەمابوو خۆی لەبەردەم ئـــەم گێژەلۆـ کەیەدا بگرێ بۆیە بەچێچکانەوە لێ ی دانیشتبوو لەبەر دەرگای مالێك‌دا تا لە بە لای ئـــــەم ساردو سەمایە دوورکەوێتەوە چاوەڕوانی منالەکانی ئەکـــرد تا دەنکە کوولەکەی لێ‌بکڕن ٠ لەوەختێکا من بیر لەم ژیانـــە تاڵە ئەکەمەوە کە ئەم هەژارە ئەیباتە سەر لەگەڵ ئەو خۆشی ڕابواردنەی کە هەندێکی تـــر بارودۆخی هەمە ڕەنگە پشتـــی گرتوون تیا ئەژین ٠ لـــــەم کاتەدا کوڕەکەم لەبەر دەمما قووت‌بووەوە ڕوانیمـــە دەم‌و چاوی بینیم بیری دڵ شکـــاو بریندارە کە لێم‌پرسی چیتـــە ؟ ووتی :

قاسم ئەفندی هات

ووتم بەڵێ ئەزانم لە دەرگـــاوە دیم

ـ بەڵام

ـ بەڵام چی

ـ ئەم جارە وڕێنە ئەکا ٠

ـ دورنیە ٠ جی ئەڵێ ٠

ـلەبە خۆیەوە ئەڵێ خۆزگە چەند پولێکم ئەبوو چـــــی ئەکرد ؟

ئەڵێت پێڵاوێك‌و پاڵتویەکـــم بۆ کچەکەم ئەکڕی چونکـــــە بەڕێوەبەری قوتابخانە فەرمانی داوە پێـــڵاو لـــە پـــــێ‌کا یا نەیەتەوە **بە** قوتابخانـــــبەدا هەروەکو لەبەر بێ پاڵتۆیـــی سەرماو سۆڵەش کارێکی باشی نێ‌ئەکا ٠ بەکەم جارە کـــــە ئەچرپێنێ بە گەیەکەبەگوێماندا کە لەجیاتی پارە بۆ دەنکـــــە کوولەکە کڕین نان بهێنین ٠

لێرەدا ئەم توانی کـــــە فرمێســـکی چاوم بگـــرم ڕووم وەرگێـــڕا بـــۆ لایەکـــی تـــر تاکوڕەکەم نەم بینێ وادیـــارە ئەویش وەکومن بیر ئەکـــاتەوە وەلەحالێ من‌دایە ئەویشـــــ ڕووی وەرگێڕا بۆ لای دەرگاکە تافرمێسکی چاوی نەبینم ٠

لە کتێبی (هەڵیژاردە اـــە ئەدەبی تورکی‌یـــــەوە) وەرگیراوە کە خلف شوقـــی کردوویە بە عەرەبی لە سالـــی ١٩٣٤دا ٠

دووپارچە شیعری "ڕۆبرت فرۆست"

مێوانی مانگی تەشرینم

ئەفسوس ٠٠ کە ئەو جوانە لە گەڵمایە ٠٠
ڕۆژە ڕەشە گانی پایزی پڕ لە شەستەو باران
لەلای ئەو جوانترین ڕۆژانی ئەم ساڵە !
چەندیش ئەو درەختە ڕووت‌و وشکانەی خۆش دەوێ
دێت‌و دەڕوا ٠٠ بەسەر توڵە ڕێی ئەم کێڵگە شینەدا

• • •

خۆشی ئەو کچە ٠٠ لێم ناگەڕێ هەر ئاوا بوەستم
دەمدوێنێ‌و لاوازترم لەوەی گوێ شل نەکەم
ئاسودەیە ٠٠ باڵندەکان وا کۆچ دەکەن
ئاسودەیە ٠٠ جلە ساکارە بۆرەکەی
زەردە زیوی ئەو کەمە تەمەی لێ نیشتووە

• • •

ئەو دوورە دارانەی تەنیا ماون
زەوی مردوو ، ئاسمانی ئاوس‌و دانەپیو
ئەو دونیایە پڕ جوانیەی کە دەیبینێ
وا هەست دەکا ٠٠٠ من کوێرێکم نایان بینم
کاسم دەکاو پێم دەڵێ بۆ نایدرکێنی !

• • •

ئەم شتانە هی دوێنێ نین بیان زانم
چۆن ڕۆژانی ڕووتی تەشرینم خۆش بوێ ٠٠
پێش ئەوەی بەفر بە ڕوویا ببارێ
ئەفسوس کە لەگەڵیا بێ هودەیە
ئەوەش هەمووی ٠٠ زیاتر بۆ ئەو قەشە نگییە ٠

لە تەك ئەو دارستانەو لە ئێوارەیەکی بەفربارینا

ئەبێ ئەم دارستانە هی کێ‌بێ ؟ وابزانم ٠٠
کەلاوەکەی لەو گوندەیە
نامبینێ لێرە وەستاوم ٠٠ دەڕوانمە
دارستانەکەی بەفری بەسەرا دەبارێ

• • •

ئەو ئەسپە بچووکەی من گوێی ئەلەقێنێ‌و سەری‌ساوەوە
وەستاوم چ کەلاوەیەکیش نزیك نییە
تا لەنێوان دارستان‌و ئەم گۆمە پڕ شەختەبەدا
تاریکترین ئێوارەی ساڵ ڕاکشاوە ٠

• • •

زەنگولەی ملیم بۆ ڕادەژەنێ
ئاخۆ دەبێ من بە هەڵەدا نەچووبم
تەنیا دەنگیش کپی ئەم ناوە ڕاماڵێ
ورشەی بایەو ترپەی بەفرە

• • •

دارستانیش چەند کپ‌و تاریك‌و جوانە
بەڵام چی کەمن کۆمەڵە پەیمانێکم لەسەرەو ٠٠
چەند میلێکیش بەر لە خەوتن دەبێ ببڕم ،
چەند میلێکیش بەر لە خەوتن دەبێ ببڕم ،

• • •

شێرزاد حەسەن
لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی

دیدەنی شاعیرو دڵدارێکی بەوەفا «عەلی عارف ئاغا»

لەپرێکا هونـــەرمەندێك یان شاعیرو نوســـەرێك ماڵ‌ئاواییمـــان لێ‌دەکات ، شان‌بەشانی ئەم کۆچـــە خـــاوەن خامەکان لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانمان بە زۆر بابەتی تای‌بەتی خۆیان بۆ دەخەملێنن ٠٠٠ لەکاتێکا ئەو باس‌و لێکۆلینەوەیان هێشتا تینوی هەزارەها خۆزگەی نەڕواون ٠٠ وەك بڵێن : ئاخو فلان شاعیر بە تەواوی لە چ ساڵێکدا لەدایك‌بوە ٠٠ ؟ یان ئەم شیعرەی دەربارەی چی وتوە ؟

ڕاستی‌یەکەی ئەوەی زیاتر پاڵی پێوەنام لەگەڵ کاك قادر برسی‌و کاك جیهان علی ئەمین‌دا پێکەوە بچینە مالی علی عارف ئاغای شاعیر ، ئەو خاڵانەی سەرەوەبوو ، بێیـــە ئـــەو دوانەش چونکە کاك قادر خۆی شارەزای شیعرەو هەروەها کاك جیهان هەموو بەرهەمە شیعرەکانی عەلی عارف ئاغـــای لەدەمی خۆی‌ەرگوتوەو بەدەستی خۆی تۆماری کردون ٠

لـــەم چونەماندا بۆمـــالی شـــاعیر تامی نیوە کۆڕێکی دەبەخشی ،ئەوەبو سەرەتا شاعیر باسی بەسەرهاتی ژیانـــی خۆی وابۆکردین :

لەساڵی ١٩٠٩دا لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایك‌بووم ، باوکم عارف ئاغای کوڕی عزیز ئاغای بنەماڵەی ئاغا طەیە ٠ لەتەمەنی شەش ساڵیدا چومـــەتە لای مـــەلای مزگەوت (حوجرە)و ماوەیەك خەریکی فێربوون بوم٠ لـــە ساڵی ١٩١٦ ـ ١٩٢٠ لەبەر گێچەڵی شەڕی جیهانی یەکـــەم ماوەیەك لە خوێندن دوورکەوتمەوە ٠! لـــــە دوایدا چوومەتە قوتابخانەی سەرەتایی (نمونەی سعادەت)و پۆلی شەشـــم تیادا تەواوکردوە ، پاشان قوتابخانەی ناوەندیشم خوێندوەو ئیتر لەبەر کەم دەرامەتیمان دەستم لە خوێندن هەڵگرتوەو لە (محکمەی بدائتی سلێمانی) دامەزراوم‌و چـــەند وەزیفەیەکی میری هەمە جۆرم بینیوە ، بەم چەشنە مامەوە تا ساڵی ١٩٥٨ ئیتر خانەنشین کرام ٠

ئینجا عەلی ئاغا دەربارەی ئاشنایەتی خۆیی‌و شـــیعرو ئەدەب ووتی :

لە تەمەنی ١٠ـ١٢ ساڵیمەوە مەیلی شیعر خوێندنەوەم بوەو زۆر دڵبـــەند (معجب)ی شـــیعرەکانی نالی بووم ٠٠٠ هەروەها کوردی‌و سالم‌و شـــێخ رەزاو زێوەر کـــە ئەمەیان مامۆستای قوتابخانەشم بوە ، چێژێکی گەورەم لە بەرهەمەکانیان چەشتوە ٠

دوای ئەوەی نەختێك چـــوومە نێو کۆڕی شـــاعیران‌و ئەدیبانەوە ئیتر وردە وردە دەمنوسی‌و پیشـــانی شـــیعر نۆستانم دەدان‌و بەلایانەوە دڵگیر بوو ، ئەمـــە زیاتر ورەی بەرزکر دمەوەو هانی دام کەواز لە شعر نەهێنم ،هەرچەندە

ئێستا (٢٠٠ـ٢٥٠) پارچە شیعرم هەیەو بەشی زۆریـــان دڵدارین ئینجا کۆمەڵایەتی‌و نەتەوایەتی ٠٠ بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە دەستم‌کرد بە شیعر نوسین وە نەبێت (کابرا) ئاسایی شوڵم لێ هەڵکێشابێت بەڵکو ووتومە :

من شیعر ناڵێم کە خەڵکی پێم بفەرموێ شاعیرە
یابڵێن کابرا ئەدیبە یا لەمو لەو چاترە
من شیعر ناڵێم کەوا بخرێتە ڕۆژنامەو گۆڤار
یابڵێن بۆ ناوە ، بۆ سامانە یا بۆ خاترە
من شیعر ناڵێم هەتا هەستی دەرون سەوقم نەکا
چونکە زادەی هەستە ئەشعاریش نەسیحری شاعیرە
شیعرو هەڵبەستم نەکردوە سنعەتێکی دایمی
شیعرەکانم ناوبەناوە ، کەم کەمە ، زۆر نادرە

• • •

چەند ساتێك لەگەڵ قەسیدەی گوڵو خونچەی بەهاراندا ٠٠٠

ئێمە وازمان هێنا هەتا علی عارف ئاغا ئەو شیعرانەی سەرەوەی لە دیوانە دەست نوسەکەی خوێدا دۆزیەوەو بۆمانی خوێندەوە ٠٠ ئیتر داوامان لێ‌کرد کە دەربارەی قەسیدەی (گوڵو خونچەی بەهاران) قسەمان بۆ بکات : لە چ ساڵێکدا وتراوە ؟ بۆکێ‌بوە ؟ ئایا وەك شاعیرە کلاسیکەکانی پێشو بە خەیاڵ ئەو کەسەی دروست‌کردوە یان لەڕاستیدا وجودی هەبوە ٠٠!

ئالێرەدا شاعیر وەك هەرزەکارێك بێت‌و چەخماخـــەو یزیســـــکی خۆشەویستەکەی شـــادەمارەکانی دڵو دەرونی بەهەژەنێت ئەمیش هەر چەن ئێستا تەنگی بە ژیان هەڵچنیوە بەڵام هێشتا واهەست دەکەی هەمان خورپە بە هەموو ئەندامی لەشیدا تێ‌پەڕەکات ٠٠٠ یان لـــەوە بچی ئەو سوێنەی کە شاعیر بۆ ئەوی خواردوە کە تاماوە لە ژیانیا بیپارێزێت ئێستا وەك بڵێی تاڵە دەزوەکانی داتە دەست‌کەسێکی دڵسوزەوە، بەڵام وەك لێوی خۆی بگەزێ هەر ئەمەندەی پێ ووتین :

لە ساڵی ١٩٣٧دا کە تافی هەرزەکارییم‌بوە ، یەکـــەم بەرهاڵی نوێژگردنم بۆ مرۆڤێك‌و ئافرەتێکی کورد ڕاخست‌و هەزارەها نوێژی پەرستنم بۆ کردوە ٠٠! چۆن بڵێی نەکەم ؟ ئەوێك لە شیعرو خۆشەویستیدا منی گەیاندێتە ئەو پەڕی ئاسمانی خەیاڵ ئیتر ناهەقمە بڵێم :

درۆیە تۆ لەئینسان‌بی ، ئەمە ئەقلم قبول ناکا
پەریش حەدی نی‌یە وابێ ، ئەبەد حۆریش بە تۆ نابێ
بتی تۆ ئەتپەرستم من عیبادەت بۆ خوا ناکەم
ئەگەرچی ناگری جوملەی جەهەننم بۆم لەکارابێ !!!

• • •

لێرەدا پرسیمان : ئەو ئافرەتەی تۆ ئەم هەستەت بـــۆ دەربڕیوە ئەم قەسیدەیە دەهێنێت ؟ ئینجـــا دەزگیرانی ئـــەو ئافرەتە ووتی : ئێوە چی دەڵێن ؟ ئافرەتێك بوبێتە خولیای شەو ڕۆژی کەسێك‌و شیعرێکی بۆ بڵێت ، ئینجا ئەو شیعرە هـــەقی ئـــەوەی بداتێ پێی بڵێن شاعیرو ناوبانگیشی پێ دەربکات ٠٠!! بەلای خۆمەوە هێشتا کەمم بۆ ووتوەو لەبـــەر ئەوە ئەگەر ئێستاش بمابابە ئەو بەرماڵەی جاران کە ئێستا گەردو تۆزگرتویتی بۆم ڕادەخستەوەو هەموو نوێژەکانی‌ئەم چەند ساڵەشم بە (قەزا) دەگێڕایەوە ٠٠ ، ئەوەبو لێرەدا بە نەرمە توڕەبونێکەوە ووتی (هەتا حەدی عبادەت هەر عبادەتم بۆ دەکرد !!) بەڵام بڵێم چی گەردون ئەو گوڵدانە خاڵدارەمی لە ساڵی ١٩٥٠دا هەڕون هەڕون‌کرد ٠٠٠خۆزگە لـــەو دونیاش بە هەشت جێ‌گەی دەبوو ٠٠٠! لێرەدا علی ئاغا وەك نەیەوێت ئەوەندە لەسەر باسی ئەم دڵەڕێنەی بڕوات بۆیـــە ووتی :

وەك ووتم (٢٠٠ ـ ٢٥٠) پارچە شیعرم هەیە ٠٠ بەکەم بەرهەمیانم لـــە ســـاڵی ١٩٣٨دا لـــە زاری کرمانجیـــدا بڵاوکراوەتەوە ، ئەویش خۆم ئاگام لێی نەبوە بەڵکو کەسێك ئەو شیعرەی پێ جوان‌بوەو بۆی ناردون ٠ هەز وەها لـــە گۆڤاری گەلاوێژو ژیان‌و ژین‌و ژیانەوەو روناکیدا ناوبـــەناو ئەدەب دۆستان هەر شیعری منیان بڵاوکردوەتەوە لەوانە کاك جیهان علی ئەمین لە ڕۆژنامەی ژیندا هەندێکی بڵاوکردوەتەوە ٠

ئەمەش دوا ووتەی شاعیر کەپێی ووتین دوایخەینە پێش چاوی هەموو دڵسۆزێکی ئەدەب پەروەر :

بەڕاستی خۆم توانای ئەوەم نی‌یە بەرهەمەکانم بەچاپ بکەبەنم بۆیە ئەگەر بارید دەرێکم هەبێت‌وتاخۆیشم لەژیاندا ماوم پێم خۆشە بەرهەمەکانم بە چاپکراویی بەچاوی خۆم ببینم ٠

فریا عبدالله

Institut kurde de Paris

کورتەیەك لە بارەی کارەساتەکەی گۆیاناوە

کۆمەڵی سەرمایەداری ، ئێستا زیاتر لە پیاوێکی نەخۆش دەچێ کە چەندین دەرد لەیەکاتدا سەریان تێکردبی و هەر دەردە لەویتر کوشندەترو بێدەرمانتربێ ، ئەمیش لەبەر نەخۆشی ، شیرازەی کاری‌خۆی لەدەست دەرچووبێو خۆشی نەزانێ چی‌بکا ...

کۆمەڵی ئەمەریکیش کەنمونەی هەرە زەقی کۆمەڵی سەرمایەداری‌یە چاکترین ئاوێنەی دەرخەری ئەم واقیعەیە . ئەوەتە دەبینین ، لە باوەشی ئەم کۆمەڵەدا ، دزی‌وبیاوکوشتن ، رووت‌ـ کردنەوەو فراندن ، بەزۆر دەست درێژکردن ، ساختەـ کاری‌و قۆڵبڕین ، رموودەبوونی

حەشیشەو هیرۆیین‌و بیهۆشەری جۆراوجۆری‌تر .. هند رۆژ بەرۆژ ریابر پەرە دەسێنن‌و گەنجان‌و لاوانی بارەبێ بەیشتوو ، هەرکە چاو لە ناو کۆمەڵی نەوهادا دەکەنەوە ، تووشی دەیەها جۆر رێ لێ‌کۆڕان‌و وێل‌بوون دەبن ، بە جورێك نەگەر دایك‌و باوکیش هەول بدەن ـ کە نەوان خۆشیان کیرۆدەی داوی جۆراوجۆری هەمان کۆمەڵن ـ نەهێڵن منداڵەکانیان بە رێی چەوتدا بڕۆن، زۆربەی جارەکان هەوڵەکەیان بەفیڕۆ دەچێ‌و ناتوانن لە لافاوی گومڕایی رزگاریان‌بکەن .

هەر لە کێژەنگی ئەم وەزعە ناڵۆزەدا ، گوایە بە ئامانجی چاو ژێرکردنەوەو پەیداکردنی ریکای رزگاربوون ، دەیەها کۆمەڵ‌و تاقم‌و دەستەی سەیر پەیدا دەبن‌و خەڵك نە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە . خەڵکەـ کەش ، بە تایبەتی لاوان ، چونکە لەلایەن دەوڵەت‌و دەزگا کۆمەڵایەتیەکانەوە رێ‌نوێنیەکی ئەوتۆی‌عەمەلی ناکرێن کە بتوانن بە باشی بەرچاوی خۆیان فەرق‌کەن ، بە ئاسانی لەگەڵ ئەم تاقم‌و دەستەو کۆمەڵانەدا ئەڕۆن‌و چاکی چالاکی‌یان لەگەڵدا هەڵ‌دەکەن . ئیتر هی‌وا هەیە ، رێکای رزگاری لە ئاین‌دابەدی دەکات ، بۆیە کۆمەڵی ئاینی پێك‌دێنێ ، هی‌تر لە زانستدا بەدی دەکات ، بۆیە کۆمەڵی زانستی پێك دێنێ . هی‌تر دەکەوێتە تونەوتیژی‌و پیاوکوشتن‌و حەڵك رفاندن‌و سەرانە سەندن .

هەندێکی تر عەولی زیندوکردنەوەی فاشیزم دەدەن‌و لاسایی زەمانی نە گۆڕ‌نراوی فاشیەت دەکەنەوە ، ئاژانسەـ کانی جاسوسیەتیش دەورێکی چالاك‌و رێکوپێك نەناو گەڵێك لەم دەستانەداو لە ئاڕاستەـ کردنی چالاکی‌و جم‌وجوولیاندا دەبینن ، بە تایبەتی ئاژانسی بەدناوی جاسوسیەتی ئەمەریکا (سیا) .

● تێکڕای کارەساتەکە ●

رەنگە ، لەم کەس هەبێ کە لە بارەی کارەساتە ترسناکەکەی ئەم دواییەی نزیك شاری (جۆنزتاون)ی بایتەختی گۆیاناوە شتێکی نەبیستبێ ، کە لە رۆژی هەژدەی مانگی تشرینی دوەمدا بڵاویان‌کردەوە کەوا خەڵکێکی زۆر لە کۆمیۆنێکی نزیك ئەم شارەدا خۆیان کوشتوە . لەپێشدا زمارەکە لەدەوربەری (٤٠٠ ـ ٥٠٠) کەسدابوو ، پاشان هەر هات‌و زیادی‌کرد ، تا گەیشتە (٩٠٠) کەس . دەبێ ئەم مەسەلەیە چی‌بێ‌و ئەم نۆسەد کەسە چۆن خۆیان کوشتبێ‌و هۆی خۆکوشتنەکەیان چی‌بووبێ ؟ لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا ، هەوڵ دەدەین . هەندێ تیشك بخەینە سەر ئەم مەسەلەیە .

● جیم جۆنز کێیە ؟ ●

جیم جۆنز ناوێك ساڵی ٩٣١ لە شاری (لین)ی ویلایەتی (ئیندیانا)ی ئەمەریکا لەدایك بوو . پاش‌ماوەیەك باوکی

مردو دایکی ، بێ ئەوەی ژیانی خۆی‌و کوڕەکەی دابین بکا ، ناچاربوو لە کارگەیەکدا ببێ بە کرێکار . جیم گەورەبوو ، دەستی داری گرت ، بەڵام بە هەژاری‌و کولەمەرگی . لە کێژەنگی سەختی ژیاندا ناچاربوو ، بە رۆژ کاری‌بکاو بەشەو خوێندن تەواوبکا ، تا لە زانکۆی (بەتلەر) شەهادەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکیدا وەرگرت . بەڵام چونکە هەر لە منداڵیەوە ، زیاتر حەزی لە ئایندارى‌و ژیانی کڵێسە دەکرد ، بوو بە قەشەو لە چەندین کڵێسەدا قەشەیی‌کرد . لەم کاتەدا زۆربەی هەوڵی خۆی بۆ قەبوول‌کردنی قولە ڕەشەـ کان ، شان‌بەشانی سپی‌یەکان ، لە کڵێسەدا تەرخان‌کردساڵی ١٩٥٦ لە شاری ئیندیانا پۆلیس بەکەم « پەرستگای گەل »ی کردەوە . لەم پەرستگابەدا ، شان‌بەشانی فرمانی ئاینی ، شۆرباش بەسەر برسیەکاندا دابەش‌دەکرا ، کومیتەیەکی تایبەتی هەوڵی دەدا کار بۆ بێکاران بدۆزێتەوەو لە زوورێکی تایبەتیدا هەندێ نەخۆشیش تیمار دەکران . جۆنزو ژنەکەی ، هەشت منداڵیان خستە ژێر باڵی خۆیانەوەو کەوتنە بەخێوـ کردنیان ، کە هەر بەکەیان لە رەگەزێك بوو . ساڵی ٩٦١ ،

لیو ریان — جیم جۆنز



نەخشەیەك کە شوێنی پەرستگەی گەل‌و کوشتنی ئەندامەکەی کۆنگریسی ئەمەریکا نیشان‌ئەدا

بڕوانە : ل : ٧



داستانی ژیانم

شارلی شاپلن

ئەمین شوان لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویە بەکوردی

پاشماوەی نەسلی چوارەم -١-

رۆژی ناشتنەکە دەبوو هەموو لە نەخۆشخانە کۆبینەوەو لەویوە پێکەوە بچین بۆ گۆڕستان . سیدنی لەبەر ئیش نەیتوانی بێ . من‌و دایکم دوو سەعات بەر لە خەڵکەکە چوین بۆ ئەوێ ، چونکە دایکم دەیویست بەر لە کفن کردنی باوکم ، دوا خواحافیزی لێ‌بکا . کفنەکە لە سەتانی سپی دروست کرابوو دەسکە گوڵێك لای سەری باوکمەوە دانرابوو، کە دایکم پرسی هی کێیە ، یەکێك وتی بەیانی زوو ژنێك ، کە منداڵێکی بچووکی پێ‌بوو ، هێنای‌و داینا‌و رۆیشت . بە ناونانیشان ، دیاربوو ژنەکە لویس بوو .

ئەومان بە جێی هەقی خۆی سپاردو پاش ئەوەی هەرکەسە ، من‌و دایکم نەبێ ـ کە نەمان‌بوو ـ دەسکە گوڵی خۆی دانا ، خەڵکەکە بڵاویان لێ‌کرد . ئێمەش گەڕاینەوە ماڵ . کات گەیشتبوە نیوەڕۆیەکی درەنگ‌و هەردوکمان لەبرساندا ئەبنەڵ هەقمان دەکرد . دۆلابە کە گەڕاین ، جگە لە نەختێ گۆشتاوی ڕوون بەوڵاوە ئەشتەبای تێدا نەبوو . دایکم مانقرێکی شك نەدەبرد چونکە بەدێژەی ئەو ماوەیەی کە باوکم لە نەخۆشخانەبوو، دەستی هیچ کاری نەدەگرت . دوا دوو پەنس کە پێی بوو ، دابووی بە سیدنی بۆ ئەوەی نیوەڕۆژەی پێ‌بکا . خوای من‌و تۆ کردی لەوکاتەدا کابرای کۆنەفرۆش بەوێدا هات‌و دایکم کردی بە کۆنە سۆبەیەکی نەوتداو بردی بۆ کابراو بەنیو پەنسی پێی فرۆشت . نیو پەنیەکەی دا بە هەندێ نان‌و هێنامان لە گۆشتاوەکەمان گوشی‌و بێ‌ئەوە ناخۆش خواردمان .

چونکە بە گوێرەی قانوون ، دایکم ـ خوا نەیبڕێـ میراتگری باوکم بوو ! خەبەریان بۆی نارد کە بچێ بۆ نەخۆشخانەو هەرچی بەکی لەوێ هەیە وەری بگرێتەوە . چی‌هەبوو ؟ هەندێ شرۆشیتاڵ ، کە هەندێکیان خوێناوی بوون‌و جوتێك پێڵاو . کە هێنانیەوەو کەوتە جیاکردنەوەیان ، پێڵاوەکانی تەکان‌و شتێك زرینگابەوە . کە هەڵمان گرتەوە ، سەبر دەکەین نیو پاوەنیەکی ئاڵتونە . دەك بەرەکەت کەی! ئەمەیان دادەنی خوایە!

چەند هەفتە لە سەریەك پارچە سەتانێکی رەشم بەنیشانەی تازەبەداری بەباڵەوە بەستا . ئێواران گوڵم دەفرۆشت . بەهەر شوێنێکدا تێپەڕیمایە ، خەڵك، بەتایبەتی ئافرەتان ، بە بەزەیی‌یەوە گوڵەکەیان لێم‌دەکڕی . سەرمایەکەم نیو شلنگ بوو کە دایکم قەرزی کردبوو بۆم . بەو نیو شلنگە گوڵە نێرگزم دەکڕی‌و دەم‌هێنایەماڵ‌و دەمکرد بەدەسك‌و دەمفرۆشت . ئافرەتان کە بە پەڕۆی رەشی باڵەوە دەیان بینیم ،بە پەرۆشەوە لێیان دەپرسیم ئەوە کێت مردوە رۆڵە؟ منیش سەرم دادەگرت‌و بە کزیەکەوە دەم‌وت باوکم . کە دەهاتمەوە ماڵ ، جاری وا هەبوو پێنج شلنگم پێ‌بوو . بۆ بەدبەختی ، رۆژێکیان بە گوڵەکانمەوە چوومە مەیخانەیەکەوەو کە دەرچووم لە بەر دەرگا ووتم بە لووتی دایکمدا تەقی . ئیتر ئەوە دوارۆژی گوڵ فرۆشتنم بوو،چونکە گوڵ فروشتن لە مەیخانەدا بە زەرەر دەزانی بۆ ئایندەی‌و پێی وتم : باوکت ئارەق کوشتی‌و هەر پارەیەك کە هی ئارەق خۆرێ ، جگە لەبەدبەختی بەولاوە ، هیچی تری تێدا نیە بۆمان . بەڵام ، ئەو پارەیەی کە ئەو رۆژەدەستم‌کەوتبو بێیەك‌و دوو خستیە گیرفا نەوەو وەك‌گەزۆ مازوو خواردی !

فەلسەفە چوارەم -٢-

ئارەزوویەکی یەکجار توندی کاسبی‌کردن دابووی لە کەللەم‌و کەڵکەڵەی کارکردن هەرگیز مێشکی بەرنەدەدام . بەتاسەوە سەیری دوکانە چۆڵەکانم دەکردو لە دڵی خۆمدا دەم وت حەیفە پارەم نەبێ‌و لەم دو کانەدا دوکانێکی ماسی سووورەوەکردن یان چپس دروستکردن دانەنێم ئەو شتانەی کە هەڵمدەبژاردن زۆرتر لە بابەتی خواردەمەنی بوون،بەڵام مەسەلەی سەرمایە شتێکی زۆر دژوار بوو، بۆیە داوام لە دایکم‌کرد لێم گەڕێ واز لە قوتابخانە بێنم‌و بو خۆم دەست بە کاسبی بکەم .... چەند کارم ئاڵوگۆڕکرد : لە پێشدا لای کابرایەکی چلچرافرۆش بووم بە شاگرد . لای ئەوەوە چووم بۆ لای کۆمەڵە دوکتۆرێك‌و بووم بە بەردەستی کەریان . ئەم پیشەیەی دوایم لە سیدنی‌یەوە بۆ مایەوە . کارەکەم بریتی‌بوو لە سرەگرتن بە نەخۆشەکان‌و باك کردنەوەی جیگەکە پاش ئەوەی دوکتۆرەکان هەڵیان دەگرت . سرەگرتنەکەم بەڵاوە خۆش‌بوو ، بە باشی‌و بە ئارەزوەوە دەمکردبەڵام جێ پاککەریەکە تابڵێی ناخۆش‌بوو . بە تەنگەوە نەبووم شووشەی میز بەتاڵ بکەم بەڵام سڕینەوەی پەنجەرە زل زلەکان شتێکی گیان دەرهێن‌بوو ، بۆیە لەم‌لایەوە دامە تانی کەمتەرخەمی تەواو تائیزن درام‌و پیم وترا : تۆ بچووکی کەڵکی ئەم ئیشە ناگریت . کە ئەمەیان پێ وتم ، لە بێدەسەڵاتیدا دەستم کرد بە گریان .

بەکێك لە دوکتۆرەکان ژنێکی زۆر دەوڵەمەندی خواست‌کە خانوویەکی وڕاقی لە (لانگستەرگیت)هەبوو دڵی پێم سووتاو کردمی بە بەردەستیکەر لەماڵی خۆباندا . دەستم کەوتبوە رۆنەوە چونکە بووبووم بە پشیلەی دەستە مۆی هەموو کارەکەرەکان . وەکو منداڵێکی ساوا رەفتاریان لەگەڵدا دەکردم . بەڵام بۆبەدبەختی رۆژێك ژنی دوکتۆر پاککردنەوەی ژێرزەویەکی پێ سپاردم ، منیش گسکم گرتە دەست‌و چوومە ژێر زەویەوە . لەوێ لووڵە بۆرپەکی سەیرم بەردەست کەوت ، کە فووم پێداکرد دەنگێکی خۆشی

بڕوانە : ل : ٧

هێراکلیتس

فەلسەفە

پروفیسور والتەر هەلیچر
حمید عزیز کردوویە بە کوردی

ئەو زانیاریانەی لەبارەی ژیان‌و بەرهەمەکانی هێراکلیتسەوە هەن لە ئیستا ئەدەبی هاوچەرخدا بەرش‌و بڵاون‌هێراکلیتس لە بنەماڵەی پێ‌نەبرا . مەلەکی ئەفسوسەو کوڕەزای ئەندروکلوسی کوڕی کودروسی مەلیکی ئەسینایە . ئەگەر هێراکلیتس دەستی لە وەزیفەی راوێژکاری براکەی هەڵنەگرتبایە . لەفەبی خۆی ئەبوو ، پلەو پایەی کاهینی پەیکەری ئولوزیانای پێ‌نەبرا . گەوابوو دەبوو بە مەلیك ـ کاهین‌و پێ‌ئەیاندنیشی بۆ ئەم وەزیفەیە هەر ئەبوو کاری تێ‌بکردایە . بەم پێیە ئەو حاسی‌یەتانەی بەدڵ‌بووە کە دژی دیموکراتیەتن ـ بێزگرـ دنەوە لەگەڵ‌و ستایش‌کردنی « کەمایەتی » . و هەرئەمەشە هۆی شێوازە کە هەنۆتیەکەی . بەڵام هێراکلیتس بۆ دۆزینەـ وەی چەند چارەسەرێکی نوێ بۆ ناکۆکی‌یە کۆمەڵایەتیەکان پشتی بە زروفە کۆن‌و پەرپووتەکانی تیرەکەری ئەئەبەست . بەڵکو پشتی بە بەرەپێدانی ئەو هەڵ‌ومەرجانە ئەبەست کە لە شاری هاوچەرخی یوناندا ـ ئەوشارەی رژێمی کۆیلەیەتی ئەپاراست ـ پەیوەندی‌یان بە دەوڵەت‌و مافەوە هەبوو .

هەروەك پروفیسور جۆرج تومسون‌باسی ئەکات ، بیروڕا فەلسەفی‌یەکانی هێراکلیتس «ناوەرۆکی ماددی ئەریتە کۆنە بەردەوام دایە ، لە دروست بوون‌و لەناوچوونەدایە» . ئەم کاتیگۆرانە «سادەن بەڵام راستن» ، لەوەدا کە پەیوەندی بە رێی‌پێ‌بردنی واقیعەوەهەیە بەهەستەکان ، ئیمە «کاتێك ئەکەوینە ژێرباری ئەزمونی بیر ، سروشت یان مێژوی مرۆڤایەتی یان چالاکی تایبەتی مێشکیمانەوە» .. «ئەوا یەکەم شت کە دێتە بەرچاومان تابلۆیەکی تێکچڕژاوی بێ‌بڕانەوەی پەیوەندی‌و کرداری دەستیاوە ، چونکە هیچ شتێك وەك‌خۆی نامێنێتەوە بگرە هەموو شتێك ئەجولێتەوەو ئەگۆڕێ دروست دەبێتو ئەناودەچی» . هێراکلیتس‌و خاوەن‌بیر ـ مفکر ـ ەکانی تر لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو دوور کە بەبێ پابەندبوون بە چەند بیرێکی پێشوەوە سەرنجی جیهانیان‌داوەو لێی وردبوونەوەو بەم شێوەیەش رێیان بەو پەیوەندی‌یە دیالیکتیکی‌یانە بردووە کە تێیدان ، ئەوان قاڵبووی گیانی ئەم مەفهومە قووڵ‌و راستەن . وە نەمری‌ی هێراکلیتس ئەوەدایە کە یەکەم کەسە ئەم تێبینی‌یانەی داڕشتوە .

تەم‌ومژو شێواندن

ئەگەر کاتیگۆرەکانی هێراکلیتس کە بە «شێوازی کڵیسایی» دارێژراون بۆ چەندین رەخنەگری سەردەمی خۆیی‌و دواخۆی بە « تەم‌ومژاوی » دەرکەوتبن‌و ئەمەش بوبێتە هۆی ئەوەی لەفەبی «تەم‌ومژاوی» بەسەردا ببرێ، ئەوا ئەمە چەند هۆیەکی هەیە . هێرمان دیلز پسپۆڕی ئەڵەمانیابی لە «فەلسەفەی پێش سوقرات » لە کتێبەکەی‌دا ـ هیراکلیتیوس ئۆژن ئەفسوس ـ راستی کردووە کە وتویە : ئەگەر هێراکلیتس (تەم‌ومژاوی بێ ئەوا لە ڕوخساردا وابە «بەڵام لەمانای بیرەکانی‌و ناوەرۆکەکانی‌دا بەتەواوی روونە» ، جۆن‌بێرنت نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی لە کتێبە بەنرخەکەی‌دا (ئێرلی گریك فیلۆسۆفی) کە دەربارەی ئەم بابەتەبە ، بەراستی‌و بەجۆرە تەوسێکەوە رایئەگەیەنێ کە هێراکلیتس لە سەدە کۆنەکاندا بە «تەم‌ومژاوی» ناونراوەچونکە «ریواقیەکان هەندێ جار بەناچاریی دانیان‌پێدانانا کە چەمکەکانیان لەقسەکانی هیراکلیتس‌دا هەبووە» .

ریواقی بەناوبانگ دیوجینس مێژوونووسی فەلسەفەی سەدەی سێ‌یەمی زایین لەبەرگی نۆیەمی کتێبەکەی‌دا «ژیان‌و رێبازو دانایی

حێنەگی‌یەکان ئەپارێزن»و لە هەمانکاتدا « بەشێوەیەکی‌نوێ ئەم ناوەرۆکە ئەخەنە بەرچاو» . ئەو بەرەبەرەگانی‌یەی هێراکلیتس لەدیموکراتی کۆیلەیەتی کردی وای‌لێ‌کرد هەست بەبوونی هەموو ئەوانە بکات کە هەن‌و وای‌لێ‌کرد باشتر هەست بە کۆڕان بەشێوەیەکی گشتی بکات .

بەیەکەوە بەسترانی شتەکان

رێی بە سروشتی ئەبەدی‌ی گەردون ئەبرد ـ وای ئەبینی کە ئاگر یەکەم رەگەزی پێك ئەهێنێ ـ چونکە هەموو سەرەتایەك لە هەمانکاتدا کۆتاییەو هەموو کۆتاییەکیش سەرەتایە .

هەروەها دانی‌بەوەدا ئەنا کە بەیەکەوەبەسترانی دیاردە دژەکان لەچڕان نایەت «سارد گەرم ئەبێ‌و گەرم سارد ئەبێتەوەو شێدار وشك ئەبێتەوەو وشکیش شێ هەڵدەهێنێ» . جارێکی تر وتویە : «هەمیشە شتەکە خۆی لە ئێمەدا زیندوو مردووە، بەخەبەرەو نووستوە ، لاوو پیرە ، چونکە ئەمەیان ئەگۆڕێ بۆ ئەویان‌و ئەویان ئەبێتەوە بەمیان» . فرەدریك ئەنگلس ئەو « کاتیگۆزە راستانەی لە بارەی گەردونەوەن» پەسندکردووە کە هیراکلیتس بەم شێوەیە دەری‌بڕیون : «هەموو شتێك هەبەو نی‌یە ، چونکە هەموو شتێك شتی لێ پەیدانابێت ، چونکە هەموو شتێك لەگۆڕانی

فەلسەفەی‌یەکانی هێراکلیتس «ناوەرۆکی ماددی ئەریتە کۆنە فەلسەفە بەناوبانگەکان» بە گاڵتەپێ‌کردنەوە لەژێر ناوی «هێراکلیتس‌دا دوای ئەوەی وەسفێکی سەرکەوتووی ژیان‌و رێبازەکەی ئەکات ـ بەڵام بە جۆرە گومان لێ‌کردنێکەوەـ ناوی چوار کەسی تر ئەبات کە هەمان‌ناویان هەبەو چوارەمینیان پیشەی شانۆ نووسین‌بووەو پێشتر گیتاری لێ‌داوە» .

تا ئەمڕۆش هێراکلیتس لەدەستی شێواندن رزگاری‌نەبووە . لینین رونی کردۆتەوە کە چۆن لاسال مانای بیروڕاکانی هێراکلیتسی شێواندووەو «وەری‌گێڕاونەتە» سەر زمانی هیگل ـ واتە بۆ سەر مەنتیق‌و بیری دیالیکتیکی ئایدیالی‌یانەی هیگل ـ ئەوەی جێگای داخیشە لاسال دوای خۆی چەندین لایەنگری هەبووە .

«جەنگ» یاخود «ژۆرانبازیی » ؟

هێراکلیتس ، بەوپێ‌یەی دامەزرێنەری دیالیکتیکی ماددی عەفەوی‌یە لە سەدە کۆنەکاندا ، هێزو وزەی گۆڕانی ناوەکی لە ژۆرانبازیی دژەکاندا بەدی‌کردووە . لە قسەیەکی‌دا کە پێمان‌گەیشتووە سەرزەنشتی هۆمیرۆس ئەکات چونکە هاواری‌کردووە : «دەبا کێشەی نێوان خواوەندو خەڵك کۆتایی‌پێت» هێراکلیتس دەڵێ: «ئەو نەیزانیوە کە داوای لەناوچوونی گەردوون ئەکات ، خۆئەگەر دوعاکەی گیرابووبایە هەموو شتەکان لەناو دەچوون ..» .

ئەوەی لەمەوبەر دەربارەی لێکدانەوە هەڵەکە وتمان پەیوەندی بەو قسەیەوە هەیە کە بەردەوام هێراکلیتس وتویەتیەوە : «جەنگ باوکی هەموو شتێکە ..» ئاشکراشە کەمەبەستی هێراکلیتس لە «جەنگ» شتێکە زۆر لە شەڕو کێشەی چەکدارانەی نێوان شارەکان فراوانترە . ئەو مەبەستی «شەڕ» ، «کێشە» «ژۆرانبازی» یەو بەگورتی ، دژایەتی . ئەمەش لە ، دەربرینەکەیدا روونئەبێتەوە : «بەڵام پێویستە بزانرێ کە جەنگ‌سەرتاپاگیرەو ناکۆکی هەقەو هەموو شتێك لەسەر بنەرەتی ناکۆکی‌و بەرپرسیاری روونئەدات . کەوابوو دیوجینس لە سەر هەقە کە لەم بارەیەوە بڵێ : «دژەکان .. بەهۆی ئەوەو رەگەزەوە دەرئەکەون کە بەجەنگ‌و کێشە ناونەبرێ» ، بە پێچەوانەشەوە قسەکەی بێترانەد رەسڵ پووچە کە لە کتێبەکەیدا «هیستوری ئۆف ویسترن فیلۆسوفی» ئەڵێ : هێراکلیتس بڕوای بە جەنگە .

قانونە بنەرەتی‌یەکە

بەلای هێراکلیتسەوە رێك‌وپێکی زۆرنبا زیی‌و هەروەها رێك‌وپێکی یەکێتی دژەکان بەپێی قانونێکی نەگۆڕاوەوە پەیدانەبن کە «پێودانگەکانی» ناتوانرێ‌و نابێ بشێوێنرێ : واتە بەپێی قانونێکی مەوزوعی سەربەخۆ لە ئیرادەی مرۆڤەوە ، ئەگەرچی پابەندی کارتێکردنی خەڵکیشە، «مەنتیقی شتەکان» لەلای هێراکلیتس مەنتیقی میتافیزیقاییەکان نیەکەروواڵەتی دەرەوە دەستنیشان ئەکەن ، بەڵکو مەنتیقی «دیالێکتیکی سروشتە» هەروەك لە سەدەی نوێدا میراتگرە شەرعی‌یەکانی دامەزرێنەرانی‌دایلێکتیکی‌ماددی عەفەوی پۆنانی ناویان‌ناوە .

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لە میهرەجانی یادی «٧٣» ساڵەی لەدایك بوون و یادی «٣٠» ساڵەی دواکۆچی «بێکەس» دا

هەینی رابوردووتر ، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلیمانی، میهرەجانێکی گەورەی بۆ بیرەوەری ٧٣ ساڵەی لەدایك بوون و بیرەوەری ٣٠ ساڵەی کوچی دوایی شاعیری نەمر «فایق عبدالله بێکەس» ساز کرد .

میهرەجانەکە لە هۆڵی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی سلیمانیدابوو ، ژمارەیەکی گەلێ زۆر لە ئەدەب دۆستان و جەماوەر هاتبوون بۆ بینینی میهرجانەکە .

وتاری یەکێتی نووسەران :

کاك رووف بێگەرد لە لێژنەی رۆشنبیری یەکێتی نووسەران بە وتەیەکی بەخێرهاتن کردنی میوانەکان میهرجانەکەی کردەوەو دوای ئەوە قوتابیانی تەطبیقات و ئاواتی کچان سرووەدی «شاخی رەنگاو رەنگی گویژە» یان پێشکەش کرد کە یەکێکە لەو شیعرا نەی بیکەسی نەمر بۆ سرووەدی منالانی داناوە، دوای ئەوە وتاری دەستەی بەریوەبەری یەکێتی نووسەران لە لایەن سکرتیری ئیداری کاك اکرم قەرەداخیەوە خوێندرایەوەو وتی : (میژووی ژیانی بێکەس ، شانۆگەریەکی تراژیدیەو نمونەیەکی هەڵبژیراوی پالاوتەی ئەم نەتەوەیەیە کە خاوەنیەتی ، بۆیە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلیمانی بە پێویستی سەرشانی خۆی زانی کە لە یادی ٧٣ ساڵەی لەدایك بوون و ٣٠ ساڵەی دواکوچی ئەم قارەمانە مەزنەو ئەم شاعیرە هەمیشە زیندووەدا ، ئەم میهرەجانە رێك بخا .

دیسان وتی بالەم یادەدا خوێندەوە کە پتر لە سەعاتێکی خایاند . کاك محمد لە وتارەکەیدا باسی دەوری مێژوویی شاری سلێمانیی لە ژیانی ئەدەبی و سیاسیی کوردستانی خوارووداکرد و پەیدابوونی بێکەس و کەسانی وەك بێکەسی لەم شارەدا بەست بەو دیاردەیەوە .

پاشان هاتە سەرباسی ئەوە کە سولەیمانی بوو بە شوێنی قورسایی جوولانەوەی ئەدەبی و کولتووریی کوردو دوایی هەندێك لە ژیانی بێکەس و خەباتی دوا .

جا هاتە سەر لێکۆڵینەوەی باری تەکنیکیی شیعری بێکەس و باسی ئەرکی سەرشانی شیعری کرد وەك هونەرێکی جوان و پاشان بەدرێژی لەوە دوا کە باری باشکەوتووی کۆمەڵایەتیی خەڵکی گەلێ ولات ئەرکێکی تری خستۆتە ئەستۆی شیعر کە ئەرکی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەو ، ئەو ناکۆکیەی شی کردەوە کە لەنێوان ئەم دوو رووەی شیعرەدا هەیە و لەم رووەوە پاساوی هەر ناتەواوییەکی هونەریی دا کە لە شیعری بێکەسدا هەبێ .

ئەوجا بەدرێژی لە گەڵ رووی شیعری سیاسیی بێکەس کۆلیەوەو بە شاعیرێکی نەتەوەپەرستی سەرشۆڕنەکردووی کۆمەڵێ ناوبرد . لە گەڵ سەرەوە نموونەی بۆ ئەم جۆرە شیعرەی بێکەس هێنابەوەو شی کردەوە .

هەندێکیش لە باری دەروونی بێکەس دواو گەڵێ شیعری ئەوی گێڕایەوە بۆ ئەم بارە دەروونیەی . لەوەش دوا ڕاپەڕینەکەی کانوونی دووهەمی ١٩٤٨ کارێکی باشی کردە سەر دەروونو تێگەیشتنی سیاسی بێکەس و بۆ یەکەمجار فێری بەبەخی برایەتی و هاوبەشی کوردو عەرەب و پیاوو ژنی کرد لە خەباتاو تێگەیاندی کە بۆ رووخاندنی دوژمنی تێکۆشانی سەخت پێویستەو لە رووی ئەمپریالیزم و نۆکەرانیا تەنها شورش ئەتوانێ مافی گەل دابین بکا .

لە دەوری کۆمەلایەتیی بێکەسیش دوا لە بارەی ئازادیی ئافرەت و پروپووچی بەئابینەوە بەسەراوو شتی واوە .

ئەوجا پارچە شیعرەکەی گۆرانی خوێندەوە کە بۆ لاوانەنەوەی بێکەسی داناوەو بابەخێکی زۆری بۆ ناسینەوەی ڕاستەقینەی بێکەس هەیە .

لەدوایی وتارەکەشیدا پێشنیاری کرد لە ١٩٨٠دا یادی ٧٥ ساڵەی لەدایك بوونی بێکەسی زیندوو بکرێتەوەو لەبەرئەوە کە نازانین بێکەس لە کام ڕۆژی ئەو ساڵەدا لە دایك بوەو داوای کرد رۆژی شەشی ئەیلوول ئەو ئاهەنگە بگێڕرێ چونکە رۆژی لەدایك بوونی دووهەمی بێکەسە و بێکەس لەو رۆژەدا وەك تێکۆشەرێك ناوبانگی دەرکردووە .

● شیعریکی حسیب قەرەداخی :

ئینجا نیگار حسیب قەرەداخی ، کچی حەسیب قەرەداخی شاعیر ، ئەو شیعرەی باوکی خوێندەوە کە بەم بۆنەیەوە نووسیبوی و تیابدا دەڵی :

ئەدەر خەم ئەخۆم خەم ناڕە وایە
قەلەمی ئازاگریانی نایە
بۆیە ئەیادی شاعیری کەشا
ئەدرەوشێتەوە لە حەرفی ر ەشا
بۆ هەستی بەتین
رووی کردە نووسین
«بیکەس»ی مەزن
سۆزی دڵی من .

لە دوای ئەوە شاعیر عبدالله عباس نووسینێکی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە کە بریتی بوو لە دوو یادگاری هندالی لەگەل شیعرەکانی بیکەسی نەمرداو دوایی لە شێوەی پەخشانێکدا یادی شاعیری نەمری بەسەر کردەوەو داواشی کرد کە بیکەس شایانی ئەوەیە لە لایەن لیکۆڵەرە ئەدەبیەکانەوە بەوردی لێی بکۆڵرێتەوە .

ئینجا شاعیر شیرکو بیکەس کوڕی شاعیری نەمروتاری بنەماڵەی «بیکەس»ی خوێندەوە .. کە سوپاسی یەکێتیی نووسەران و میوانەکانی کرد بۆ سازکردنی میهرجانەکەو بەر لە وتا رەکەی پوستەرەشیعرێکی بۆ بیکەسی نەمر خوێندەوەو دوای ئەمە میهرجانەکەدوایی هات دوای ئەوەی نزیکەی سێ سەعات زیاتری خایاند .

پ. هاوکاری ـ سلیمانی

رۆوف بێگەرد

اکرم قەرەداغی

محمد مەلاکریم

نیگار قەرەداغی

عبدالله عباس

شێرکۆ

تەقەللای دڵسۆزانە لە خزمەت کردنی ئافرەتاندا

لە یەکێتی ئافرەتان لە هەولێر

لە گەشتەکەی ئەم دواییەماندا بۆ پارێزگای هەولێری مەلبەندی ناوچەی کوردستان سەرمان لە بارەگای یەکێتی ئافرەتانی هەولێرداو لەگەڵ خوشکە «پەیمان خالص» سەرۆکی یەکێتی دەربارەی چالاکیە کانی یەکێتی لە خزمەتی ئافرەتی پاێزگاکەدا گفتوگۆمان کرد .

خزمەت کردنی ئافرەت : لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە :

خوشکە پەیمان ئەوەی بۆ دووپات کردینەوە کە چالاکی رێکخراوەکەمان ، وەك رێکخراوێکی جەماوەری لە سنووردێکی دیاری کراودا نەوەستاوە ، بۆ نموونە رێکخراوەکەمان تەنیا بایەخ بە ژیانی تایبەتی ئافرەت نادات لەماڵەوەداو لە ژیانی خێزانیدا، بەڵکو لەوە فراوانترەو بەو رێ رەوەدا دەروا کە ئافرەت بگەیەنێتە شوێنی تەواوی خۆی لە تێکۆشانی گۆڕانکاری کۆمەڵدا بەرەو چاکترو ژیانێکی رووناکتر .

یەکەم : لایەنی رۆشنبیری:

لە رووی بایەخدانمان بە لایەنی رۆشنبیری ئافرەت کۆڕی رۆشنبیریو هوشیارکردنەوە بۆ ئافرەتان دەبەستین و ئەو چابکراوە رۆشنبیریانەی لە مەرکەزەوە بۆمان دێن لە لایەن لیژنەی رۆشنبیریەوە دەکرێن بە کوردیو بە ناو ئافرەتاندا بڵاو دەکرێنەوە ، لەباڵ ئەمەدا تەقەللایەکی زۆرمان داوە بۆ ئەوەی بەکیتیمان دەوری راستەقینەی خۆی لە راپەڕاندنی هەڵمەتی لەناوبردنی نەخوێندەواریدا بگێڕێ و ئەم تەقەللایەمان تەنیا لەناو شاری هەولێردا نەوەستاوە ، بەڵکو گەیاندومانەتە قەزاو ناحیەو گوندەکانیشو بەردەوام هەوڵی هوشیار کردنەوەی ئافرەتان دەدەین لە رووی ئەهمیەتی جێبەجێ کردنی تەواوی باسای هەڵمەتی لەناوبردنی نەخوێندەواریەوە .

دووەم : لە رووی تەندروستیەوە :

لەم لایەنەوە ، بایەخ بە ژیانی تەندروستی ئافرەت و دایکەکان و منالەکانیان ئەدەین و کاروو بارمان لەگەڵ دەزگا تەندروستیەکاندا سازکردوە . بۆ ئەوەی پێکەوە هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی ئافرەت لەرووی بایەخدان بە لایەنی تەندروستی جێبەجێ بێ ، بە تایبەتی لە لادێکانداو لەگەڵ دەزگای تەندروستی لادێدا ، بەسەرگوندەکاندا دەگەڕێین و داودەرمانیان بەسەردا دابەش دەکەین و باسی پێویستی پاك و خاوێنی خۆیان و ماڵ و منداڵەکانیان بۆ دەکەین و بۆ ئەم مەبەستە پزیشکی شارەزا لەگەڵ خۆماندا دەبەین .

خوشکە پەیمان روونی کردەوە کە یەکێتی تەقەللایەکی دڵسۆزانە دەدات بۆ ئەوەی ئیشوکار بۆ ئافرەتە بێکارەکان بدۆزێتەوە ، لە کارگەو دامو دەزگاکانداو دیسان ئاگای لە باری ژیانی ئەو ئافرەتانە دەبی کە ئیش دەکەن و بەرگری لە مافەکانیان و پێویستیەکانیان دەکا .

لە رووی بایەخدان بە منالانی ئەو ئافرەتانەوە دایەنگەمان بۆ کردونەتەوە (لە ژمارەی رابوردودا باسی ئەو دایەنگەیەمان لەهاوکاریدا بڵاوکردەوە ..) ، هەروەها بایەخ بە ژیانی خێزانی ئافرەت دەدەین و دەرگای یەکێتی کراوەیە بۆ گوی گرتن لە سکاڵاو گیروگرفتەکانیان و بە دڵسۆزی بە دەنگیانەوە دەچین .

لە دوایدا لە خوشکە پەیمان پرسی : رای چیە بەرامبەر وەزعی ئیستای ئافرەتی کوردو ئەو گۆڕانکاریەی لە کۆمەڵدا رۆویانداوەو دەرچونی یاسای ئەحوالی مەدەنی تاسیری تا ئیستا چی بوە :

لەم بارەیەوە وتی :

لەگەڵ دەرچونی یاساکەدا ، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی حقوقیەکانی هەولێر کوڕمان بۆ ئافرەتان بەست بۆ روونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی ئەو یاسایە ، بۆ ئەوەی بە تەواوی لە سوودەکانی بگەن کە خزمەتی ئافرەت و ژیانی خێزانی کۆمەڵ دەکا . ئێمە زۆر بە تەنگ ئەوەوەین ، کە پێشکەوتنی ئافرەت لە رێگای هوشیار کردنەوەیەوە دەبێ ، چاکترین رێگای هوشیارکردنەوەی ئافرەت و گەیاندنی بەرادەی دەرك کردنی بە ئەرکی سەرشانی وەك ئینسان بە لەناوبردنی نەخوێندەواری لەناو ئافرەتدا دێتە دی ، لەبەر ئەوە بایەخ زۆر بەوە دەدەین نەخوێندەواری لەناو ئافرەتدا بنەبڕبکرێ . ئافرەتی خوێندەوار دایکێکی هوشیارو کارگێڕێکی هوشیار دەبێ . هەست بە بوونی خۆی دەکا کە بتوانی لە کۆمەڵدا خزمەتی بەکەڵك بکات .

● بەشی لیکۆلینەوە ●

یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری

مادەی (١٩) :

هەر کەسێك لە پۆلی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەبێ بیانوویەکی ڕەوا لەمانگێکدا سێجار ئامادە نەبوو بە بەندکردن لە دوو رۆژ زیاتر نا بان بە پارە لە دوو دینار پترنا سزادەدرێت ، ئەگەر ئەم سەرپێچیە دووبارەکرایەوە سزادان هەر بە بەندکردن دەبێت بۆ ماوەی لە دوو رۆژ زیاترنا .

مادەی (٢٠) :

بە ڕەوا زانینی بیانووی نەخوێندەوارێك لە دەست بەڕێوەبەری ئەو مەڵبەندی نەهێشتنی نەخوێندەواریە دایە کە لێی دەخوێنێت .

مادەی (٢١) :

دادگا بۆی هەیە سزای بەندکردن کە لە مادەکانی پێشوودا هاتووە بووەستێنێت ئەگەر دەرکەوت زرووفی تاوانبار کراو وای لێ خواستووە .

مادەی (٢٢) :

ئەمانە لە سنووری ئەم یاسایە دەردەچن :

یەکەم : ئەوانەی کە هەڵمەتی بەزۆر نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناوچەی دانیشتن یان کاریاندا جارنەدراوە .

دووەم : ئەوانەی تووشی نەخۆشیەك یان ناتەواوییەکی لەش یان ژیری وەها هاتوون کە ناهێڵن لە پۆلی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا دەوام بکەن، ئەمەش سەرەکی ئەنجوومەنی محەلی پارێزگا ، بەپێی راپۆرتی پزیشکی لایەنی پەیوەندیدار ، هەڵیان دەبوێرێت و ماوەکەی دیاردەکات ، هەر کاتێکیش هۆی بەرهەڵست نەما هەڵبواردنەکەش نامینێت .

مادەی (٢٣) :

سەرۆکەکانی بەکە ئیداریەکان ، بۆ بەجێهێنانی بەندەکانی ئەم یاسایە دەسەڵاتی (حاکم جەزا)یان دەدرێتێ .

مادەی (٢٤) :

ئەنجوومەنی بەرز یان ئەو کەسەی ئەنجوومەن تەرخانی دەکات بۆی هەیە ئەرکەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری (چ بەشێك یان هەموو) بخاتە سەرشانی هەر عیراقیەکی خاوەن توانستی فێرکردنی نەخوێندەواران ئەمەش بەپێی (تعلیمات)ێك کە بۆ ئەم مەبەستە دایدەنێت .

مادەی (٢٥) :

هێزەکانی چەکدار نەهێشتنی نەخوێندەواری کارگەرانی خۆیان دەگرنە ئەستۆ بەپێی (تعلیمات)ێك کە ئەنجوومەنی بەرز دایدەنێت .

مادەی (٢٦) :

یەکەم : ئەنجوومەنی بەرز بە لێوردبوونەوەو لێکۆڵینەوەی روو بە ڕوو (میدانی) ئەو هۆبە سلبیانە دیاردەکات کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم هەڵمەتی گشتیی نیشتمانیی نەهێشتنی نەخوێندەواری چ بە تەواوی و چ لە بەشێکەوە تاکو چارەسەری لەناوبردنی بدۆزێتەوەو هۆیەکانی سەرکەوتن و رێگەی پێش کەوتنی دەست نیشان بکات .

Institut Kurde de Paris

شاعیری کورد سەید عەلی فندکی

● عبدالرقیب یوسف ●

سەید عەلیی کوڕی سەیدسلیمانی فندکی زانـــاو شاعرەکی کوردی بناڤوبانگە د کوردستانا تورکیادا خەلکی گوندی (فندك)ەژ ولاتی بوتان د وەلاتـی دیـاربەکـر بوتان خویندیە و هەتا ئیجازا مەلایەتی ژ شێخ حەسەنـی فندکی ودرگرتیە ئەویژی ژ مەلا عومەری زەنکانـی (باقـی شێخ سەید) ئەویژی ئیجازە ژ زاناو شاعری کورد شیـخ خالدی زیباری خودانی چیرۆکـا سیسـەبانـی وەرگرتە .

سەید عەلی دەرسا فەقهان ل چەند جیگایەکی وەکـــو فندك و جنیرو جذیرا بوتان گوتیە و سالا (١٩٦٨) دا چویە بەر رەحمەتی و گۆڕا وی دکەڤی پشت جامعا مەزنا جزیری .

سەید عەلی ژ بنەمالا سەیدێن فندکی یە ئەف بنەمالـە دێتیش دو سەد سێ سەد سالا ژ جهێ (غەرزان) هاتیـە بو باژێ سێرتی ــ سعرد ــ و مروڤێن زاناو بەرکەتی ژی رابونە وەکو سەید (حەسەنی خەطیب) یێ کو زاناو خەتیبەکـی ب ناڤو بانگ بویە د نیڤی ئیکێ یێ چەرخی نوزدەهـــی و گەلەك نەترس بویە بەرامبەر حامد ئاغایێ سێرتی ئـــەو زورداری کو ب فەرمانا (بەدر ــ خان پاشا) هاتیەکوشتـن هەروەها شیخ حەسەنی فندکی و کوڕێ وی مەلا ئەحمـەد زاناو بەرکەتی بونە هەروەکو سەید عبدولرەحمانی کـوڕێ سەیدعەلی گەلەك زاناو بەرکەتیە .

شاعری مە مرۆڤەکی زاناو بیرتیژو ئاخفتن خوشبویـــە جیوانەکی شعری کوردی پاش خوهێلایە و هەتا نهو نەهاتیـە چاپکرن و دانەبەك بدەستی خەتی کوڕتی وی محمد بابـــا ل نك مە هەیەو ژ(٤٤) هونراو بێك هاتیە هونراوێن رەوان و سادە نە یانی خوندەوارو نەخوندەوار تێدگەهن وکـــو شعرێن (مەلا ئەحمدی نالبەند) بەلێ هونراوێن سەیدعەلی پشکا پتر دەربارا دیانەت و دەست و برایەتیا راســـتو نەراستە و برە ژ شیرەت و پەندا ژبەر ڤی ئیکی هونراوێـن وی دنڤ خەلکی دا گەلەك بەلاڤ بونەو هندەك ئاخافتنێن وی وەکو پەندێن پێشیان بەلاف بونە .

سەیدعەلی د هونداوێن خودا گەلەك تاڤێژی هـــندەك زرشێخو زرمەلا یێن کو حیلو پیلا ل مرۆڤان نەزان دکـــەنو هەروەها گەلەك تاڤێژی ئەو کەسێن کەتنە پەی تەمەعکاری و مرۆڤایەتیو دوستایەتی هەمی خستنە ژێر پێ خویـــان هەر خرابی و هەڤرکی دکەن لەگەل هەف ولاتێن خویان دکەن جیوانا سەید عەلی ب هونراوەکی دەستپێدکە یاکو پیشیـا وی ئەڤەیە :

((عەلی رابە حەتا کەنگی تو غافل بی ژ بفی رەنگـــی
بشوقەلبی ژ ڤی ژنگی هەرە رێ راست د جەعدیدا))دو هونراو ب عەرەبی و ئیك ب فارسی ژی دیوانـا ویـدا هەیـــە ئەڤا خارێژی هونراوەکا ڤی شاعریە :

گەلەك گەریام ددونیا ئەز لقێنێ
بهەر کەسرا نەچوم نێچیرو صەیدێ
مە بازارکر ژ هەر سوك و دوکانان
مە دوستو برایەتی داپیرو جانان
ژ تەجریبا تو پێڤانو کێشانی
زەلالیك من نەدی هاتە عەیانی

مدهدا کەس بکەسرا نابێ سەیرێ
دزیڤا ل عیشێ خو هەر کەس دنێرێ
نەما ل هەڤدو دبورن دوستێ وەقتی
چەڤێ وا ل وێ یەکی کاکی بشەمتی
بپەرتێن ئەوان ب سەبو عتابێ
بخون گوشتێ وی وەك پشکێ کەبابێ
کو دوست بون جوست گەلەك فەرقی نەمینێ
تو چ دنیژی ژ عەکسی و بوغض و کینێ

حەڤامەك عالیە دەعوای دوستی
قەبول ناکت ژ غەیر راستو درستی
بەرێ بەیدادبون بێ تەعب و رەحتی
نهو تو ل وان دپرسی بونە قەحتی

کەسی ب خارێ ڤی وەقتی دوستێ صافـی
ژ خودا پێڤا بلا باوەرکی مافی
نە عەمرە ئەو نە بەکرە ئەو نە زەبدە
نە خالد ئەو نە بشرە نە عوبەیدە
تو نابینی ژغەیری دوستێ فەیدێ
ئەگەر فەیدێ نەبینێ یێ بفەیدێ
دڤێ بازارێدا عومرێ مە بوری
نەهات خارن ژ کەلیتی هن ژ شوری

خودا حەمین دزانن ئەز چ بێژم
نەلازم هەرچی زانم تەف برێژم
ژ کەسرا ئەز نەبوم دوستێ وەفادار
نەکەس مندی ژمن را بو ئەمەکدار

قەدا ل سەر ب کەڤێ ئەهلی زەمانی
مە بر هەتکو هلاکا دوستانی
(علی) وەقتا کو دی عیشێ هەڤالان
وەکە کیس و سەرێ خو کشانده کالان
دگەل وێ تەعبو وێ ئیشانێ کەربێ

دبو رازی هەما کو سەربسەد بێ
نە مالی ئەو دخازێ نە کەمالی
دخازی کوسەلامەت بینە مالی
هەما بو پالە ئەو لکەس نەنیرێ
لقونجا خانکێ خو خو قەشێرێ

شەڤو روژێ بهێژمێرێ ژ عومری
حەتا شەڤکێ بێت مێهقانی قەبری
سپارێ رەحمەتا ربی رەحیم بی
رجاکاری لدەرگاهی کەریم بی
دنیرم ئەز سەلامەت بویە وحدەت
تەڤل هەڤبون چ قاسێ بویە زەحمەت
خوزی وی نە کەس ناسکت نە کەس وی
لوێدێ بمری کەس نەگری لسەر وی
ئەیا رەبی تو مەو دوستان عەفوکە
لبـەر رەحماتـە عەیا مە بچوکە

× × ×

ئەڤا خارێ هندەکە ژ هونراوەکا سەیدعەلی :
گەل دوستو برا کا ببنە هوشیار
چ قەومییە دڤی وەقتو زەمانی
گەلەك دونیا بویە مەعشوق و شیرین
دنێری هەر کەسی دەس لێ وەرانی
لبن خەتێ تەرەکتورو تەلیسان
لسەر خەتی مهو بەرخو شڤانی

ژبەر حوکمی تەرەکتوران رەڤین خەلك
تونابینـی دگـوندادا دو خانی
لسەر کوزا پەزی شەررو قرێنە
ژ قر حەتا بچی زوزانێ بانی
هێن بێژن لقر هن نا والله ل قر
ئەمێ کێلکا دمابەینا خو دانی
دخـون سەد سوند ژ هەڤرا ئەو ب تەلاڤان
ئەوێ مالو روحێ خو لسەر ڤی دانی
ددن بەرتیل خورا مالی بزەحفی
بدەس هەڤ قا قەناچن نیڤێ نانی
ژ عشقا بەرخکا باف بەلکی باپیر
دکی ژبەر زارۆکاڤە بەرخەڤانی
مەلاکی وەصفێ جننەتدا د وەعظێ
گۆدارن چیمەنن جوبارو کانی
یەکی کوچەر دگۆ ژ خێرا خودێرا
بیا کوزا پەزێ من ئەو ڤی دانی

بوچی کورتە چیروك ؟

ــصدیق شرو ــ

کورتە چیروك پێنگاڤەکـانویە دتوڕێ کوردیدا بەلکـو دتوڕێ جیهانیدا بـــەری((سەدەیەکی)) یا هاتیـــە پێش چاڤ . ئەو ژی رەنگەکەژرەنگێت توڕی نوی دەستپێ کر لسەدێ ١٤ ل ئیتالیا ئـــو(جیوفانی بوکاچیو) خودانی چیروکێت ((ئەل دیکامیرون)) یێ رابـــو پشتـــی نەخوشیا طاعونێ بناڤ باژێرێ وی کەتی . دهەمی چیروکێت خودا پیتە ب کریارێ ب تنـی دکرو ژ دەلیڤێت ژیانـــن وەردگرتو ل سەر دناخفـتو دوو ماهیا وان ژێك فەکرن بو یان مرن بویان شویکرن بو .

پشتی هنگێ ((موباسان)) هات ل سەدێ نوزدێ و دیارکر کو کریارا مروڤەك پێ رادبیتو ب کورتە چیروکێ باش دهێتـــە دیارکرن ئەڤە دبینە دوزینەکا گرنگ دهاوچەرخـی نوی داو ئەڤ جونیە چیروکە ژ رەنگی هاوچەرخی دهێت وچیـروك نوس و نڤیسڤان دنێژن کـــو ژیان دەلیڤەیەو کومەکا کریارێت ژێك ڤەبویە ژبەر هندێ ئـــم دبینین کو ئەوێ دبشتـــی موباسان دا هاتین وەکـــی ((ئەنتون چیکوف ، کاترین مانسفیلد ، ئەرست ەمنگوای ،لویی بیرانرللو .. ئەڤـــە لدویف وێ چەندێ دچن .(١)

ئەم دبرسیارا خـودا دێ بێژین بوچی کورتە چیـــروك پەیدابو ؟ ژ پێ تڤێت کومەلـی . پشتی پێش کەفتی ژنو کـــچ دەرکەتن هەر وەسا مروف بـۆ خودان کەسپو کار ئـــەو دەمێ درێژ نەما بدەســتێ وی وگوفارو روژنامـــــە مشەبون رادیویێ بارا خـــو ژێ وەرگرت دەلیڤێت مروڤـی کێم بون دەستنادەت کـــو دوویان سێ سەعاتا روینیت دا چیروکەکا درێژ بخوینیت .

ڤێجا وەرن دا هێفکەبنە چیروك نڤیسێ کورد کا گەهشتی یـــە چ پایسك بان هەسپـــێ وی گەهشتی یە چو قوناغ ؟ رویبار عبه الرحمن خودانێ بنەفشوکێ سەر بەریەرێ روژنامـا هاوکاری ژمارە «٤٤٥» بنەفشوکـا وی چیروکەکێ تینتە بیرا مـــن ژ نڤیسینا چیروك ناسێ مـەزن « چیکوف» ب ناڤو نیشانێت (الشقاء) یا کو دەســـــت بوەصفی دکەت شوڕێـــنا بارانێو برقێنا عـــــەوراو هەڤهفا بەرمیچکێت بەفـرێو تەنگافیا باروفێو قارەمانـــێ چیروکا وی « ئەپونا بوتاپوف» مروڤەکێ گوفاندارو تەنگەژێن . ئەم نەشێین بێژین هەڤـــال روبیار باژ چێکو ڤی دزی هەر وەسا نەگەهیشتی یە پەیسکـا وی ژبەر هندێ نـــــەم چیروکاوی نادەینە بـــــەر ڤێ چیروکێ لێ مە دڤێت ئەم بزانین کا نڤیسڤانێ کـــورد چ کریە دڤێ دەلیڤێدا .

یان بەدێت کورتە چیروکـــێ بکار ئینابە مینا :

١ ــمروڤێت چیروکێدا

٢ جهێ کریارێ

٣ رستنا پەیڤاو مۆخـــل ــ کرناوان

٤ ــ هەل بژارتنا کریارێ

٥ ــ راچاندنو ئاڤاکرن

٦ ــ ئەزمان

نڤیســـــڤان « مروڤـــــەکی هەلدبژێریت خودان کـــولو گوفان تەنگاڤدبیت دخانیڤە پشـــتی باران فەدکـــەت دەردکەڤیت دا کەسەرێت خو فەرژێریت بسەر حـەودەکـا بنەفشـــوکا هەلدبیتو بـــو دباردبیت کو ئەو شـــیرەتا رازی کرنا یارا وی نە لهێـرە سەرهاتی یەك خـو لهزرا وی ددەت کـــو دلبـــەرەك گەل پەرێسەك یا هەی حـــەز ژگولا دکەت وەلێ ناگـــەهتێ مێرك قەفتەکێ دکەت ژ بو بارا خو ، دەمێ نڤێژاویە هەکـــو مارەك دهێتو قەفتا گـــولا دادعویریت و ئەو لســـەر فەرشێ نڤێژا » ئەڤە کورتیـا کورتە چیروکێیە کەسانێت چیروکێ ئێـــکە مە ناڤێ وی نەزانی تەمـــەنو بیشێت وی نەزانین جهێ کـــــریارێ ژ دەرڤەی گوندیە جوکا ئاڤـــێ حەودکا بنەفشوکا کانـــــی یا ئاڤێ فەرشێ نڤێژا رســـتنا پەیڤا جوانە برادەری «٧٢٥ » پەیف یێ ب کار هێنایە گەلەك یێ لسەر وەصفی راوەستای . پیتەپێ کرنا نڤیسڤانی یا هاتی لسەر « مەنەلوجا ناڤخو » وبزاڤا مروڤی یا ڤەهێـــلای، یێ شـــیای هزروبیریت وی مروڤی ڤالاکەتو ئەڤ تشـــتە دکەفتە سەر ملیت نڤیسڤانیو شیانا وی . بەلێ پا وەســـا دیاردبیت کـــو « خـــودانێ کریارێ » تێتە پالدانو هاژوتن ئانکو نڤیسڤان دئینیتو دبەت نەهاتنو چونەکا سروشتی یە، دبێژیت :

« نیڤرو بو دەمێ بارانـــێ ڤەکری ... وخو بەردا نـــاڤ ئاڤارێ گوندی» پاشی دبێژیت: « بەرێ خو دا روژێ درەنگـــە سیبەرا دارو باری یا چویـــە ئێك هنـــدە دێ نڤێـژا وی یا نیڤرو لێ چیت .

هەلبەت نڤیسڤانی نەهێلایە نڤێژا خو ل مال بکەت دەمـــێ دەرکەفتی ژ مال نیڤرو بو هەر وەسا دەمێ دراوەستا لســەر ئیڤا جوکێ نڤێژا وی ڤەهێـــلا ژبەر هندێ چنکو دەســـتکێ بنەفشوکا هێش نەکربـــوو کریارێ چیروکێ یێ کو دبیتـــە « عنصر مفاجأه » نەهـــاتبو ئەڤ جەندە نڤیسڤانی کـر دا « کریارێ » جهێ خو هـــەبیت لنك خاندەڤانی ، هەر وەســا کریـــارێ بکـــاردئینیت ژ رەمزەکێ « خورافی » مـــە پێ خوشە رەمز تیدابیت وەلـێ نە ل ڤی کاری کو مار دەستکێ بنەفشوکا داعویریت . رەمزێ نڤیسڤانی جوانە لوێ دەلیڤـا دبێژیت : « جەنگە لناف بەرا ڕوژێو ئەوراو چـو بەرڤـــان نبن ژێك ڤەکەن » لهێـــرە براستی یا پەقاندی چنـــکە ئەوە فەلسەڤا ژیانێ . هەگەر وەنەگوتبا کورتـــە چیروکا رویباری دا بینە ئیـــك ژوان چیروکا یێ ل ناڤ کتێبا «کلیلەو دمنە » دا .

شروڤەکرنا نڤیسڤانی چـو هەڤپشکی دگـــەل کریارێ مەزن نینە چنکو نە ژ ڤەدانـا کریاریە گەر هاتو مە ژێبر چو زیانا ناگەهینیت تڤیـــا وەصفێ ئەم ب چاڤێ «مروڤێ» دچیروکێدا ببینین نە بـــیـــی وێژەناسی هەر وەسا ئەزمـان دا نزیـــــکی زیالزمی بیت . وب ساغکرنا ژیانێ لدەمێ بیرا سینەم خانێ دکەت رێڤەچونـا چیروکێ تێتە وەرگێـــران . وناکوکی دەستپێدکەت قەفتا گـــولا هەلدگریتو غارددەت وەلێ ئایین « دین » دبیتـــە ئەگەرا ڤەهێلانا وی و داعویرانا گولا چنکو نڤێژێ دکەت هـەر وەسا نەشێت فەرشێ نڤێـژا بشکێنیت کـو ماری ب کوژیت ژبەر بوسامانەتی ولهـــێرە تەفنێ نڤیسڤانی بدووماهـی تێت . وەلێ تەقنێ خودێ نیاس تازە دەست براچانـــدنی دکـەت .

ژێدەر

(١) فن القصة القصيرة دكتور على رشاد .

چەند ئاڤروی و روونکرنەك ل سەر بەرتوکا «چەند شاعیرەك دهەرێما بەهدینان دا»

((بزاڤ ئەو بزاڤـــە ، ئار جهگرتینێ خوێیت ، پـر بهایت ، مێژوو فەگریت کـوکارە ، نەبرهیت بـــەر ئەپێت خویندەڤانو ئەدیبا .)) دکتور نافع ئاکـــرەی بەرهەمەکێ ئەدەبی بچویـــك خستیە بەر دەستێـــت خویندەڤانان . ل پێش ساپاسیاوی دکەم ژبو ماندی بوونـــا وی دوێ بزاڤو چالاکیێدا ،هیڤیدارم دکارێت پێشیدا پتر بهاو بنرخ بیت ژبـــــو خزمەتا پەیڤا کوردی ..

دکورتە پەرتوکا خۆ دکتـور بدلەکێ پڕ ئەڤینو سوهتـــی قیایە کارەکێ پێشنیـــاری خویندەڤانێ کورد بکـــەت لدوی شیانو توانایێت خۆ .. ناڤەرۆکا وێ پێنج کورتـــە ڤەکولینو لدیڤچوونەکـــە لبابەت ڤان شاعرێن ناڤدارو پڕ گران دهۆنەرمەندیـــا ئەدەبیاتێن کوردیدا ((مەلایێ جزیری و ئەحمەدێ خانـــی و فەقێ تەیرانو باتەیی و ئەحمەد موخلصـــن ، بیـــرو هزرێت من ، یان ئاڤـــرویو تیبینیێن من ل سەر پەرتوکـا دکتور نافعی دشێم رێزکـــەم بڤان خالێن خارێ :

١ــ هۆزانڤانێت نافـــدار پێدڤیێ ڤەکولینەکا نوی و کویرتر دبو نەکو بڤی رەنگێ کـــورت و کێم سەروکانی ، نەخاسمـــە ئەو ژدەرو گوتارو نڤیسینێت بنیادو سەرەکی ل بابەت خانی و جزیری و فەتێ تەیرانو باتەیی بەردەستن دبەلافکرنێـــت (د . عزالدین مصطفـــی رەسولو دکتور مارف وماموستا صادق بهاء الدین) داوگەلەکێن دی ژ کوردو بیانی . ئەڤجـــا پێدڤی بوروی کربا وان سەروکانیا بلا پەرتوك ب کورتی بیتن .

٢ ــ وەك دبینم لدوی ژیانو هۆنەرمەندیا هۆزانڤانێ (ژار) ــ احمد مخلص ــ ، دکتـــور دشیا گەلەك راستی و وێنەیێت هەبی و بەردەست کۆم کربـان نەخاسمە (مخلص) نەشاعرەکێ کەفنە ل مشەختبوینا خـــۆو هێشتا کەس و کارێـــن وی و هەڤال و هەڤچەرخێـــن وی دزۆرن .

٣ پەرتوك ژلایێ (چاپکرنێڤە) گەلەك کێم و کاسی تێدا هەنە . ئایا بێژین (ئەگـــــەر) ژ کاربەدەستێن چاپکرنێنە ؟ یان ژئامادەکەرێ پەرتوکێیە براستی بارێ مەزن دکەڤیتـــــە ل سەر ملێ دکتوری چونکـــە پێنەدڤیا پەرتوك پـــــرێ لەنگی و چەوتبیت ، نەخاسمە دپارچـــــە شـــــعرێت وانداِ براستی جهێ داخـی یە .

ژوان چەوتو لەنگێـــــت چاپکرنێ :ــ

بو نموونە :

بەرپـــەرێ ٥٧،٥٦،٥٥ ل ــ بابەت (خانیێ مەزن) ئـــەڤ پەبفێن خارێ بڤی رەنگـــو ئاوایی هاتینە دنێڤ شعرێـن وی دا :

(قەهنا ، بەمرێ ، دیـــن ، مالەتتەخ ، شەمراندا ، میلەك ، کتێباب ، وەیدا ، بمابی ... هەتا) .

مەبەست لڤێرە دکتـــور دشیا نڤیسینا خۆ باشتـــر روونکەت و دەسخەتەکـــا پاکترو ئاشکرا پێشکەش کەت و نەدبو ئەگەرێ ڤان چـــەوتو لەنگیا .

٤ ــ لەنگی و چەوتیـــت پەبفو رستەیا کو ژلایەکـــی زمانی ڤە .

دبەرپەرێ (٥) رێـــزا ئیکێ ئەڤ رستە بڤی ئاوایـی هاتیە نڤیسین :ــ

ــ بەهدینان دڤەرهەنگـــادا وەکو هاتیە دیـــارە بدوو ووشەیا پێك هاتی .

راستی ئەو بو بێژیت :ــ

ــبەهدینان دڤەرهەنگـــادا وەکو هاتیە دیارکـــرن بدوو ووشەیا پێك هاتی یە لاپـــەرێ نەهێ رێزا پێنجێ ئەڤ رستە وەسا هاتی یە :ــ

ــبەلێ ل کێ باژەیری یـــان گوندێدا .

راستی ئەڤەیە :

ــبەلێ ل کیش باژێری یـان گوندی دا .

چونکە « کێ» جینافەکـــە ژبو پرسیار تێ بو کەســـێت دگەل فرمانێت تێپەڕ هەمیشـە تێ وەك :

کێ گۆت ؟ من ، تە، وی ــ وێ ، وە ،وان بەلێ (کیش ــ کی ژ) جینافەکە دیسان بـــو پرسیارە بەلێ بو هەلبژارتنێیە لنافبەرا دوو کەسا ، تشتـــاو یان ژ کۆمەکێ وەك :

(کیش) (کی ژ)وە راستە ؟ یان :

ــ احمد عبدالله مصطفی ــ

بروانە : ل : ٧

مەم توفیای

من تـــو فیای
ژ دلەکێ تەژی نەفین ..
وان بوهارا
قەفتێن گۆلا
ژ دەشت و چیا نزارا
بەژنا تەرا
من شاندن خەلات دیاری ...
چ پاییزا
من نەدڤیا
تاکێن داربەرێ بهەژێن
بەلگێن چولی ژێ بوەرێن
نەك ببنە خەم
ل بۆهارا دلێ ت کوینێ خـــو ڤەدەن ...
ژڤستانا پری سەقەم
هەمی سالا
ژ دلێ من را ببو خەم
چکی دویرکربوم
ژ سەیرانا
سنگو بەرو
رویبو چاڤا
شیرین لێڤا ...
چ هاڤینا
من نەدڤیـــا
تیشکا رۆژێ بلند ببیت
ریا کانیکێ
بێ شەمالو سیبەر ببیت ...
نەکو ئەو دلوپێن خوهێ
ژ ناڤ مەما
ژ من رابن
سەروکانیا
کولو خەما
کولو خەما ــ
گریو رێمار هەمی دەها ...
یا من دڤیا
هەمی دەما
بۆهار هەبا
قەفتێن نێرگزو بەیبوینا
بەر بسکێن تەرا ببانا
ل دیدارێن
سەرکانیکێ
بەژنا تەرا کربان خەلات
دەمێ رۆژ ل مێرگا دلێ مـــن دهەلات ...
لێ گۆل پەری
وێ رۆژێ ڤە دلێ من مر
دەمێ گۆتی
یارا تە ژ نەهریمەنێ تاریـیـزا بر ...
هەر وێ رۆژێ
تافا خەما
ل دورێن دلێ من ڤەما ...
نەء ...چ جار وێ هـــزرێ نەکەی
ئەو کەسبم تە ژ بیربکەم
بەرپەرێ یادگارێن تـــە ژ دلـی دەرکەم ...
گەر تو نەبی
کانیك نەبن
دبدار نەبن
بوهار نەبن
هەر ئەزم دالدارێ جارا
رێفینگێ رێکا بەژنا تە
ژڤان دارێ گرنژینا وان لێفێـن تە ...

● مصدق توفی ●

Institut Kurde de Paris

بروسکەی پرسە «پاشماوە»

بۆ لاوانی وڵات ببەسترێ‌خرایە کاتێکی تر ..

لە لایەکی ترەوە کۆچی دوایی سەرەك بومدین کارێکی گەورەی کردە سەر وڵاتە عەرەبەکان‌و تێکڕا هەموویان ڕیاریان‌دا بەشداری خەم‌و پەژارەی گەلی جەزایر بکەن‌و بۆ ئەمەش هەر بە بروسکە ناردن نەوەستان‌و بەلکوو هەر وڵاتە بە پێی خۆی بڕیاری دا بۆ ماوەیەکی زۆر تازیەی بۆ بگرێ‌و ئالای خۆی دابگرێ‌و بەشداری ناشتنی تەرمەکەشی بکا .

کۆچی دوایی سەرەك‌بومدین هەر خەم‌و پەژارەی بۆ وڵاتە عەرەبەکان دروست‌نەکرد بەلکوو زوربەی وڵاتانی جیهانیش ماتەمی‌و خەمناکی خۆیان بە هۆی کۆچی خوالێخۆشبۆوە نیشان‌دا .

لە لایەکی ترەوە ئاژانسی دەنگویاسی عیراق هەوالی پێگەیشت کە بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر ، جێگری سەرەك کۆمار بەڕێز طە محی الدین لەبری خۆی دەنێرێ بۆ جەزایر بۆ ئەوەی لە ناشتنی تەرمی سەرەك بومدیندا بەناوی سەرۆك البکرەوە بەشداربێ . هەروەها سەرۆکایتی دیوانی سەرۆکایتی کۆماری بە بەیاننامەیەك ناسۆری‌و دڵتەنگی کۆماری عیراقی بە بۆنەی کۆچی‌دوایی سەرەك بومدینەوە ڕاگەیاندو بەم بۆ ئەیەوە بڕیاردرا بە ڕەسمی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ تازیەی لە وڵاتدا بۆبگیرێ‌و ئالای دەوڵەتیش تا ئەو ماوەیە لە سەر دایەرەو دەزگاکانی دەوڵەت دابگیرێ .

لە لایەکی تریشەوە باڵوێزخانەی جەزایر لە بەغدا ڕای‌گەیاند کە بە بۆنەی کۆچی سەرەك بۆمیدیەنەوە بۆ ماوەی سێ‌ڕۆژ لە باڵوێزخانەی جەزایر لە سەعات نۆی سەر لە بەیانی‌یەوە تا سەعات دووی دوای نیوەڕۆ پرسە وەرگرتن دادەنیشێ .

بەڕێز صدام حسین «پاشماوە»

سالانەیان بەچاکترین شێوەو بەهەوڵتی ناناسایی تەواوکردوە .

ئەوەی شایانی‌باسە بەڕێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ئەخشەدانان لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا کە بۆباس‌کردنی ئامانجەکانی تەخسیساتی ئەخشەی ساڵی ٩٧٩ گیرابو ، باسی ئامانجەکانی ئەخشەکەی کرد کە بنەڕەتە تایبەتیەکانی ئەو گۆڕانکاریەی تێدایە کە وڵات لە هەمو بوارێکدا بەخۆیەوە دەیبینێ .

هاوڕێ دکتور منیف الرزاز یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزب بەعسی عەرەبی سوشیالیست‌و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و وەزیران‌و هەندێ لە کاربەدەستانی دەوڵەت‌و شارەزاکانی‌و وزارەتی ئەخشەگێشان ئامادەی کۆبوونەوەکەبوون .

لە بارەی ئەخشەکەو شێوەی جێ‌بەجێ کردنیەوە ، ئەنجومەن کۆمەڵێ ڕاسپاردەی دەرکرد .

چەند ئافرو «پاشماوە»

کیش جوانترە ؟

دبەرسفادا جینافێت دگەل فرمانێت تێنەپەر بکارتێن وەك : « ئەز ڕاستم . تو ڕاستی . ئەو .. ئەم . هوون . ئەوان .. »

بفێ چەندێ ، ڤێ کورتە لدیف چوونێ بدوماهی‌تینم‌ژبو ئەگەرێ ڕوونکرنا چەند تێبینی‌و داخازا من ئافاکرنەو پێشکەفتنە ژبو هەر نفیسەفانەکێ کورد دخزمەتا رەشەنفانیا کوردی‌دا .

هاوڕێ صدام حسین «پاشماوە»

دەکا کە تائێستا کەم‌و کورتی‌یەك لە گیانی ماملەت کردن لە نێوان ئەفسەری بچوك‌و ئەفسەری پلە بەرزتر لە خۆی‌دا هەیە . زۆر لە ئێوە کە دەبێتە سەربازی یەك خەت‌و بەرەوژوور ئەوە لە بیردەکا کە ڕۆژی لەڕۆژان سەرباز بووەو کە چۆن ڕەخنەی لە گیانی ڕەفتارو ماملەکردنی نێوان خۆی‌و ئەفسەری‌ریزگرتوە .

ئەفسەریش کە دەگاتە پلەیەکی بەرزترو شوێنێکی بەرزتر ، ئەوەی لە بیر دەچێتەوە کە چۆن پێشتر گیانی ماملەکردنی نێوان خۆی‌و ئەفسەرێکی شوێن‌و پلەبەرزتر لە خۆی ڕەخنە لێ‌دەگرت :

لە بۆنەیەك لە بۆنەکاندا لە سەردانێ بۆ هەندێ لەو بەشانەی کە لە باشوورن ، هاوڕێ وەزیری بەرگریمان لەگەڵ بوو ، لەو سەردانەدا بە ئەفسەرەکانم وت : گیانی مامەلەکردنی ناو سەنگەرەکانی شەڕ لە نێوان سەربازو ئەفسەری ریزدا ، لە دۆخی ئاشتیدا بۆناو مەیدانەکانی مەشق‌لێ‌کردنی بگۆڕێ‌نەوە . نەموت ئەو شێوازی مامەلە کردنەی نێوانتان‌و نێوان سەربازو ئەفسەری ریز بگۆڕێ‌نەوە بۆ مەیدانی مەشق لە دۆخی ئاشتیدا کە لە ناوسەنگەرەکانی شەڕو ڕەوایەکانی بەرزایی شاخەکان ڕەفتارتان کردوە . بەلکوو وتم گیانی ئەو مامەلەیە بگۆڕێ‌نەوە ، چونکە جیاوازی لە نێوان شێوازی مامەلەو گیانی مامەلەدا هەیە . لام ڕوون‌بوو کە لە توانادا نی‌یە شێوازی مامەلەکردنی دۆخی جەنگ دەقاو دەق بگۆڕێتە بەرو لەدۆخی ئاشتیدا بە مامەلەیەکی ڕاست بژمێرێ لە نێوان فەرماندەو بەردەستەکەیدا یاخود سەرکردەدا ، بەلکوو مەبەسم ئەو گیانە مرۆڤایەتی‌یە خۆشەویستە گەشەبوو کە وا لە ئەفسەر دەکا لەگەڵ سەربازدا نان بخوا ،گیان ، ئەوەم پێ‌مەبەست نی‌یە کە ئەفسەر لە دۆخی ئاشتیدا لەگەڵ سەربازدا بخوا ، بەڵکوو گیانی ئەو ڕەفتارەم پێ مەبەستە کە وای لێ‌دەکا برام‌و کوڕم بەسەربازێ بڵێ‌و لەدۆخی شەڕدا برایانە بێ چونکە ئەمە زۆر پێویستە، هەمان گیانیش مامەلەکردنی مرۆڤایەتیش لە دۆخی ئاشتیدا دەبێ ،بەڵام بەشێوازەکانی تر . ئەقڵی مرۆڤ بێ‌توانا نی‌یە لەوەی کە ئەو شێوازانە هەڵبێنجێ کە دەتوانێ مرۆڤایەتی‌یەکەی بۆ بپارێزێ‌و لە هەمان کاتدا یاساکانی دابینکاریش بە ئەوپەڕی ڕادە بهێڵرێتەوە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە گەورانەی کە لەپێناویاندا لە ناو هێزە چەکدارەکاندا تێدەکۆشن ، هەروە کو چۆن برایانتان لە کارگەو کێڵگەو قوتابخانەو مەیانەکانی تردا تێدەکۆشن . جاران ،گیان لەنێوان سەربازی هاوڕێ‌و لە نێوان سەرکردەدا لە گیانی ئەو عەرەبانەی کەلەو گیانەوەو سەربەاری ڕێ‌وشوێنەکانی ئاسمان ، وەك بروایەك کە تەکان‌بدا بۆ ڕسکاندنی ئیرادەیەکی بەتوانا داری بەرەوپێشەوە چوون . گەیشتنە ئەو ناوچانەی کە بە درێژایی‌و پانایی زەوی دەیانزانن ئاوا بوو دابینکاری عەرەبیش کەم نەبوو دابینکاری‌یەکی وا کە لەدەمی شیر تێ‌ڕبو لەوەی کە دەست‌بدرێتە هێنانەدی ناخۆشترین جەنگ . هەمووتان مێژووی عەرەب دەزانن‌و لەسەرتانە زیاتر ئەم مێژووە بخوێننەوەو هەمووشمان لە سەرمانە زیاتری بخوێنینەوەو سەبارەت بە لێکۆڵینەوەو لێهەڵێنجانی دەرسەکاریگەرەکان کەم‌و کورتیمان لەمانا تێگەیشتن لەناوێنەی مێژوودا پێوە دیارە .پێش ئەوەی لەم هۆڵەدا بگەینە لاتان ،وام بەبیرداهات کە ژمارەتان بزانم ، ئەو ژمارەیەی کە ئیمڕۆ شەرەفی ئەندامیەتی وەردەگرێ ، بەو ژمارەیەوە کە ئیمڕۆ لە لقی زوورو شەرەفی ئەندامیەتی‌یان وەرگرت ، کۆمەڵێ پێشکەش بە حزبەکەتان دەکەن کە لەم دەستەیەو دەستەی لقی زوورودا شەرەفی ئەندامەتی‌یان وەرگرتوە ، لە ژمارەی ئەو تێکۆشەرانە نزیك دەبێتەوە کە تا شەوی ١٧/١٦و تاوەکو بەیانی ١٧ تەموززیش لەریزی حزبتاندا بوون .

حزبتان تەنیا بە حەفتا هاوڕێ لە نێوان هاوڕێ ئەفسەرو مەدەنی ئەفسەری بەعسی چووە ناو کۆشکی کۆماری‌یەوەو مرۆڤ دەپرسێ کە چۆن ئەمە بەحەفتا کەس دەکرێ . بێگومان هەروەها هاوڕێ‌یانی تریش هەبوون کە لەیەکێك لە وەکرەکانی‌کەدا کاریان پێ سپێرابوو ئەو بەختەیان نەبوو کە لە بەشەکانی تردا بن .. هاوڕێ‌یانی تریش لە لبوای زیپێوشی دەیەمدا هەبون‌و هەروەها هاوڕێ‌یانی تریش هەبوون کە لە شوێنەکانی خۆیاندا ئامادەبوون‌و هەروەها هاوڕێ‌یانی تری مەدەنیش هەبوون کە لە ناوچە هەستدارەکاندا کۆبوبوونەوە . بەڵام ژمارەیان هەرچەندێ بووبێ ، لە ژمارەی هەردوو بەشی هاوڕێ‌یانی ئەم جارەو جارەکەی لقی ژوورو کە دوورۆژ لەمەوبەر سوێندیان خوارد تێنایەڕێ .

هەر ڕێکەکەوێ کە مرۆڤ ئەوە بپرسێ کە چۆن ئەم کەمایەتی‌یە شەرعی‌یە دەستووری‌یەی سوپایەکی ڕەسمی هەیەتی ، سەرکەوت؟؟ ئەوان لە دامەزراندنی سوپایەکی ڕێك‌وپێکدا بەتەنگ فەرمانە تەقلیدی‌و پەروەردە یەکانەوە بوون .. چۆن ئەم کەمایەتی‌یە کەمە دەتوانێ لەڕێگای ناشەرعیەتی دەستووری‌یەوە ، ئەو شەرعیەتە دەستووری‌یە ببەزێنێ کە توانایەکی بەرفراوانی لە جیهازو بەدالەی تەلەفۆنی‌و ئۆتۆمۆبێل‌و فڕۆکەو توانای دارایی‌و تادوایی لەشتی تردا هەیە ؟؟ !

ئەوە لەبەر ئەوەیە کە لە هاوڕێکانتانداو لە حزبتاندا بۆ بەجێهێنانی کاری شۆڕشگێڕانە لە بنیاتنانی کۆمەڵگای نوێدا ، بۆ بەرزترین ڕادەی شەرعیەتی بیروباوەڕ بەرزبۆتەوە ،تاوەکو بەسەر ئەو شەرعیەتە دەستووری‌یەدا سەرکەوێ کە تا ئەوپەڕی ڕادەی دوورکەوتنەوە لە شەرعیەتی بیروباوەڕانە لای داوە .

لەبەرئەوە ، ئەی هاوڕێ‌یانی ناو هێزە چەکدارەکان ؛ ئێستا لە بەهێزکردنی کار ڕێك‌و پێکیدا ، چەکێکتان لەناو سوپادا بەدەستەوەیە کە زۆر لە سوپاکانی جیهانی سێ‌یەم نیانەو ئەویش چەکی‌باوەڕبوونە بە بەهانویکان‌و بەبیروباوەڕەکان .. و هەستکردنی سەربازو ئەفسەرە بەوەی کە بالاترین پابەندبوون، ڕێبازی هێنانەدی بیروباوەڕە. کە چی زۆربەی سوپاکانی جیهانی سێ‌یەم لە پابەندبووندا ، تەنها بە تێڕوانینێکی تاکی‌ی بیروباوەڕ کار دەکەن ، چونکە زوربەی ئەو سوپایانە پەروەردەی سەربازی‌بان لێ هەڵبراوەو ئاواتی گشتی شەخسیشیان لەگەڵ ئاواتی ڕژێمەکانی‌و پەروەردەی ڕژێمەکانی‌و ئەقڵیەتی ڕژێمەکانی بەیەکەوە نەلکاوە . ئێستا ڕێك‌وپێکی لەلاتان لەگەڵ ئەرکەنیشتمانی‌و ئەتەوەیی‌یەکان بەیەك دەگەن . ئەمەیە ئەو چەکە گەورەیەی کە ئەگەر بەباشی بەکارتان‌هێنا ، دەتوانن سەربازێکی نەبەز جاچ ئەفسەر بێ یاخود سەرباز یاخود ئەفسەری ریز ، دروست بکەن کە بتوانێ بەرادەی ڕێك‌وپێکی‌یەکە بەرزبێتەوە هەروەك دەشتوانێ بەرادەی تێگەیشتنی بیروباوەڕو بڕوابوون پێی تارادەیەکی وا بەرزبێتەوە کە گیانی ئەو سەردەمانە بنوێنێ کە هاوڕێ عزە ابراهیم لە مێژووی تێکۆشانی بابیرانتاندا ، بەر لەمە ، پەنجەی بۆ ڕاکێشا .

ڕێك‌وپێکی بەبێ بیروباوەڕ ناتوانێ گەیشتن بە بیرو باوەڕ بەدی بهێنێ ، بیرو باوەڕیش بێ ئیرادە ناتوانێ لە کارکردنا بەرەپێشەوە بچێ . ئەگەر بتوانرێ وای بۆبچین کە شۆڕشی تەموزی ١٩٦٨ بەربا نەبوایە ، ئێستا لە توانادا نەدەبوو دۆخی حزب بەم چەشنەبێ ! ئایا دۆخی ئێستای عیراق چۆن دەبوو !هەروەها ئاخۆ دۆخی عەرەب چۆن دەبوو لەبەر ئەوە ناتوانرێ بۆچوونێکی‌راست لە ڕێبازی گەیشتن بە ئامانجەکاندا بێ ، بەلکوو ئیرادەی پتەوو چالاك‌و ئامادەبوونی بەبەك بەستراوەوە لە گەڵ بۆچوونی ڕاستدا لە ساتی لەباردا ، مەسەلەیەکی زیندووی‌ترە . لەبەر ئەوە هەرچەندە ئێمە ئامانەوێ خۆمانی تێوەردەین‌و خۆمان بکەین بە لێکدەرەوەی ئایین ، بەڵام حەقی خۆمانە کە لێکدەرەوەی مێژووبین .. ئەمەش لەبەر هۆی بەکاری ناو مێژووەکەمانە ..

شتێکی ڕێکەوت نەبووە کە هەموو ئایینە ئاسمانی‌یەکان‌لەم خالەدا هاتبنە خوارو گەیاندنی گیانی ئایینە یەك بەدوای یەکەکان کە وتبێتە ئەستۆی گەلی ئەم خاکە ، خاکی عەرەبی ، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی کە بە پێی لێکدانەوە تەقلیدی‌یەکان گیان‌و ئەقڵی ئەتەوەی ئەم شوێنەی، لەسەر انطباع دەکرێ یاخود بێ طبع‌دەکرێ . لەم شوێنەدا توانای افتراض‌کردنی مامەلەکردنی مادەدە بۆ مامەلەکردنی گیان هەیە . نەك هەر ئەمەو نەك هەر ئەو سیفەتەش وای کردوە کە بۆ لە هەموو جیهان ، گەلی ئەم خاکە هەڵبژێرێ بۆ ئەوەی پەیامەکانی ئاسمان بەنیابەت لە ئەستۆبگرێ ، واتە پەیامەکانی ئاسمان کە بۆ گەلانی هەموو جیهان‌و تێکڕای مرۆڤایەتی نێرراوە بەجێ‌بهێنن .ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە گیان‌و ئەقڵیان دەتوانێ بەرگە بگرێ یاخود مانای پەیوەندیی بە گیان‌و مامەلەکردن لەگەڵ ئاسماندا هەڵسەنگێنێ‌و خۆ نقوم‌کردن بە تەنها لە یاساکانی زەویدا بەجێ بێڵێ ... واتە سەرەڕای ئەمەش وە بە ڕادەی گرنگی‌ی ئەم هۆیە بەڵکو لەوانەیە لە هەندێ لایەنەوە پەسندیشی بکەین‌لەبەر ئەوەیە کە ئەم گەلە توانای قوربانی‌دانی هەیەو دەتوانێ ئیرادە بەرادەیەك بەکاربێنی کەوای لێ‌بکا توانای بەسەر گواستنەوەی بەهاکانی‌ئاسماندا بشکێ بۆفراوانترین‌و دوورترین پارچەی سەر زەمین .عەرەب‌و ئیرادەی عەرەب بەم چەشنە بووە کاتێ ڕێ‌و شوێنەکانی ئاسمانیان بە قەناعەت پێکردن‌و هۆکانی ترەوە گەیاندۆتە دوورترین کووچەی سەرزەمین . کەواتە بوونی ئیرادە مەسەلەیەکی بنچینەیی‌یە . ڕاستە هیچ ئیرادەیەك بێ بڕوا نابێ وەك پێویست ،بەڵام هیچ ئامانجێك یاخود گەیشتن بە ئامنجێکیش وەك پێویست نالوێ کە وەك پێویست‌ئیرادەی لەگەڵدا نەبێ . لەبەر ئەوە ئێستا ئەومان لێ داوا ناکرێ کە تەنها وەك پێویستە لە عەقیدەکەمان بگەین بەلکو ئەومان لەسەرە کە وەك پێویست گەشە بە ئیرادەمان بدەین‌و وەك پێویست بەکاری بهێنین بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە عەقیدەو پەیامە مرۆڤایەتی‌و ئەتەوەیی‌یەکەمان‌لەم قۆناغەو قوناغەکانی داهاتوودا لەسەر ئەم بنچینەیە دەیکیشێ .

ئەی هاوڕێ‌یان هەریەکێك لە ئێوە نەك هەر سەرکردەیەکە لە سوپای عیراقدا بەڵکو سەرکردەیەکی گەلی عیراق‌و سەرکردەیەکیشە لە ئەتەوەی عەرەبدا بەحوکمی ڕێ‌و شوێن‌و یاساکانی ئەو پەیامەی لە ئەستۆتان گرتوە بەلاتانەوە ناشکرایە کە دەبێ ئەو کەسەی لەناو ئەتەوەی عەرەبدا دەبێتە سەرکردە ، پێویستە بەهەموو سیفەتەکانی ئەم سەرکردەیە ڕەفتاربکا کە لە پێشی هەموویانەوە ، لەسەر خۆیی بۆ بەهێزکردنی شەخسیەت‌و مەبدەئیەتە بۆ بەهێزکردنی کار .

ئەگە ڕۆژێ لە ڕۆژان لێتان تێك‌چوو کە کامیان دەکرێ‌و کامیان ڕاستترە ، ئاخۆ شێوازی دەوڵەت بۆ وەدیهێنانی بیرو باوەڕەکان یاخود شێوازەکانی حزب بۆ وەدیهێنانی بیرو باوەڕەکان بەکار بهێنرێ ؟ ئەگەر نەتوانی بە ڕوونی ئەمە هەڵبژێری ، لەسەرتە شێوازەکانی حزب هەڵبژێری ، چونکە هەڵەی تێدا لە هەڵەی شێوازەکانی دەوڵەت کەمترە کە هەڵەی دەبژێری

هەڵە هەیە کە دەبێتە هەڵەیەکی ستراتیجی‌و هەڵەش هەیە کە ناگاتە ئەم ڕادەیە ، بەڵام هەڵوێستی ڕاست ئەوەیە کە هەمیشە بە ڕوونی بزانی لە کوێ شێوازەکانی حزب‌و لە کوێ شێوازەکانی دەوڵەت بەکار دەهێنی‌و لە کوێ هەموویان لەڕێگای خزمەتکردنی بیرو باوەڕەکان لە نیاو حزب‌و دەوڵەتدا بەکار دەهێنی .

لە بواری دووپات کردنەوەوەداو بۆئەوەی دووپات کردنەوەکەش لەبەر ئەوەی کە لەپێشەوەو تراوەتەوە زامن بکرێ بەوەی ئەگەر بتوانرێ ئەرکمان لاوازترو کەمتربێ لەوەی کە لەسەرمانە بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی بیرو باوەڕەکان تەنها لە عیراقدا ، بەڵام ئەمە نرخی ئەو پەیامەیە کە ئێوە لە ئەستۆتان گرتوەو مێژوو بە نیشانەی پرشنگدار- یاد ناکرێتەوە وەك ئەوەی یادی ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە پەیامێکیان هەیەو لەو شوێنانە تێپەڕ دەکا کە تێیدان .. لەبەر ئەوە هەمیشە حساباتی ئەقڵی بۆ ئەمە دەکرێ .

بەڵام ، وریابن هەرگیز حیساب بە ئەقڵێك مەکەن کە دوورنێ لە هوروژمی خوێنی مرۆڤانەی بەسۆز کە پێویستە بۆ بەکار هێنانی ئەقڵ نەك بە شێوەیەکی بەرەودوا ، بەلکو بەکار هێنانی بەشێوەو بەرێگای هێرش هێنان .

پێویستە هەمیشە وربای شۆڕشەکەتان بن ، بەڵام هەرگیز نەکەن واتێ‌بگەن کە وریایی شۆڕش پێویستی بە پێویست‌نەبوون ، یان نائومیدی یان کوژانەوەی شۆڕش تەنها لە چوارچێوەی وڵاتدا .. دورکەونەوە لەسەرەڕێی ، بەڵام هەرگیز وانەزانن کە زات کردنتان تەنها بە بەدی هێنانی بیروڕا لە چوارچێوەی سنووری وڵاتەکەتانەوە دەوەستێ .. زۆر جار وریایی شۆڕش پێویستی بە سەرەڕۆیی حیساب بۆکراو لە پێناوی شۆڕش‌و بیروباوەڕدا هەیە .. بێ ئەمە ناتوانن ئەو پایامە بهێننە دی کە بیروباوەڕو بەهاکانی دەزانن، بەڵام هەرگیز بە باوەڕ داری بە بیرو باوەڕپێویستی بە بەدەستدانی شۆڕش هەیە ، هەروەکو وتمان هیچ بیروباوەڕیك نیە بەبێ بوونی ئیرادەیەك کە بەدی بهێنێ .. کەواتە ، بیروباوەڕ بێ شۆڕشێك کە پشێگری بێ‌بکا، بەم گیانە شۆڕشگێڕانەیە ، نابێ . هیوادارم سەر کەوتوبن بۆ خزمەتی گەلەکەتان‌و نەتەوە تان‌و حزبە کەتان‌و سوپا قارەمانەکەتان کە هیوایەکی زۆرمان پێی هەیە لە پێناوی خزمەت کردنی نەتەوەی عەرەبدا ، چونکە لەناو دەزگاکانی تەم سوپایەدا با شترین تێکۆشەرانی حزبمان لە تافیکردنەوەو ڕابردوی تێکۆشان‌و ئامادەیی ئێستا بۆ تێکۆشان‌و لە دوارۆژیشدا هەن‌و چونکە ئەم سوپایە لەلاین سەرکردایەتیەکەتانەوە بایەخێکی تایبەتی دەدرێتێ‌و چونکە هیوایەکی زۆر خراوەتە سەر ئەم سوپایە لە پێناوی ڕاگەیاندنی ئیرادەی پێکەوە بەستانی ئیمان بە بیرو باوەڕەوە لە پێناوی شتی زۆر .

چیرۆکی منالان «پاشماوە»

ڕای‌بکێشێ‌و بیهێنێتە دەرەوە .

لەوکاتەدا کۆمەڵێك مێروولە پەیدابوون ، سەرێکی تالە ئاوریشمەکەیان گرت‌و ڕایان کێشا . بە هەموویان توانی‌یان فالە ڕزگار بکەن .

قازە دڕندەکە لە نزیکەوە چاوەڕوانی ئەکرد فالە بێتە دەرەوە بۆئەوەی دیسانەوەخۆی پیشان بداو بیترسێنێ .

مێروولەکان بوون بە هاوڕێی فالە بەرابەر ، بەو یارمەتی‌یەی کە دایان زۆر سوپاسی کردن . ئەنجا هەموو دەستی یەکتری‌یان گرت‌و بە گۆرانی وتن کەڕانەوە بۆ مالەوە . قازەکەش کە ئەمەی دی‌و زانی چۆن ئەمانە یەکیان گرتووە ، پشتاوپشت کەڕایەوە دواوە

فالە پاش ئەم بەسەرهاتە بۆی ڕوون بووەوە کە باشتر وایە لەمەولا لەگەڵ هاوڕێکانی هاوکاری .او پشتی یەك بگرن .لەو ڕۆژە بەدواوە کچێکی ئەترس‌و زیرەکیشی لێ‌دەرچوو

کورتەیەك «پاشماوە»

شارداری شاری نیندیانا پۆلیس ، (جۆنز)ی کرد بە بەڕێوەبەری « لیژنەی مافی مرۆڤ »ی شارەکە . بەگوێرەی قسەی قەشەیەکی ئەر کە لەهەمان لیژنەدا لەگەڵیدا ئەندام بووە جۆنز توانایەکی تایبەتی سەرسوڕێنەری بەسەر خەڵکدا هەبووەو بە ئاسانی توانیویەتی بچێتە مێشکیانەوەو بیانباتە سەر قسەی خۆی . بە کوێرەی قسەی قەشەیەکی تر کە ئاسیویەو پێکەوە لە کلێسەیەکدا بوون ، پاش ماوەیەك جۆنز کەوتۆتە باسی ئەوەی کە ئەو ، واتە جۆنز ، هێزێکی تایبەتی لەخۆیدا شك دەبا ، بۆیە « دەبێ هەموو خەڵك خۆشیان بوێ » . هەرکەسێکیش بە پێچەوانەی ئەمەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکردایە ، هێرشی دەبردەسەرو بەزمان لەناو خەڵکدا بەتەواوی دەیشکان . لە ناکاوێکدا ، دەوڵەمەندیەکی زۆری لێ دەرکەوت‌و ئاشکرابوو کەوا چەندین خانوو بەرەی کڕیوەو پارەیەکی پێکەوە ناوە .

ماویەتی

داستانی ژیانم «پاشماوە»

لێوە هات ئیتر پێوەی مەشغوول بووم و ئاگام لە دنیا نەما تا ژنی دوکتۆر هات بە سەرداو وتی : ئۆیف ،بەخوا ئیشی چاکت بۆ کردووم ، تا سێ ڕۆژی تر پێت لەم ماڵەدا نامینێت .

هەندێکیش لای کۆمپانیایەکی بڵاوکردنەوەی دەنگوباس‌و کتێب فرۆشتن‌ئیشم کرد ئیشەکەی ئەمانم یەلاوە زۆر خۆش‌بوو . بەڵام هەر کە زانیان تەمەنم هێشتا نەگەیشتۆتە تەمەنی کارکردن دەریان کردم . دوای ئەوە تەنیا یەك ڕۆژ لەکارگەیەکی شووشەکاری ئیشم کرد . ئیشەکەم بریتی‌بوو لە فووکردن بە هەویری شووشەدا . بەڵام چونکە بە پێی جۆری ئیشەکە دەبوو ماوەیەکی زۆر لەبەردەم فڕندا ڕاوەستم ، گەرما پڕوکاندمی‌و لە هۆشی خۆم چووم‌و ئیتر ئەو پێ‌پێوەنانەی پێم پێوەنا ، تەنانەت بۆوەرگرتنی ڕۆژانەکەشم سەرم پێدا نەکردەوە . پاش ئەوە خبرەومەندێك لەسەر مەکینەیەکی یەکجار زلی چاپکردن دای مەزراندم . بە باشی دەستم نەدەگەیشتە لەولەب‌و یایەکانی مەکینەکە ، بۆیە کابرا ناچارما تەختەیەکم بۆ دروست‌بکا تا لەسەری ڕاوەستم . تەختەکە پێنج پێ لە زەمینەوە بەرزبوو . کارکردن بەم مەکینەیە لە کاشی منداا نەبوو . بۆیە کابرا گواستمیەوە بۆ سەر کارێکی‌تر هەفتەی بەدوانزە شلنگ .

- ماوێتی -

هاوکاری «پاشماوە»

٤ ـ کەمتەرخەمی کردن لە بارەی پاك و تەمیزی شەقامەکانی ناوشارەوە .

٥ ـ کەمی پۆلیسی هاتوچۆ لەناو شارەکەدا . ئەوەی شایانی باسە یەك پۆلیسی هاتوچۆکردن لە هەموو هەڵبجەدا هەیەو تا ئێستا چەند کارەسانی ئۆتۆمبێل ڕوویداوە .

● **کاك محمد رسول لطیف** گوندی شیخ حاجی سەر بە ناحیەی خەڵەکان لە نامەکەیدا دەڵێ دێ‌یەکەمان یەك کیلۆمەتر لە مەلبەندی ناحیە دوور نیە، کەچی لەوێ کارەبا هەیەو دێ‌یەکەی ئێمە هێشتا بۆی ڕانەکێشراوە .

ئێمەش وا داخوازیەکە دەخەینە بەردەمی بەڕێوەبەری ناحیەی خەڵەکان و چاوەڕوانی وەڵامین ..

● **کاك ش . س** لە ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆ: تا ناوی تەواوی خۆتمان بۆ نەنووسیت ناتوانین هیچ دەربارەی نامەکەت بڵێین . سەرەڕای ئەوەی ئێمە وای بە باش دەزانین ترپینیەکانت لەگەڵ ئەو کەسە خوێدا باس بکەیت .

- سوپاس -

بە ناوی خۆمان‌و هەموو خزمانەوە ، بەدڵێکی گەرمەوە زۆر سوپاسی هەستی دڵسۆزی‌و برایەتی هەموو ئەو خوشك‌و براو دۆست‌و دڵسۆزانەمان ئەکەین کە بە بۆنەی کۆچی دوای محمدی حاجی صفرو خێزانەکەیەوە کە لە ڕۆژی ٤ـ١٢ـ٩٧٨دابەهۆی کارە ساتی لێکدانی‌ئۆتۆمۆبێلەوە لە ڕێگای نێوان سلیمانی سەیدسادق‌دا ڕویدا ، ئەرکی هاتنە سەرقەبرو سەرخۆشی لێ کردنیان کێشاوە ، وەیان نامەوبروسکەی پرسەنا مەیان بۆ ناردوین‌و بەشداری خەمیان کردوین ، لە خوا داوکاریین ناسۆری وا جەگ‌بڕ ڕوونەکاتە هیچ بنەماڵەیەکیان .

حاجی حسین غولام
حاجی صفر غولام
حاجی حسن غولام
محمود غولام
لەپێنجوین

کۆبوونەوەی «پاشماوە»

کرابوو ، هەروەها لەبارەی زیادکردنی‌چاکی‌ئەم‌ئەنجومەنانە لە بواری هوشیارکردنەوە بە گرنگی هێرشی لەناوبردنی نەخوێندەواری‌و چاوەدێری کردنی مەسەلەکانی کۆمەڵانی خەڵك‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیدا ، قسە کرابوو .

دەستەکە بڕیاری‌دا دەستی ڕێز لە توانای پەیمان جمال محمد امین بنێ لە سەر ئەوەی لە پاڵەوانیەتی شەترەنجی ئاسیادا پلەی دوەمی وەرگرتوە ■

Institut kurde de Paris

بەراوێژ

چرپەیەك بەگوێی مۆسیقاژەکانماندا

جێگای ڕێزە کە لەم ساڵانەی دواییدا بایەخێکی ئاڵنگ دەدرێت بە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیو لە سەر بناغەیەکی هونەریی نوێ ئەو گۆرانیانە تۆمار دەکرێنەوە ٠

زۆریش لە جێی خۆیدایەتی کە مامۆستای هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی)و چەند هونەرمەندێکیتر بایەخ دەدەن بە گۆرانی بێژە میللییەکانمان ٠٠ بەڵام با ئەم کارە گرنگە هەندێ کەسی تریش بگرێتەوە کە دەنگ خۆشو ناسراون ، بۆ نمونە (صلاح داودەو حسین عەل) دەنگیان زۆر خۆشەو لە گەرمیانا بەزم دەگێڕن ، من لەو بڕوایەدام ئەگەر ئەمانە دەستیان بگیرێتو مامۆستای شارەزا بارەمەتیان بدات گۆرانی سەرکەوتوو پێشکەش دەکەن٠

ئەمە داخوازییەکەو دەیخەمە ڕوو ٠٠ بەو هیوایەم ئەمەش ببێتە هەنگاوێکی تر بۆ خزمەتی هونەری گۆرانیو مۆسیقامان ٠

م٠ ع٠

لە دەرەوەی سنوور

شانۆییەکی فرانسوا ساگان

ئەکتەری فەرەنسایی ناناکارینا ئیستا خەریکی ئواندنی دەوری پاڵەوانیە لە هەشتەم شانۆیی فرانسوا ساگاندا ناونیشانی «هەوایەکی خۆش لە شەوو ڕۆژدا» ، ناناکارینا دەربارەی شانوییەکە وتویە (هەر کە خوێندمەوە ، بۆم دەرکەوت ناوەڕۆکێکی بەهێزی بەرچاو خستوەودەوری ـ زیلدا ـ کەمن لە شانوییەکە دەبینم ، ئگرانە ، بەڵام لەزەتی لێ وەردەگرم) دەربارەی ساگان وتویەتی : ئافرەتێکی بەهێزەو چۆنی دەوێ وادەژی ٠

لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردیدا لە بەغدا :

چەند لاوێکی بەتواناو.. شانۆیەکی هەژار..

لەم دواییەداو ، لە چوار-چێوەی وەرزی ڕۆشنبیریی نیستای کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردیدا لە بەغدا ، پێنج لاوی هونەرمەندی بەهرەمەند ،توانیان لەسەر شانۆ ساکارە بچکۆلانەکەی بارەگای کۆمەڵە٠

ڕۆوف حسن

بارزان عثمان

حمە ئازاد

عبدالکریم عثمان

بەیان حسن

حمە علی

وەك سەنگاوی یەکەمی دەربڕینی خواستو ئاواتی هونەرمەندانەی خۆیاندا بۆ ماوەی چوار ڕۆژ شانۆییەك پێشکەش بکەن ٠ شانوییە چیرۆکی « ئەو پیاوەی بو بەسەگ » بو « توزفانۆدراگون » نووسیویەتیو چیرۆك نووس ڕووف حسن بە کوردی بۆ سەرشانۆ ئامادەی کردبوو ، ئەو لاوانەی دەورەکانیان دەبینی « **حمە ئازاد جلال لە دەوری پیاوی ژمارەیەکدا ، محمد حمە حسن پیاوی ژمارە دوو ، عبدالکریم عثمان پیاوی ژمارە سێو بەیان حسن احمد لەدەوری سۆزاندا** » ٠

شانۆییەکە لەلایەن هونەرمەند « بەرزان » ەوە دەرهێنرابو ، پێی وتین : دەمێکە تامەزرۆی ئەوەین بەرهەمێك لەسەرشانۆ پێشکەش بکەین کە ڕادەی خواستو ئاواتی هونەریماندابێ ، دواییو بە پێی ئەو ئیمکانیاتەی هەمانە ئەم شانوییەمان هەڵبژارد ، چونکە ناوەڕۆکەکەی لە شتێکی بچوکدا مانایەکی زۆر گەورە دەدات،بەدەستەوە وەك دەبینی شانوکەمان بچوكو هەژارەو هیچ پێداویستێکی پێشکەشکردنی شانویی بەمانا فرەوانە هونەرییەکەی تیانیە لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان بەو شێوەیەی مەبەستمان شانوییەکە لەسەر ئەم شانۆ هەژارە پێشکەش بکەین٠ لە ئوسلوبی دەرهێنانی شانوییەکەدا متمانەم بە ئوسلوبی « کوروتوفسکی » کردوە کە یەکەمجارە بە کوردی ئەم شێوەبە بەکاردی ٠

حمە ئازاد وتی : ئێمە دەستەیەك لاوی هونەرمەندین لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی خەریکی تەقەللایان بۆ ئواندنی چالاکی هونەری ٠ ئەم شانۆییە پێشکەشمان کرد هەنگاویکی بچوك بو لە ڕێگایەکی دوورو درێژدا کە ئاواتی بڕینی دەخوازین لە دنیای هونەری شانوگەریدا ، دەربارەی دەورەکەم لە شانۆییەکە وابزانم توانیم تارادەیەکی چاك ئەو موعاناتو ژانەی شەخسیەتەکە دەربڕم٠ پێم خۆش بوو ئەم دەورەم پێدرا ٠

دیسان وتی : لە کەمو کورتیەکانمان ببورن ، چونکە ئەوەی لە سەر ئەم شانۆیە دیتان بەهەموو شتەکانیەوە تەقەللای دە ڕۆژ هێنایە بەرهەم ٠

محمد حمە علی حسن کە دەوری پیاوی ژمارە دووی بینی وتی : پێشکەش کردنی بەرهەمێکی شانویی واو بەو نوسلوبەی ئێمە پێشکەشمان کرد حەزو ئاواتمان ئەوەیە سەرەتای دەست پێکردنی شێوەیەکی دەست پێکردنی لە چالاکی شانۆی کوردیدا ٠ دەرهێنەر لە دەرهێنانی ئەم شانوییەدا گەلێ خۆی هیلاك کرد چونکە ئەو ئوسلوبەی ئەو لە دەرهێنانەکەدا بەکاری هێناوە گرانەو تەقەللای ئێهاتوانەی دەوێ ٠

ئینجا عبدالکریم عثمان دەربارەی شانوییەکە قسەی کرد. ووتی : ئارەزوکی شانوییەکە لە واقعی ئینسانی چەوساوە دەدوێ لە سای ڕژێمی سەرمایەداریدا ئەو واقعە تالەی کە کیشەی بێ کاری دروستی دەکاو سەرمایەدارەکان چۆن لەم ڕێگایەوە تەقەللای شکاندنی مرۆڤایەتی مرۆڤ دەدەن . لە دەورەکەمدا تەقەللای ئەوەمدا نموونەی ناشیرینی ئەم خاوەن کارگە سەرمایەدارە بە ناشیرینیو دڕندایەتیەکەی خۆی بنوێنم ٠ لەگەڵ قین بوونەوەی تەواوم لە ئاخەوە لە شەخسیەکەتە ، بەڵام وەك تەقەللایەکی هونەری خۆم لە سەر شانۆ بەختیارم بەوەی دەورەکەم لەرادەی ڕەزا بونی خواستی هونەری خۆمو سەرنج ڕاکێشانی خەڵکدابوو٠

بەیان حسن احمد کچێکی لاوی هونەرمەندە ، کە دڵو دەروونی پڕە لە ستو حەزی جێبێی خۆ کردنەوەلە دنیای هونەری شانۆگەریداو بەو حەماسەتە لاوانە پاکەیەوە بەکەمجارە بچێتە سەر شانۆ ، دەوری سۆزانی دەبینی وتی : بەشداربونم لەم شانوییەدا یەکەم هەنگاوە بۆ گەیشتنە ئاواتە گەورەکەم،ئەویش بەشداربوونە لە چالاکی هونەری شانوییدا ٠ لە دەورەکەم ڕازیبوم ٠ توانیم لە ماوەیەکی کەمدا بگەمە ئەو ڕادەیەی لەسەر شانۆ بینیت ٠٠٠ کە ئەمە جێگای شانازی خۆمو بڕا هونەرمەندەکانمە کە لەم کارە هونەریەدا لەگەڵما بوون ٠

ڕێ ڕەو

هەموو بنیات نانێك کەرەسەو ڕیڕشوێنی خۆی هەیە ، هەموو بنیات نانێك ڕێگای تایبەتی هەیە لە بیرکردنەوەو دەربڕیندا کە لەباوەڕە بنچینەییەکانەوە دەردەکەون ٠

هاوڕی صدام حسین

هونەرو.. مێژووی هونەرو.. مرۆڤ

لەم دواییەدا یەکێتی نوسەرانی کورد لقی سلێمانی کۆڕێکی فراوانی بۆ هونەرمەندئەحمەد سالار سازکردو هونەر دۆستانێکی زۆر ئامادەی ئەوکۆڕە بوون ٠

سەرەتا کاك (عبداللە ئاگرین) بە ناوی لیژنەی ڕۆشنبیری نوسەرانەوە خۆش هاتێکی گەرمی میوانەکانی کردو پاشان حمە سعید قەرەداغی کورتەیەك لە ژیانی هونەرمەند ئەحمد سالاروبڕێك لە بەرهەمەکانی لەو کۆڕەدا پێشکەش کرد ٠

لەدوایدا هونەرمەند ئەحمەد سالار خۆی دەستی کرد بە پێشکەشکردنی باسەکەی کە ئەمەشی جگە لە زادەی بیری خۆی لە پتر لە (١٠) سەر چاوەی جۆربەجۆردا ئەنجامی کردبوەوە ، لەم کۆڕەدا ووتی : دەمانەوێت دەربارەی هونەر بدوێین و هەڵی سەنگێنین و ئاوڕێکی سەرپێی لە ڕابوردووی بدەینەوەو لە بارەی دۆخەکانی هونەر بگەین ، ئەمەش دەما نخاتە سەر خەیاڵوخولیای سەرنجدان لەباری هونەری جاران‌و ئەمڕۆمانو ئەو سەرگوزشتانەی مرۆڤ چەند شتیکمان فێر دەکەنو گەلێ ڕاستیمان بۆ دەخەنە ڕوو ٠ ئینجا هونەرمەند گرنگی دان بەمێژووی هونەری کەڕاندەوەو بۆ یەکەم هەنگاوی دەست پێکردنی ژیانی ئادەمیزادو ئەرکی ئەو بەرهەمە سودبەخشانەی لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتوە ئەمانەش کە زوربەیان لە ئێسکو بەرد دروست کراون دەگەڕێنەوە بۆ دەوری کۆنی بەردین ٠٠ هەروەها کاك ئەحمەد سالار لەم کۆڕەدا وتی :

لەکاتێکدا دەمانەوێت لە مێژووی هونەر بدوێین دەمانەوێت ڕۆلی هونەر لە کاروانی مەزنی مرۆڤایەتیدا دەست نیشانبکەین لەمەشەوە دەتوانین قۆناغو سەردەمو چاخەکان لەیەك جیابکەینەوەو بزانین گۆڕینە کان تا چ ڕلەو ڕادەیەك بوەو گواستنەوەکانی چۆن چۆنی ڕووی داوەو بنچینەکانی لە چی پێك هاتوون ٠٠ دیسانەوە لەرێی بەرهەمە هونەریەکانەوە گشت ڕویەکی کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان دەناسینەوەو ئەو تاقی کردنەوانە دەکرێنەوە بنچینەی دزوست بونی تاقی کردنەوەی نوێ ٠

ئینجا هونەرمەند بەپێی باسەکەی مێژووی هونەری کرد بە دوو بەشەوە یەکەم: مێژووی هونەری مرۆڤ لە دەمەکانی بەر لە مێژوو ٠

دووەم : هونەری چاخەکانی مێژوو ٠ دوای ئەوەی هونەرمەند ئەم دوو بەشەی ڕوونکردەوە دەستی کرد بە باس کردنی مرۆڤ لەم دوو بەشەدا ٠

هەروەها کاك ئەحمەد سالار لە کۆرەکەیدا بەر لەوەی کۆتایی بە باسەکەی بهێنێت دەربارەی هونەرمەندی لایەنگیرو بێلایەن قسەی کردو لێرەشەوە دۆخی ژیانی لەباش جەنگی جیهانی یەکەم بەسەر کردەوە بە تای بەتی لەسەر دۆخی ئەوروپای ڕۆژئاواو لەناو هونەرو بەرهەمی هونەرمەندا ٠

پ٠ هاکاری لە سلێمانی

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

ناهدە احمد

لە ڕووسیەوە کردوویە بە کوردی

مشالەو متانەبچکۆلە

ڤالە تالە ئاوریشمەکەی گرتەوەو ئەبویست بەهێزی ئەو تالە ئاوریشمەوە بێتە دەرەوە ٠ بەڵام کرمەکە ئەوەندە بەهێز نەبوو بتوانێ

بڕوانە : ل : ٧

ئەم هاوڕێیانەی گۆشەی جیهانی منداڵانلێمان ببوورنلەبەر بڵاونەکردنەوەی چیرۆکو شیعرە کانیان چونکە یان بڵاوکراونەتەوە یان کەموکورتیان هەبووەو چاوەڕی دیاری تریان لێ دەکەین :

ناسك هادی ، ابوبکر عمر ، ڕۆستەم عثمان ، سەرەوەر پیربال ، کامەران محمد لە هەولێر ، صابر احمد ، نوزاد احمد ، حسن عبدالکریم لە کەرکوك ٠

فالە بچکۆلەو خنجیلانە ، ڕۆژێکیان چووبووە باخچەکەیان . لەناو باخچەکەدا هەندێ مێرووڵەی بینی . زۆر ترساو قیژاندی :

– ئای چەند لێیان ئەترسم .

. مێرووڵەکان سەریان سوڕ ما . لەبەر خۆیانەوە وتیان : ئەم کچە بۆچی وا ئەترسێ ؟ خۆ ئێمە زیان بە کەس ناگەیەنین .

فالە کچێکی ئێجگار ترسنۆك بوو . لە هەرچی زیاتر لە قاز ئەترسا .

ڕۆژێکیان فالە بریاری‌دا فاسۆلیا داچێنێ . کاتێ کە سەری بە فاسۆلیا داچاندنەوە قاڵ بوو ، قازێك لەپشت دار گوڵەکانی ناو باخچەکەوە سەری دەرهێنا . بۆقێك لەوڵاوە وەستی ئالە ئاگادار بکاتەوە کەوا قازێك لە پشت سەریەوە وەستاوە :

– واق .. واق .. فالە ئاگات خۆتبێ .

فالە بە پەلە هەڵسایە سەر پێ ، سەبرێکی پشتەوەی کرد . دیتی قازێکی گەورە وەستاوە . لە ترسانا دەنکە فاسۆلیاکانی فڕێداو تاهێزی تیابوو ڕای‌کرد .

قازەکە زۆری پێ خۆش بوو ڕاکرد ماندوو بوو ٠ قاچی کەوا فالە دەنکە فاسۆلیاکانی فڕیدا . کەوتە چنینەوەیان‌و قووتدانیان . لەوکاتەدا بەکێك لە دەنکە فاسۆلیاکان پێی‌گرتو کەوتە ڕاکردنو قیژاندی :

– فالە گیان ! فریام‌کەوە . ئەوەی وتو بە ڕاکردن کەوتە دوای فالە .

–فاسۆلیاکە گیان ! وەرە لام . ناهێڵم بکەوێتە دەستی قازی زاڵم ، فووتت بدات . باوەشی پیا کردو لەگەڵ خۆی بردی ٠

فالەی هەژار ئەوەندەی بەدوایدا نەئەهات ٠ قازیش بەدوایەوە بوو . فالە گەیشتە سەر کەندێك ٠ لە داوێنی کەندەکەوە ڕووبارێك بوو ٠ لە پەلە پەلیدا قاچی هەڵخلیسکاو کەوتە ناو ئاوەکە . لەوکاتەدا فاسۆلیاکەی لەدەست کەوتە خوارەوە ، بە لایەکی کەنارەکەوە گیرسایەوە ٠

باش بوو ئاوریشم لە قەراخی ڕووبارەکەدا بەسەر دارێکەوە بوو ٠ کە بینی وا فالە کەوتە ناو ئاوەکەوە، بەخێرایی تالە ئاوریشمێکی قایمی بۆ ڕستو بۆی هەڵدا ٠

چاپکراوی نوێ

لە چاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیرو بڵاو کردنەوەی کوردی

جگەر گوشەکان

(٣٣) هەمین چاپکراوی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی کومەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان‌لەبەرهەمی شاعیری ناسراو کاکەی فەللاح **لەم دواییەدا کەوتە بازارەوەو**

بریتی‌یە لە ٣٢ پارچە شیعرو لە ١٤٤ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا ٠

دڵداری

دیسان لە چاپکراوەکانی ئەم دەزگایە کۆمەڵە شیعریکی شاعیر احمد شکری بە ناوی «دڵداری»یەوە دەرچوە کە بریتی‌یە لە کۆمەڵە شیعریکی بە لەزەتی دوکتور شۆو لە ٧٩ لاپەڕەی قەوارە گەورەدا ٠

ژمارەی نوێی :

گۆڤاری بەیان

ژمارەی ٥٢ ی گۆڤاری بەیان بە چاپێکی قەشەنگو ڕەنگاو ڕەنگ لەم دواییەدا دەرچوو کەوەك ژمارەکانی تری بە نووسراوو بەرهەمی ئەدەبیو ڕۆشنبیریو گۆشە تایبەتیەکانی منداڵانو پوستەو گرەوی ژمارە ڕازاوەیە ، سەرەڕای تۆمارێکی ڕەنگاورەنگ دەربارەی تیپی موسیقای سلیمانیو ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرو شاعیرو چیروك نووسەکان بە بەرهەمەکانیان لەم ژمارەیەدا بەشداریان کردوە ٠

« هۆنراوە بۆ منداڵان »

ئێمەین گوڵی دوارۆژ

هەموو بەیانیەك زوو بەزوو
ڕێی مەکتەب ئەگرین‌دووبەدوو
بەرگی تەمەڵی دانەدڕین
ئەم ڕێگە خۆشەمان ئەبڕین
کە زەنگ لێ دەدرێ بەرەو پۆل
فۆل لەناو زۆر گورج گۆل
گوێ لە مامۆستامان ئەگرین
بۆ ئەوەی وانەکان فێربین
بەرگی تەمەتی دانەدڕین
تاهەموو ساڵ سەر کەوتووبین

ناظم دلبەند

(ڕویدە-پشتیوان)
قاهر بەرزنجی

سامان محمد — سرمد ئاراس — نارین محمد — نەوزاد احمد — ناسك حمە صالح — یلماز جلال — دڵشاد شاکر — ناسیاو عمر — تمارە باسل

حسام صبحی — زید سمیر هادی — عامر عبد جمعە — نەهرۆ لەتیف — ڕێزان لەتیف — عەلی لەتیف — جیهان جبار — کاروان جبار — صباح حمە سعید

Institut kurde de Paris

دەزگای زۆشەپەرەو بڵاوکردنەوەی کوردی
• پەیمانی الیلانی شەقامی ، الجمهوریة ،
پەنقا - س.پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥ـە خەت

سەر نووسەر : سعاد ادیب علی

هاوکاری

٨ لاپەڕە

((ژمارەی تایبەتی))

٢٥ فلسە

ئەو ڕێگایەی هەڵمان بژارد ڕێگای ئازادی و سەرفرازی ، ڕێگای باوەڕ بەگەل و وەدی هێنانی قازانج و ئاواتەکانی ، ڕێگایەکی سەختە ، بەڵام هەر ئەو خۆی ڕێگای سەرکەوتنە .

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

• الاثنين ٨ كانون الثاني ١٩٧٩ العدد ٤٥٦ •

• دوو شەممە ٨ی کانونی (٢) ١٩٧٩ ژمارە ٤٥٦ •

سەرۆك البكر : ئێوە سوپای باوەڕی شۆڕشگێڕن ئەدمگیانە لە هەمووکات و شوێنێکدا بپارێزن

هاوکاری دەیەهێن مۆمی تەهەدنی دادەگیرسێنێ

دەقی نامەکەی سەرۆکی فەرمانده بۆ سوپای دلێرمان

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده احمد حسن البکر سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان لەوتەیەکدا کە بێنج شەممەی رابوردوو بەبۆنەی بیرەوەری ٥٨ ساڵەی دامەزراندنی سوپای نەبەزی عیراقەوە ئاراستەی کارگوزارانی هێزە چەکدارەکانی کرد وتی :

ئێوە لە هەموو جەنگەکانی نەتەوەی عەرەبماندا دژی ئیستیعمارو کۆنەپەرستو ئیمپریالیەت ، شەرەفی نەبەردی و بەرگەگرتن و روو بەروو بوونەوەتان بووە چونکە ئێوە سوپای بەبیرو باوەڕو شۆڕشگێڕ با ئەوگیانەتان لە هەموو کات و شوێنێکدا لەگەڵدابێ .

ئەوەش دەقی وتەکەی سەرۆکی بەڕێزە :

ڕۆڵەکانم کارگوزارانی هێزەچەکدارەکان خۆم بەخۆشحال دەزانم کە لەکاتێکدا ئێوە ئاهەنگ بەبۆنەی بیرەوەری(٨) ساڵەی دامەزرانی سوپای عەرەبایەتی یەوە دەگێڕن ، بیرۆزبایی گەرمتان لێ بکەم و ئەوگیانە شۆڕشگێڕی یە رەسەنەتان بەگەورە بگرم کەلە بەرگریتان لە بیروباوەڕتان دەربارەی پاراستنی نیشتمان و نەتەوەدا نوێنراوە .

مێژووی سوپای ئازامان تێدەکۆشین و باشترین ڕۆڵەشمان لە پێناویاندا پێشکەش کردون .

ئێوە لە هەموو جەنگەکانی نەتەوەی عەرەبماندا دژی ئیستیعمارو کۆنەپەرستو ئیمپریالیەت ، شەرەفی نەبەردی و بەرگەگرتن و روو بەروو بوونەوەتان بووە ، چونکە ئێوە سوپای بەبیرو باوەڕو شۆڕشگێڕن ، با ئەو گیانەتان لە هەموو کات و شوێنێکدا لە گەڵدابێ . هیوای هەموو خێرو سەرکەوتنێکتان بۆ دەخوازم لەپێناو هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان لە یەکێتی و سەربەستی و سۆشیالیزمدا

موهیب احمد حسن البکر سەرۆك کۆمارو سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکان

٥٨ ساڵ بەرێگای سەرکەوتندا

بەسەرپەرشتی سەرۆك کۆمارو فەرمانده‌ی گشتی هێزە چەکدارەکان موهیب احمد حسن البکر . پێڕۆ هێزە چەکدارەکانمان و لەگەڵیاندا جەماوەری گەلەکەمان یادی پەنجاو هەشت ساڵەی دامەزراندنی سوپای ئازایان کردەوە .

موهیب احمد حسن البکرو فریق روکنی یەکەم صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەو نومایشە سەربازی یەگەورەیەدا ئامادەبوون کە پێڕۆ بەیانی لەفڕۆکەخانەی (المثنی) کرا .

هەروەها هاوڕێ دوکتور الرزاز یاریدەدەری ئەمینداری گشتی‌ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالستو چەند هاوڕێیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی نەتەوەیی قطری و بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیرەکان ئامادەبوون .

بە گەیشتنی سەرۆکی بەڕێزو جێگری بەڕێز بۆ شوێنی نومایشە کە لە لایەن فریق رکنی یەکەم عدنان خیرالله ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەرکانی سوپاو ئەفسەرە گەورەکانەوە بەگەرمی پێشوازی کران و دوای لێدانی سلاوی کۆماری عمید رکن سەرکردەی هێزەکانی بەشداربوو لەنومایشەکەدا ئزنی لە سەرۆکی بەڕێز خواست بۆ دەستکردن بە نومایش

وتەی بەڕێوەبەرتی ئاراستەیی سیاسی :

دوای ئەوەی سەرۆکی بەڕێز بەئاو ئەو هێزانەدا گەڕا کە لە نومایشەکەدا بەشداربون نوێنەری بەڕێوەبەرتی ئاراستەیی سیاسی لە وەزارەتی بەرگری وتەیەکی دا کە تیایدا باسی مێژوی دوورودرێژی پڕلە ئازایانەی سوپای عیراقی کرد لە نواندنی هولویستی پالەوانانەدا بۆ بەرگری لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب .

دوای ئەو وتەیە هێزەکان دەستیان کرد بە نومایش و لە پێشەوە تیپی موسیقای کۆلیجی سەربازی و هێزی ئاڵای ولاتە عەرەبەکان و دەستەیەك لە پاساولانی کۆشکی کۆماری و تاقمی ئەو ئافرەتانەی بوون بە ئەفسەرو بۆ یەکەم جار لە مێژووی سوپای عیراقدا لە نومایشتیکی وادا بەشداریان کرد . دوا ئەوە دەستەیەك لە قوتابیانی کولیجەکانی ئەرکانی سەربازی و هێزی ئاسمانی و دەریایی و ئیحتیات و پولیس و جەنگاوەرانی سوپای میللی و لەوکاتەشدا فروکەکانی هێزە ئاسمانیەکان بە ئاسمانی فڕۆکەخانەکەدا دەسوڕانەوە .

کە هێزە پیشاندەرەکان بەدەردەم شوێنی تایبەتی سەرۆکی بەڕێزدا دەڕۆیشتن سلاویان لە سەرۆکی سەرکردەکردو دوای ئەوەی نومایشەکە نزیکەی دوو سەعاتی خایاند سەرۆکی فەرمانده و بەڕێز فریق روکنی یەکەم صدام حسین لەلایەن فریق روکنی یەکەم عدنان خیرالله ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بەرگریەوە بە گەرمی بەڕێ کران .

له جەژنی ((٥٨)) ساڵەی سوپاو یادی نۆ ساڵەی ((هاوکاری)) دا

شۆڕش بەخشێکی هەمیشەیی یە

سعاد ادیب علي

● وا نۆ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا تێپەڕی کە لە نۆی کانونی دووەمی ساڵی ٩٧٠دادەر چووو ئیمڕو ئێمە لەگەڵ خوێنەرانمان و جەماوەرماندا ئاهەنگ بۆ ساڵی دەیەمی ((هاوکاری)) دەگێڕین .. و هەروەکو لە نۆ ساڵەکانی رابوردوودا ئاهەنگمان دەگێڕاو ئاهەنگ گێڕانمان لە هەموو ساڵێکدا سەرهەڵدانی مژدەو ئاوازە لە هەموو عیراقی خۆشەویستماندا و کاتێ ئاهەنگ دەگێڕین- دەسکەوتەکانی ساڵانی رابوردوو لەگەڵ خواستی ئێستاو هیوای دوارۆژ هەڵدەکەینەوە بۆ ئەوەی بەمە بڕیاردانێکی نیشتمانی لەسەر نوێکردنەوەی ئەمەکداری بۆ شۆڕش و بۆ حزبە سەرکردەکەمان بچنین .

● دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بەخشێك بوو لەبەخشەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و شۆڕشی حەفدەی تەمووزی ساڵی ٩٦٨ .

ئەو بەخشانەی کە لە دەساڵو نیو لەمەوبەرەوە ڕێڕەوی عیراقی شۆڕشگێڕمانی پر لە سەرکەوتن کردەوە . و ئاسمانیشمانی بە هەموو شتێکی مرۆڤانەو داهێنەرو دروستکەر رووناك کردۆتەوە ..

بەخشێك کە سەرچاوەکانی خێرو بەختەوەری بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەموو بستێکی عیراقی خۆشەویستماندا ، تەقاندۆتەوە بەخشێك کە بە کۆڵنەدان و بڕواو پتەوی بناغەی برایەتی یەکی ڕاستەقینەو هاوکاپاتەی لەنێوان هەموو هاونیشتمانە دلسۆزەکاندا دامەزراند .. ئەو هاونیشتمانانەی لەپێناو سەربەرزیی نیشتمانەکەیان و سەربەرزیی میللەتەکەیانو پایە بڵندیی ڕێڕەوی شۆڕشەکەیاندا تێدەکۆشن .. بەخشێك کە ئاسۆی ژیانێکی سەربەرزی بۆ جەماوەری گەلی عیراقمان بە عەرەب و کوردو تیکڕای کەمایەتی نەتەوەیی یەکانەوە رووناك کردەوە .. لە گەڵ هەموو پرشەیەکی رووناکیدا ، هەڵوێستەیەکو ڕێڕەوێکی گەشە سەندووومان لەگەڵ مێژوودا هەیە .. و لەهەموو بەخشێتیکیش لە بەخششەکانی حزبمان و شۆڕشماندا، شوێنێك و بەڵگەیەکمان لە بیلبیلەی ئەستێرەکانی ئاسماندا هەیە . ئەمەیە ڕەسەنی لە بەخششدا .. ئەمەش سەربەرزیی یە بە درێژایی مێژوو ڕەسەنیەتی شۆڕش ژیانی هەمیشەیی یە ، شۆڕشیش مێژووی هەمیشەیی یە و شۆڕش بە حششێکی هەمیشەیی یە .

● بەمچەشنە لەسەرمانە ئاهەنگ بگێڕین .. ئاواش دەبێ تالی تیشکی رووناکی لەسەرکێڵگەو لەسەرخاکی عیراقماندا سەمابکا .

بەم چەشنە لەسەرمانە ئاهەنگ بگێڕین .. و ئاهەنگەکەشمان بۆ شۆڕشی بەخشندەبێ ، و ئاهەنگ گێڕانمان بۆ شۆڕش مانای پابەند بوونە پێی بە ئامانجەکانی .. بەڕێڕەوەکەی .. مانای پابەندبوونە بە بیروباوەڕەکانی حزبەکەی .. حزبی هەموو هاونیشتمانە باشەکان .. حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ..

● بەم چەشنە لەسەرمانە ئاهەنگ بگێڕین .. نەك بۆ ڕۆژێك بەڵکو لەهەموو ڕۆژێکدا .. و ئاهەنگ گێڕانیشمان پابەند بوون بێ ... پابەندیی یەك لەپێناو ڕاستی و لەپێناو جەماوەردا بۆ جەماوەر لەهەر کوێیەك بێ ، ڕاستیش هەمیشەو بەردەوام وا لەوێیە هەر شوێنێکیش دوژمنانی جەماوەری لێ کەوتوون ... فێڵو هەڵخەڵەتانیش وان لەوێ .

● کاتێ ئاهەنگەکەمان دەبێ بە پابەندبوون .. پابەندبیمان مانای بەڵێنە لە ئەستۆمان ، بەدرێژایی مێژووی درێژمان ، بەدرێژایی شۆڕشەکەمان و حزبەکەمان .. و بەڵێنیشمان بۆ ئەوەی کە بەردەوام و هەمیشە سەربازی بەئەمەکی شۆڕش و حزبو گەلمان بین و هەرواش دەمێنین .

● کاتێیکش ئاهەنگ گێڕا نمان بەڵێنێك دەبێ .. بەڵێنمان ئەوە دەبێ کە هەمیشە لە گەڵ ملیونەها لە جوتیارانی گەلەکەماندا بین .. لەگەڵ کۆمەڵانی کرێکارو ڕۆشنبیرو کەسە باشەکاندا بین .. لەگەڵ هەموو چینە ڕەنجدەرەکانی گەلەکەمان ، بۆ پشتگیری شۆڕشەکەمان و حزبەکەمان .. و لەگەڵ سوپای نەبەزی عیراقماندا ، یەك قەڵغان و پتەوی بەکیوا بمێنینەوە کە سەربەرزیی نیشتمان و هاونیشتمان بپارێزێ و بەرگری لە شەرەفی هەموو دەنکە زیخێکی خاکی نیشتمانمان بەرگری لە سەربەرزیی هەردەنکە خۆڵێکی خاکی نیشتمانمان بکا لەگەڵ ئەو سوپا نەبەزمانداا بمێنینەوە کە دوێنێ و لە شەشی کانونی دووەمدا ئاهەنگمان بەیادی (٥٨) ساڵەی دامەزرانیە وە گێڕا .

بروانە : ل : ٢

لە بیرەوەری « ٩ » ساڵەی دەرچوونی « هاوکاری » دا

نامەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

ڕۆژنامەی هاوکاری ئازیز

خۆشحاڵم بە بۆنەی بیرەوەری دەرچوونی ڕۆژنامە تێکۆشەرەکەتان ، ئەو ڕۆژنامەیەی لە میانەی ئەو ماوەیەی کە بەردەوام لە کاردایە توانیویەتی زۆر بە ڕاستگۆیانە بە دوای پێناسنامەی خۆیابگەڕێ و تێبکۆشێ بەو قەڵەمە خێرخوازانەی کە وێنەی خۆشەویستیان نەخشاندووە لە هەموو بوارێکەوە .. وەك هەموو ئەو ڕۆژنامانەی کە ڕاستی دەخەنە ڕوو ... هیواخوازم کە بەرەو پێشەوە بڕۆن لەژێر سایەی شۆڕشە نەمرەکەمان شۆڕشی حەفدەی گەلاوێژێ پێروزو سەرکردە سیاسیە حەکیمەکەمان لە سەرووی هەموویانەوە باوکی سەرکردە احمد حسن بکر سەرۆکی کۆمارو هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ..

هیوادارم ڕۆژنامەکەتان بەردەوام بێ لە خزمەتگوزاری گەلی کوردمان و باشترین ڕێگاش بێ بۆ دەرخستنی هەستو نەستی و گەشە پێدانی بناماکانی نەتەوەیی لە بواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ، وە ئاوێنەیەکی ڕاستگۆیانە بێ بۆ دەرخستنی واقعی ئۆتۆنۆمی و بەشداری بکات لە بەرزکردنەوەی دەسکەوتەکان ... ئاواتەخوازم کە بەردەوام بن لەسەر ڕێڕەوی پێش کەوتن و خزمەتگوزاری ...

محمد علی محمد امین
سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان

لەبیرەوەری «هاوکاری» دا مۆمێکی نوێ و مەیدانی پیاچوونەوە

عبدالغفار عبدالقادر الصائغ

● وا ساڵێکی تر لە تەمەنی پر ئیلتیزام و چالاکی بەسەر ڕۆژنامەی **هاوکاری** دا ڕادەبووری و ساڵێکی نوێ لە ساڵانی تەمەنی **ڕۆژنامەگەری** خۆی دەس پێدەکا ، لە کاتێکدا لە پێناوی سەلماندنی بوونی خۆی و لە پێناوی بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیدا بووە ، ڕێگای گرتۆتەبەر .

● ئەگەر **ڕۆژنامەگەری** لە عیراقدا لە سایەی سەردەمێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازدا گەلێ ئەرکی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی و ئامادەکردنی جەماوەریان لە ئەستۆ گرتبێ .. ئەوا ڕۆژنامەگەری کوردی لە عیراقدا شتێکی گەورەترو فراوانتر دەگرێتە ئەستۆ بە حوکمی ئەو خاسیەتانەی هەیەتی و بەوەی کە ڕووی دەم لە کوڕو کاڵانی گەلی کوردمان دەکا تا دوو ئەرکیان بۆ بخاتە ڕوو :

یەکەمیان : لە ئەستۆگرتنی خواستو ئاواتەکانی جەماوەرو دەرخستن و نواندنیان بە پێی تێڕوانینێکی مرۆڤایەتی یانەی پێشکەوتوو خازو بە پێی ڕێبازێکی نیشتمانی‌ی دروست .

دووەمیان : نواندنی دەسکەوتە شۆڕشگێڕی یە زۆرو زەوەندەکان کە بەندی بەخششێکی بەردەوامن و بە پێی ڕەوتێکی زنجیرەداری وردی ئەوتۆ تەکان ئەدەن کە شۆڕشی ١٧ی تەمووزو ڕیبازەکانی و ئەو تیورەی کە مرۆڤ بە ئامانجی خۆی و بنیاتنان بە بنیاتنانی هاوولاتی و بنیاتنانی نیشتمان دادەنێ ، دەنوێنن .

● ئێمە لەم کەلێنەوە- دەڕوانینە هاوکاری .. و لەگەڵیدا ئەوەستین و مۆمێکی نوێی بۆ دانەگیرسێنین و لەگەڵ نووسەران و کارگەرانیدا ئاهەنگی پێشوازی کردنی ساڵی نوێی دەگێڕین .. کاتێکیش ئاهەنگ دەگێڕین، دەبێ ئاهەنگەکە هەڵوێستەیەکی پێداچوونەوەی تێدابێ بۆ ئەوەی ئەو ڕاستی‌یانە لە هاوکاریدا بەدی بکەین کە هەن و کە ڕیبازی ئەو ڕاستی‌یە خوازراوانەن کە تەقەلایان بۆ دەداو هەردەبێ بیشیانگاتێ .

● **هاوکاری** بەوەی کە ڕۆژنامەیەکی کوردی‌یە توانیویەتی بەڵێهاتوویی‌یەوە ئەمانە بەدی بهێنێ :

- ڕەسەنایەتی لە ئیلتیزام کردن و ڕاستگۆی لە دەربڕیندا بەو دوو لایەنەی پەنجەمان بۆکێشان .

بەسەرکردنەوەیەکی چالاکو دلسۆزانەی ئەو مەسەلانەی کە بە شێوەیەکی گشتی بەلای ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان و بە شێوەیەکی تایبەتی بەلای ڕۆشنبیرانەوە گرنگن .

- ڕەچاوکردنی ڕیبازێکی نیشتمانی‌ی دروستی ئەوتۆ کە ئەنجام وەهادەدا بە لێکدانەوەو وردکردنەوە گاروفرمانەکان بە سەرچاوە نیشتمانی‌یەکایەوە دەبەستێتەوە .

بروانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

له بیرەوەری (٥٨) ساڵەی دامەزراندنی سوپادا .

دەنگدانەوەی وتەکەی سەرۆك البکر کە لە رۆژی سوپادا ئاراستەی کرد

دامو دەزگاکانی راگەیاندن بایەخێکی زۆریان بەو وتەیە دابو کە سەرۆکی بەریز احمد حسن البکر بە بۆنەی بیرەوەری پەنجاوهەشت ساڵەی دامەزراندنی سوپاوە ئاراستەی هیزەچەکدارەکانی کردبوو .

لە لوبنان ئژگەی رادیوو تەلەفزیون چەند جارێك ئیشارەتی بە وتەکە داو بەشێکی زۆری لێ دەخوێنرایەوە . هەروەها رۆژنامەکان بەناونیشانی گەورەو **لەلاپەرەی یەکەمدا بایەخیان بەو قسەیەی سەرۆك داوە کە داوای لە سوپای عیراق کردوە ئامادەو لەسەر پێی بێ بۆ سەندنەوەی مافی زەوت کراوی عەرەب .**

گەیشتنی چەندان وەفدی سەربازی بۆ بەشداربون لە ئاهەنگەکانی ٦ کانون

بەبۆنەی ئاهەنگ گێرانی وڵاتەوە بەیادی (٥٨) ساڵەی دامەزراندنی سوپای دلێر ، چەندان وەفدی سەربازی لەوڵاتانی براو دۆستەوە رۆژێ پێش دەست پێکردنی ئاهەنگەکان گەیشتنە بەغدابۆ بەشداری کردن لەجەژنی کانوندا چەژنی دامەزراندنی سوپای عیراق ، لەو وەفدانەی گەیشتنی لوا حکمە الشهابی سەرۆکی ئەرکانی هیزەچەکدارەکانی سوریا ، عمیدرکن فراج غانم یاریدە دەری سەرۆکی ئەرکانی سوپای کویت ، مقدم رکن شیخ مبارك عبدالرحمن ئالثانی سەرۆکی ئەرکانی سوپای قطر ، مقدم علی شیبە سەرۆکی ئەرکانی سوپای کۆماری عەرەبی یەمەنی ، شیخ خلیفە بن حمد ئال خلیفە سەرۆکی ئەرکانی سوپای بحرین ، فریق حسن عبدالرحمن فەرماندەی هیزی وشکانی سعودیەو چەندان وەفدی سەربازی تری وڵاتانی دۆستەو براو .

به بۆنەی جەژنی سوپاوە :

سەرۆکی فەرماندەو بەڕێز صدام حسین ژمارەیەك بروسکەی پیرۆزبایی پێ دەگا

به بۆنەی بیرەوەری پەنجاو هەشتەمی دامەزراندنی سوپای قارەمانی عراق ، سوپای نەتەوەی عەرەبو دەست وەشێنەریەوە، بەڕێز سەرۆك مهیب احمد حسن البکر فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانو فەریقی یەکەم رکن صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکرادیە تی شۆڕش ، ژمارەیەك بروسکەیان لە بەڕێزان ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو کاربەدەستانەوە پێگەیشت .

نێردرانی ئەو بروسکانە دووپاتیان کردەوە کە سوپای ئازای عیراق هەمیشە ئاواتی نەتەوەی عەرەبە لە رزگارکردنی سەرزەمینە داگیرکراوەکانیو بەدیهێنانی ئامانجەکانی لەپەکیەتیو ئازادیو سوشیالیزمدا .

● بروسکەی ئەمینداری مەکتەبی سوپایی

نەتەوەی عەرەبمان ، لەم قۆناغەی مێژووی نوێیدا ، بەچەند ساتێکی سەختو گرنگدا دەڕوا ، ساتی خۆراگرتنو بەرەنگاربوون ، لەناکامی هێرشە درندانەیەدا کە ئامانجی تقوم کردنی شەخسیەتی ئەوو تێکدانو ئاوەژوو کردنەوەی ئیستایەتی ئەمەش بە ئیمزاکردنی پەیمانە خیانەتکارانەکانی کامپ دێفید لەگەل دوژمنی مێژوویی و شارستانی ، زایۆنیزمی جیهانیو شوین پێیەگەی « اسرائیل » لەژێر سایەی چەتری ئیمپریالیزمی ئەمەریکادا ،

بەرپەرچدانەوەی بێیەکو دووی ئەم واقیعە ، لە لایەن بەعسی مەزنو شۆڕشە باڵەوانەکەیەوە کرا بەبەدی هێناتی پەیمانی کاری نەتەوەیی هاوبەشی لەنێوان عراقو سوریاداو ئەو **ئاکامانەی** کە لە کۆنفرانسی باڵای عەرەبی بەغداوە هاتنەدی کە باوەڕیان دایەوە بەنەتەوەو جەماوەریان بردەوە وەزعی راپەڕینی شۆڕشگێرانەو ئامادەکردنی نەتەوەیی هەمو وزەکان لەپێناوی پێشکەوتنی شۆڕشو بەرەو پێشەوە چوونی کاری یەکێتی یانەدا .

لەکاتێکدا لەم شادیانەدا دەژین ، بیرەوەری پەنجاو هەشتەمی دامەزراندنی سوپای قارەمانمان ،سوپای شۆڕشی عەرەب ، سوپای خۆراگرتنو بەرەنگار بوونو رزگاری دادێو بەم بۆنە خۆشەربستەوە ،بەناوی ڕێکخراوی سوپایی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە ،پێشڕەوی هێزە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانمان ، گەرمترین پیرۆزبایی و بەرزترین نموونەی وەفاداری و ئەمەکداری پێشکەش بە باوکایەتیو سەرکردایەتیو ئیلهام بەخشیتان بە ئێمەو سوپا قارەمانەکەمان ، سوپای قادسیەو یرموك و سەرکەوتنی گەورە بە درێژەی مێژووی کۆنو نوێماندا دەکەین و دووپاتی دەکەینەوە بۆتان کە ئێمە لەسەر پەیمانی خۆمان وەفادارین بۆ ئەو بیروباوەڕو بەهایانەی کەخۆتان لەپێناوی بەدی هێنانو پاراستنیداندا بەخت کردوە . بۆ پێشەوەو سوپای بیروباوەڕپەروەری بەعسی هەمیشە ئامادەی فەرمانتانە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە شۆڕشگێرانەو نیشتیمانیو نەتەوەیی یەکانیو هەرگیز سەرکردەیەکی سەرکەوتوبن بەپشتیوانی جێگرە خۆشەویستەکەتان .

هاوڕێ عزە ابراهیم
ئەمینداری مەکتەبی سوپایی حزب
● بروسکەی فەرماندەی گشتی سوپای میللی

بەبۆنەی بیرەوەری پەنجاو هەشتەمی دامەزراندنی سوپای بیروباوەڕ پەروەرمان، سوپای نەتەوەی عەرەبو هێزی دەست وەشێنو هیوای بۆ رزگارکردنی بەشە داگیرکراوەکانی وڵاتی گەورەی عەرەبمانەوە ،بەناوی خۆمو لەجیاتی هەموو سوپای میللی ،پشتیوانی بەهێزو ئەو سەرچاوەیەی کە بۆ سوپا سەر کەوتوەکەمان لە وشك بوون نابە ، دڵسۆزانە ترین پیروزبایی پێشکەش بە سیادەتتان دەکەم بەم بۆنە نەمرەوەو دوبارە یەکانگیری هەموو جەنگاوەرانی سوپای میللی دووپات دەکەینەوە لە گەڵهێزە چەکدارە ئاز کانماندا لە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەرکە نیشتیمانیو نەتەوەییەکاندا .

ئێمە سەرۆکی بەڕێز ، هەمیشە سەربازی بەوەفاینو چاووڕێ فەرمانتانین بۆ پالپشت کردنی کاروانی شۆڕشەکەمانو بەدیهێنانی ئامانجەکانی جەماوەری نەتەوەکەمان لە یەکێتی ئازادیو سوشیالیزمدا بە سەرکردایەتی ژیرانەتان .

سەربەرزیو نەمری بۆ شەهیدانی سوپاکەمانو حزبەکەمان ، حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لەم رۆژە پیرۆزەدا .

طه یاسین رمضان
سەرکردەی گشتی سوپای میللی
● بروسکەی وەزیری بەرگری

بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی سوپاوەو لەم ساتە مێژوییەی ژیانی نەتەوەکەمانو حزبەکەمان ..

مایەی شانازیە بۆ هیزەچەکدارەکانی کۆماری عراق کە جوانترین پیرۆزبایی بۆ مەقامی باوکی فەرماندەو هاوڕێی تێکۆشەر کە لە شەخسی ئێوەدا خۆی ئەنوێنێ ، پێشکەش بکاتو لەم بۆنە مەزنەدا وەلای بێیەکو دووی خۆی بۆ سەر دەی گشتی وئامادەیی بۆ جێبەجێ کردنی فرمانەکانی لەسەر زەوی لەناو دەریاو لەئاسماندا دووبارە دەکاتەوە.

گەورەم سەرۆك :

بە هەموو ئەو خۆشەویستیو ڕێزەی کە بەرامبەر بەئێوە لە دڵماندا هەیە ، لەخوای گەورە داوا ئەکەین کە بتان پارێزیو راوەستاوتان کا بۆ سەرکردایەتی کاروانی گەلەکەمانو بەرەو ئاسۆی فراوانی دوا رۆژ بۆ بەجێگەیاندنی دەوری مێژوییمان لە بەیاننامەی کاری نەتەوایەتی هاوبەشداو لەپێناوی یەکێتیو ئازادیو سوشیالیزمدا .

عدنان خیرالله
وەزیری بەرگری

بروسکەی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کاریکخستن لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا .

بەبۆنەی داهاتنی بیرەوەری بەنجاو هەشت ساڵەی دامەزراندنی سوپای بیروباوەڕ بەڕوەرمانەوە هیوای نەتەوەی عەرەب بۆ رزگارکردنی سەرزەمینە داگیرکراوەکانیو هیزی دەستوەشێنی ، جێی شادمانیە کە بۆسیادەتتانو هێزە چەکدارەکانمان گەرمترین **پیرۆزبایی بەرزکەمەوەو لەخوای گەورە مەدەپارێینەوە کە بتان** پارێزیو هێزەچەکدارەکانمان بەردەوام کاو سەرکەوتنو سەربەرزی بۆ نەتەوەی عەرەب بەدی بهێنێ .

بژین بۆ سەرکردایەتی کاروانی گەلەکەمانو حزبەکەمانو خوا هەمیشە سەرکەرتوتان بکا .

خالد عبد عثمان
وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری کاریکخستن لەگەڵ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیدا .

● بروسکەی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان

بەبۆنەی داهاتنی بیرەوەری بەنجاو هەشت ساڵەی دامەزراندنی سوپای قارەمانی عراقەوە ، شادمانم کە بەناوی خۆمو بەناوی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانەوە دڵسۆزانەترین پیرۆزبایی پێشکەش بە سەرکردایەتی ژیرانەتان بکەم لەگەڵ ئاواتی پێشکەوتنی هەمیشە بۆ سوپای قارەمانمان تاهەمیشە لەژێر باڵی چاودێریو باوەڕتاندا بێوبتوانێ ئەو ئەرکانە بەجێبگەیەنێ کە خراونەتە ئەستۆی لە بەرەنگاربوونی دوژمنانی نەتەوەی عەرەبو داچەسپاندنی یەکێتی نیشتیمانیو رزگارکردنی فەلەستینداو لە چنگی زایۆنیزم . خوا دەستەبەری سەرکەوتنە .

محمد علی امین
سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان

بروسکەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن

بەبۆنەی بیرەوەری پەنجاو هەشت ساڵەی دامەزراندنی سوپای قارەمانمانەوە ،بەناوی خۆمو بەناوی ئەنجومەنی راپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە ، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەش بەسیادەتتان دەکەین لەگەڵ دلسۆزانەترین ئاواتمان بۆ سوپای بەجەرگمانو دیسانەوە بریار دوپات دەکەینەوە لە سەر **پاراستنی ئەو دەسکەو تانەی** کەلەکەمان کە لەژێر سایەی شۆڕشی حەفدەی تەموزدا بەسەرکردایەتی ژیرانەتان هاتنەدی . هەروها دیسانەوە سەرکەوتنی شۆڕشەکەمانو **حزبە تێکۆشەرەکەمان دووپات** دەکەینەوە بەرەو بەدی هێنانی کۆمەڵگای یەکێتیو ئازادیو سوشیالیزمو ناوبردنی پیلانە ئیمپریالیو زایۆنیو کۆنەپەرستانەکان .

محمد امین احمد
جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی راپەڕاندن

بروسکەی سەرکردایەتی لقی ژووروی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست .

لەکاروانی رووداوە مەزنەکاندا ، **بیرەوەریە پرشنگدارەکان** لای خۆیان رامان ئەگرنو چاودەبڕینە گەورەیەو بەرزایان ... بەم جۆرە وەکو تێکۆشەرانی رێبازێکی دووروورێژ خۆمان لەبەردەم بیرەوەری سوپا قارەمانەکەماندا دەبینینەوە ، ئەو سوپایەی کە لەبەرچاوترین پێشڕەوی خەبا تگێرانەی گەلەکەمانبوو دەستەکانی هەمیشە جێی مەترسی بوون بۆ دوژمنانی گەلو ئاواتەکانی و جێی شانازی گەلبوون کەهەمیشە رۆلەکانی خۆی پێشکەشی کردوە ، تا لە حەفدەی تەموزدا بە سەرۆکایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست سەرکەوتنی بەدەست هێنا کە رەنگدانەوەی باوەڕداریە بە پێوبستی ئەوەی کە سوپا دەبێ پشتیوانی گەلو پشتگیری خەباتیبێو یەکێك بێ لەبەرچاوترین دەستەپێشڕەوەکانی .

بروانە : ل : ٧

شۆڕش ... پاشماوە

ئەو سوپایەی کە بەدرێژایی مێژووی نیشتمانیو پیرۆزی سەلماندویەتی کە دەستەیەکی شۆڕشگێڕی دەستەکانی ئەم گەلە تێکۆشەرە بووە . ئەو سوپایەی کە هەموو مەیدانەکانی تێکۆشانی نیشتمانیو نەتەوەیی شایەتی بەخشەکانی لە سەرکەوتنو قوربانیداندا بۆ داوە .. ئەو دەستەیە گەردانەی سەرکەوتنو سەربەرزیە لە گەردنی مێژووی نیشتمانی نەتەوەکەماندا .

● لەگەڵ سەرهەڵدانی ساڵی نوێدا .. دەبێ هەڵوێستەیەك لەسەرووی رەوتی رۆژگارەوەو هەڵوێستەیەك لەگەڵ کۆشش‌و بەخششمانداو بووەستین ، بۆ ئەوەی لەگەڵ پابەندیو بەڵێندا بژین .. لەسەر مانەبپرسین .. ئایا «هاوکاری» توانیویەتی هەموو ئەوە بخاتەروو کە بەسەر تەمەنیدا تێپەڕیوە ، تاوەکو ئاهەنگ بە دوارۆژی داهاتووی مێژووی بگێڕێ ؟ لە سەریشمانە کە بە خۆ شبینی دڵسۆزانو راستگۆییو مەوزوعیەتیانەوە وەڵام بدەینەوە ، بۆ ئەوەی بڵێین کە دەبێ « هاوکاری » هەنگاو بەرەو خواستی لێخوازراوو بۆخوازراوی هەڵێنێ . هەر چەندە کە « هاوکاری » ئەوەی لە توانایدا بووە بەخشیویەتی .. بەڵام دەبێ بەخششی زیاتری ببێو بەردەوام خواستی خۆی چێژەبکا ..

● ئەوەی « هاوکاری » بەدیی هێناوە ، هەموو ئەوە نیە کە لەسەریەتی بەدیبهێنێ ، ئەو بەرهەمەی بووشیەتی هەموو ئەوەنەبووە کە لە سەری بووە بەرهەمی بێنێ .. لەسەرمان بووە کە زۆر بەدیبهێنیو زۆریش بەرهەم بهێنین ، ئالێرەوە ئێمە چاودەبڕینە پاشەرۆژ بەئاسۆی بەرفراوانی پانوپۆڕیەوە ، ئەو ئاسۆیەی کە پڕی خەونو هیواو خۆشبینیەو دەڵێین ،« هاوکاری » لەمەودوا کاردەکا بۆ پتەوکردنی ئیرادەی بەخششی هەمیشەیی‌و بەخشش لە هەر کوێیەك بێ ، ژیانیش وا ئەوەتا لەوێ ..

● بەم چەشنەیە ئاهەنگدەگێڕین‌و لەمەودواش بەم چەشنەدەبێ

سوپای ئازای عیراق ٥٨ ساڵە لەخزمەتی ئاواتوخواستەکانی گەل وبنیاتنانی نیشتمان دایە

راپۆرتی ناوخۆ :

بیرەوەری یەکی پیرۆز

دوو رۆژ لەمەوبەر ، تێکڕای گەلی عیراقمان جەژنی ٥٨ ساڵەی دامەزراندنی سوپای ئازای عیراقی کردەوە ، بێگومان ، پیرۆزی‌ی ئەم بیرەوەری‌یە لەلای هەموو گەلی عیراق ، لەوەوەیە ، سوپای مەزنی عیراق ، کە رۆڵەو جگەر گۆشەکانی گەل پێکیان هێناوە ، هەڵوێستە مەزنو نازایانەکانی هەر لە دامەزراندنیەوە تا ئەمڕۆ بەستراوە بە هوڵوێستەکانی خەباتی میللەتو هەمیشە شورایەکی پتەو بوو لەرووی هەموو هەڵویستێکی ناڕەوای دژ بە خواستو ویستی گەل . ئەو دەورە مەزنەی سوپای ئازامان لەژیانی سیاسی وڵاتدا دیویەتیو راپۆرتی سیاسی هەشتەم کونگرەی سەرکردایەتی قطری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە « بەشی شەشەم »دا دەستی بۆ کێشاوە ، ئەهمیەتێکی گەورەی هەیەو سوپامان دەوری گەورەی گێڕاوە لەژیانی سیاسیداو ساڵانی ١٩٣٦و ١٩٤١و ١٩٥٨و١٩٦٣و ١٩٦٨ بەلگەی ئەمراستیەن ، دیسان هەموو لەیادمانە چۆن سوپای ئازا لە راپەڕینەکانی ١٩٥٢و ١٩٥٦دا رەفزی ئەو فەرمانانەی کرد لە حوکمراکانی ئەوساوە بۆ سوپایان ئاراستە کرد بوو کە بچن بەگژ راپەڕینەکانی گەلدا . ئیتر ئەو میژووە پڕ شانازییەی سوپای وڵاتەکەمان بە ئازایەتیو هەڵوێستەکانی شانبەشانی گەل نواندویەتی جێگای شانازیو رێزی هەموو لایەکە.

بایەخدانی شۆڕشی بە سوپا

کە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزی پیرۆز بەرپابوو سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بایەخێکی تەواویان بە پەرەپێدانی سوپای قارەمان داوە تا هەمیشە ئامادەی بەرگری کردنی ئازایانەبێ لە وڵاتو لەکاری بنیات نانیشدا دەوری دیاری هەبێو لەدوای کۆنکرەی هەشتەمی قطری حزبیشەوە ئەم بایەخدانە چۆتە چوار چێوەی کارو ئێستا دەتوانین بڵێین سوپاکەمان یەکێکە لە سوپا هاوچەرخەکانی ئەمڕۆو زیاتر جێی شانازی کەلە .

نافرەت لە سوپادا :

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری دەرکرد بەوەی رێگا بدرێ نافرەت لەسوپادا کار بکات ، ئەم بریارەی سەرکردایەتی شۆڕش ، لە باوەڕ بوونی پتەویەوەیە بە دەوری ئافرەت لە بنیات نانی کۆمەڵدا شان بەشانی بیاوو ئەهمەوو لایەنەکانی ژیاندا ، هەتا هێزی چەکدار . ئەوەبوو لەساڵی رابوردوداو لەئەنجامی ئەو بریارەدا یەکەم دەورەی ئافرەتە ئەفسەرەکان دەرچوون کە ناونرا دەورەی « نسیبەی کچی کعب الانصاری » .

دیسان سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بریاریکی گرنگی دەرکرد کە بریتی‌یە لە بنیات نانی خانو بەخۆرایی بۆ شەهیدانی سوپاو ئەوەبو بەڕێز وەزیری بەرگری لەکاتی دەرچونی بریارەکەدا رای گەیاند کە ئەم بریارە خێزانی هەموو شەهیدانی سوپا دەگرێتەوە لە رۆژی دامەزراندنی سوپاوە .

دەستکەوتی ساڵێك لە سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە بۆ هیزی چەکدار

سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لەبال ئەو دەستکەوتە گەورانەدا کە بۆ تێکرای گەلی عیراقی بەدی هێناوە ، دەستکەوتەی زۆر مەزنو گەورەشی بۆ هیزە چەکدارەکانمان بەدی هێناوەو پیاچونەوەیەکی خێرایی ساڵانی تەمەنی شۆڕش ئەم راستیەدەسەلمێنێ . ئەوا لێرەداو بەبۆنەی بیرەوەری ٥٨ ساڵەی دامەزراندنی سوپای ئازاوە بە ژمارە تەنیا ئەو دەستکەوتە گەورانە دیاری دەکەین بۆ هیزە چەکدارەکانمان کە لەسایەی شۆڕشدا بەدی هاتونو لەماوەی ساڵی ١٩٧٨ دا :

● ٦ی کانوون : بریاری شۆڕشگێرانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ سوودی هیزە چەکدارەکانمان :

ـ بەستنەوەی هیزەکانی سنووربەوەزارەتی بەرگریەوە.

ـ زیادکردنی **مووچەی سەربازی (متطوع) کە شەهادەی سەرەتایی نیە لە ٢١ دیناره وە بۆ ٣٦ دینار .**

ـ گۆڕینی یاسای خزمەتو تقاعدی عەسکەری بە بڕگەیەکی تایبەت بۆ حساب کردنی موچەی تقاعدی عەسکەری.

● دەرچوونی یاسای خزمەتو تەقاعدی هیزی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١) ساڵی ١٩٧٨ .

● لە چواری کانوونی دووەمدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری‌دا کە هەموو ئەفرادی هیزە چەکدارەکانو هیزەکانی ئاسایشی ناوخۆو سەرۆکایەتی موخابەراتی گشتی لە هەموو زانکوو کولیجەکانو قوتابخانەکان وەربگیرین یەبێ گوێ دان بە مەرجی تەمەنو موعەدەڵی ساڵانەو نیسبەتی دەوام .

● ١٣ی ئادار بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەوەی خێزانەکانی شەهیدانی سوپاو پولیس لە هەر خانوبەکدا نیشتەجێن لە نیسکانی غەربی بەغدا بە ناوی وەرەسەی شەهیدەکانەوە تاپۆ بکرێ .

● ١٨ی نیسان بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ نیجازەدان بەو نافرەتە سك پرانەی لە سوپادا کاردەکەن زیاتر لەو نیجازەیەی بەشێوەی ئاسایی دەدری .

● ٢٦ی نیسان بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی نیجازەی سود وەرگرتنو پشوو بۆ بریناران لە شەڕو خرکاتی عەسکەریدا بەپێی باری تەندروستیانو لەچوارچێوەی نەخشەی کەشەپێداندا .

● **١٨ی ئایار بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی زیاد کردنی موخەسساتی مانگانەی قوتابیانی کولیجی پۆلیس .**

● ١ی حوزەیران دەرچونی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەوەی هەر عەسکەریەك نقل دەکرێ بۆ دەرەوەی کاری شارەزایی خۆی بەهوی باری تەندروستیەوە هەمان ئیمتیازو مافی پێشوی بمێنێ .

● **٢ی ئاب کردنەوەی یەکەم دەورەی نافرەت لە سنفی پزیشکیدا .**

● ١١ی ئەیلول دەرچونی بریاری ئەنجومەنی شۆڕش بە لێبوردن لە خێزانی شەهیدانی هیزە چەکدارەکان لە کرێی کواستنەوە بە شەمەندەفەرو ئوتومبیلی کواستنەوە لە بەغداو بارێزگاکاندا .

ئیتر بەردەوام کاروانی شۆڕش دەستکەوتە دوای دەستکەوتەی مەزنی پێشکەش بە هیزە چەکدارە ئازاکانمان کردوە کە هەمیشە قەڵای پاراستنی یەکیتی نیشتمانی‌ی کاروانی ئاوەدانی‌و بەرەو پاشەرۆژی روناکتربوەو دەبێ .

● لەیادی دامەزراندنی سوپای نەبەزدا سڵاو لە رۆڵە جەنگاوەرەکانی گشت هیزە چەکدارەکانو سڵاو گیانی شەهیدانیان .

● سڵاو لە سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لەم یادە پیرۆزەدا .

> ئەوەی کە دەبێ هەوڵی بۆ بدەین ، بریتی‌یە لە پتەوکردنی بەیوەندی نێوان کاری کۆمەڵو کاری هێزە چەکدارەکان بەگوێرەی بنەڕەتەکانی کاری شۆڕشگێڕانە، لە پێناوی خزمەتی گەلو ئاواتەکانی نەتەوەدا .
>
> هاوڕێ صدام حسین

Institut kurde de Paris

کاریتی پیرۆزبایی نووسەرانی وڕۆشنبیران

بەبۆنەی بیرەوەری نۆیەمین ساڵەی دەرچوونی «هاوکاری» یەوە

بیرەوەری نۆ ساڵەی پیرۆزی لە دایك بوونی «هاوکاری»

دوکتۆر مارف خەزنەدار

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «هاوکاری»ی خۆشەویست ڕووی ڕێزی لێ نام. سوپاسی بێ پایان و سنوورور. بەم هۆیەوە ڕێگە بە خۆم دەدەم و جورئەت پەیدا دەکەم ڕاستەوخۆ لەگەڵ سلاو و تەبریك و جەژنە پیرۆزەی بیرەوەری نۆ ساڵانەی لەدایك بوونی هەندێ ئامۆژگاری پێشکەش بکەم. ئەمەتەنیا بۆ دەستەی نووسەرانی ئەم ڕۆژنامەیە نییە، هەموو ئیمەمانانی هەڵگری مەشخەڵی ووشەی کوردی پیرۆز دەگرێتەوە.

١ ـ ئەوروپایی‌یەکان دەڵێن، ڕۆژنامەنووس دەبێ بلیمەت بێ، دەبێ فەیلەسووف بێ، دەبێ زانیاری ئەنسکلۆپیدیابێ ئەگەر سیاسیش‌تەبێ دەبێ هەستێکی سیاسی‌ی ئەوەندە قووڵی هەبێ دووا ڕۆژیش بخوێنێتەوە!. ئەمە زۆر باش و بەجێیە! بەڵام ئەگەر هاتوو لە کۆمەڵێکی وەکو لای ئێمە ئەك تەنیا ئەمە بۆ ڕۆژنامەنووسێ ڕێك ناکەوێ، تەنانەت بۆ مامۆستایانی زانستگا و سیاسی‌یەکانیش ناگونجێ. ئایا لەم حالەدا دەبێ ئێمە بێ ڕۆژنامە و چاپەمەنی بمێنینەوە؟. بێ گومان، نا، دەبێ ڕۆژنامە و چاپەمەنیمان هەبێ، با ئەو کەسانەشمان تەبێ کە ئەوروپایی‌یەکان دەیانەوێ! چونکە کالا بە قەد بالایە. بەڵام شتێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە پێویستە ڕۆژنامەنووسەکانمان هەوڵ بدەن بن بە فەیلەسووف و شارەزا هیچ نەبێ لە سامانی نەتەوایەتی‌ی نەتەوەکەی خۆیان کە کوردە.

٢ ـ ماوەیێکە پرسیارێکی گەورە لە ناو مێشکمدا لە هەڵبەز و دابەز و شەڕ وشۆڕ دایە. لەوانەیە هەندێکی ئەم پرسیارە ڕۆژنامەی «هاوکاری» یش بگرێتەوە! پرسیارەکە ئەمەیە: لەبەر چی ئەوەی ڕەخنە دەگرێ ناوی خۆی لە سەر ووتارەکەی نانووسێ؟ باشە ئەوا ئەو کەسە وای دەوێ! بەڵام بۆچ ڕۆژنامەنووس بەمە ڕازی دەبێ؟! تۆ ئەگەر بلیمەت بی و سوود بە خەڵکی بگەیێنی و نەتەوێ بناسرێی، لە بەر ئەوە ناوی خۆت نەنووسی، ئەمە کارێکی بەجێیە.. بەڵام بێی ڕەش و سپی لە بەکتری جودا بکەیەوە، یا خود خۆت بکەی بە ئەفلاتوونی حەکیم و کەچی تەنیا مەقسەدو مەبەست بڵند کردنی دۆستێکی خۆت و نزم کردنی دوژمنێکی خۆت و دۆستەکەت بێ، کەچی نەوێری ناوی خۆت بنووسی! ئەمەیان ئەتیکێتی نووسین ڕەتی دەکاتەوە. کارێك کە گفتوگۆ و تە نگو چەڵەمەی تێدا بێ، دەبێ بە ئاشکرا و ڕوو بە ڕوو بگەیێنرێتە ئەنجام.

٣ ـ هەندێ لە هاوڕێ و دۆست و قوتابی‌یانم، پرسیاری ئەوەم لێ دەکەن کە بۆچ من وەڵامی هیچ جۆرە ڕەخنەیێك نادەمەوە، لەو کاتەی کە دەزانن من تووانای ئەمەم هەیە. لە وەڵامدا دەڵێم ڕەنگە «هاوکاری» لە هەموو چاپەمەنی‌یێکی کوردی تر، کە خۆم کاری تێدا نەکەم، کەمتر تووشی ئەوە بوو بێ کە من وەڵامی ڕەخنە لە سەر لاپەڕەکانی بدەمەوە. لەبەر ئەوەیە لێرەدا دەڵێم هەموو نووسەر و هونەروەر زانایێکی ڕەسەن دەست لە کاری وا وەردەدا کە کارەکە خۆی لە خۆی‌دا شت بێ و ساتمەی تێدا کرابێ! بەڵام داخی گرانم بە دەگمەن ڕوو بە ڕووی «ڕەخنە»ی وا هاتووم، لە بەر ئەوە خۆ خەریك کردن بە کاری لەم بابەتە وەخت بە فیڕۆ بردن و بە بادادان نەبێ هیچی تر نییە. ئەوەی بە ناوی «ڕەخنە»وە لاپەڕەی سپی بە شتی ڕوپووچ بردەکاتەوە زیان بەخوێنەوارێ کورد دەگەیێنێ، وە ئەوەی وەڵامی شتی ڕوپووچیش دەداتەوە دەبێتە شەریکی ئەو کەسە و لاپەڕەی تری سپی بێ سوود ڕەش دەکاتەوە.

ئەمە هەندێ تێبینی‌ی‌ی ڕۆژنامەنووس و موعەلیمێکە لە جارەکە سەدەیێك زیاترە لەم دوو مەیدانەدا دەجەنگی بۆ برا و هاوڕێ و قوتابی‌یانی دڵسۆزی مەیدانی ڕۆژنامەی «هاوکاری»ی خۆشەویست. لە هەموو شتێکیش گرنگتر بۆ سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانج بەردەوامی دەستەی نووسەرانە، گۆڕین زیان بە ڕۆژنامە دەگەیێنێ، بەڵام لە بێژنگ دان وتەتەلەکردن سوود بەخشە با «هاوکاری» هەر هەر بمێنێ بۆ بەرز کردنەوەی ووشەی کوردی، بۆ ڕۆشن کردنەوەی کوردستان بە ڕووناکی‌ی زانستی‌و زانیاری.

مارف خەزنەدار
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی کۆلێجی ئەدەبیات

سڵاو لە «هاوکاری» و نووسەرانی

هاوکاری جەژنی نۆ ساڵەیەتی. سوپاس بۆ ئەوەی ئەمجارە منیشیان خوێندۆتەوەو داوای چەند دێڕێکیان لێکردم. زەحمەتە بەچەند دێڕێك هەموو لایەنێکی ئەم ڕۆژنامەیە هەڵسەنگێنین،

دەی.. هاوکاری زۆری کردووە، تاقە ڕۆژنامەی حیاسێیە لە مێژووی نەتەوەی کورددا کە هێندە بەردەوام بووبێتو وا بەڕێکو پێکی دەرچووبێت. سنگیشی بۆ هەموو نووسەرانو بۆ زۆربابەتی نووسین کراوەو فراوانبوو.

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا باسی قوتابخانەی گۆڤاری «گەلاوێژ» دەکرێت. لەڕووی ئەوسنگ کردنەوەیەو ڕێگەدان بە قەڵەمی تازە، هاوکاری ئەرکی قوتابخانەی گرتۆتە ئەستۆ، ڕەنگە دەیان نووسەرو شاعیر هەبن، هەر لەم دە ساڵەدا دەستیان دایە نوسینو لە سەر لاپەڕەکانی هاوکاری‌قەڵەمیان لە هەستاوداو بەرەوپێشەوە ڕۆیشتن. لەم ڕووەوەو لەڕووی هەمە ڕەنگی نووسینەوە جێی‌هاوکاری لە ریزو ڕێزەوی ڕۆژنامەگەری کوردیدا تۆمارێ دەکرێت.

بەڵام «هاوکاری» خۆی لەدەستگایەکی ڕەسمی‌یەوە دەردەچێت، لەبەر ئەوە، دەبێ زۆر دووربێت، لە بیرکردنەوەی دەستگایەکی لیبرالی‌ی بۆ ڕژوازی‌یەوە، بۆ ئەوان، واتە بۆ دەستگا بۆرژوازی‌یەکان قانزاجی ڕۆژانە، واتە: پارەو پاراستنی چوارچێوەی گشتی‌ی بەرگریی سەرمایەو سەرمایە داری چرای‌ڕێگەیە، هەر لە بەر ئەوە بەڕەڵایی‌یەك ڕەواج بەخشێ.

● پەسند دەکرێتەو ڕەنگە ناوبنرێ دیموکراتیتی. بەڵام دیموکراتیزمو لیبرالیزم زور لەیەك جیان دەبێ ڕۆژنامەیەکی وەك هاوکاری تەواو لەیەکتریان جیا بکاتەوە.

لە گەڵ پێشکەوتندا بوون، هەموو ڕێڕەوەکە ڕێ‌نیشاندەر بێت. لەم باری سەرنجەشەوە سنگ فراوانی بۆ سەربەستی‌ی باوەڕ، سەربەستی‌ی ڕای ئەدەبی، سەربەستی‌ی هەڵبژادنی باسو ڕوخسارو بابەتی ئەدەبی، تەنانەت ئوسلووبو زمانیش شتێکی پیرۆزە.

من دوورم لەکاری ڕۆژنامەی هاوکاری‌یەوە، بەڵام هاوکاری سەر بەدەستگایەکی ڕەسمی دەتوانێ بلانو نەخشەی دەساڵی داهاتووی دابنێت. ئێستا جەژنی هاوکاری‌یەو دەبێ پیرۆزبایی لەو ڕۆژنامە کارامە فەشەنگەبکەین. بەڵام بۆ ئەوەی بۆ هەموو دەستگایەکمان، چ بۆ چەند ساڵەی ڕابوردوو چ بۆ پلانی داهاتوو پرسیارێك هەبە، هەموو دڵسۆزێك دەیکات.

ئەو ڕۆژنامەو دەستگایە، لەیەکخستنی زمانی ئەدەبی‌ی بەگگرتوودا، لە نەهێشتنی باشاگەردانی‌ی ئیملاو ئیستیلاحدا چەند هەنگاوی ناوە. ئایا ڕۆڵی لە پێشخستنو چارەسەرکردندا بووەو بەرەو یەکگرتن چووە، یا هێندەی‌تر قوڕەکەی خەستتر کردۆتەوە. شادمانین کە هەموو ڕۆژنامەو دەستگاکان وەڵامی باش بۆ خۆیان بدەنەوەو لەکەی دواختن لەسەر خۆیان لادەن.

ئەو هیوابەشم بەهاوکاری زۆرە.

سڵاو بۆ ڕۆژنامەکە، بۆ نووسەرانی، وەرگێرانی، کریکارانی، بەڕێوەبەرانی.

پایەدار بێت.

دکتور عیزەدین مستەفا ڕەسوول
سەرۆکی یەکێتی‌ی نووسەرانی کورد

چەپکە گوڵی پیرۆزبایی

ئەم نۆساڵەی تەمەنی ڕۆژنامەی ئازیزی «هاوکاری» خۆی‌لە خۆیدا قوتابخانەیێکی ڕۆشنبیری هاوچەرخی کوردی بووە.

«هاوکاری» بەدەیان قەڵەمی کۆڕەو خەملیوو کارامەی گرتۆتە باوەشو چاوی سەدان بەلکو هەزاران لاوی کوردی لە دونیای بێ‌پایانی ئەدەبو هونەرو ڕۆشنبیریدا کردۆتەوە.

بەگشتی «هاوکاری» بەشێکی گەشی ڕەوتی ڕۆژنامە نووسی هاوچەرخی کوردی‌یە. ئومێدم وایە ساڵ لەدوای ساڵ زیاترو بەگوڕتر خزمەتی وشەی ڕەسەنی کوردی بکات.

بەبۆنەی داگیرساندنی دەمین مۆمی (هاوکاری)یەوە چەپکێ گوڵی پیرۆزبایی پێشکەشی بەدەستەی نووسەرانی‌و هەموو ئەو کەسانەی بەتەنگ وشەی ڕەسەنی کوردی‌یەوەن، دەکەم.

ممتاز حیدری

● نۆساڵ لە ژیانی مرۆڤدا، تەمەنێکە ڕێگای پێشکەوتن دەدا بەمرۆڤایەتی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو نۆ ساڵە، تەمەنی ڕۆشنبیری‌و تورەو ئەدەبێت، نەخاسما ئەگەر لەناو میللەتێك وەکو میللەتی کورد بیت.

ئەو نۆسا لەی کە لە تەمەنی ڕۆژنامەی (هاوکاری) کە دەرگای ڕۆشنبیری بو بۆ هەموو هەست‌و نەست‌و هەموو قەلەمێکی دڵسوزی کورد کە ئەم ڕۆژنامەیە لە ئامێزو کۆشی کردون‌و خزمەتی ئەدەب‌و تورەی کوردی بەدڵسۆزی دەکرد ئینجا لە کانگای دڵەوە پیرۆزبایی کۆژاندنەوەی مومی نو هەم لەتەمەنی «هاوکاری» دەکەم بە ئومیدی هەڵکردن‌و درەشانەوەی مۆمی دەهەم بۆ خزمەتی ڕاستەقینەی ئەدەبی کوردی.

دکتور نافع عقراوی.

لەداگیرساندنی مۆمی دەهەم ساڵی تەمەنی (هاوکاری) ئازیزدا، پیرۆزبایی گەرمی هەموو ئەو خۆشك‌و برایانە دەکەم، کە کاری تێدا دەکەن‌و درێژە بە ژیانی ئەم ڕۆژنامە خۆشەویستە دەدەن‌و، بەم کارەشیان خزمەتێکی گەورەو دیاری زمان‌و گەلەکەمان دەکەن‌و ڕۆژنامەگەری کوردیشمان بەرەو پێشتر دەبەن.

ئومێدیش دەکەم لە ڕۆژێکی نزیکدا، ببێتە ڕۆژانەو، هەموو بەیانیانێك لەپاڵ ڕۆژنامەکانی تردا چاومان بێ‌ی ڕوون بێتەوە،

عبدالوهاب تالەبانی

بیرەوەری‌یەك بەبۆنەی ساڵی نوێی ڕۆژنامەی «هاوکاری» یەوە

زانستگای بەغدا
شوگرمستەفا

لە بیرمە سێ و چوار ساڵ لەمەوپێش بە نووسینەکانی یەشار کەمالەوە بووم. بۆ ـ خۆشم نەمدەزای چیکەم.. لە لایەکەوە دەمخوێندنەوە، لەلایەکەوە ـ وەگو لە دەستم هەڵنێن ـ دەمکردنە کوردی، نەخێرنەوا نەی خوێندبوومنەوە جارێکی‌دیکەیان پێدادەچوومەوە ئەوانەی کردبوومنە کوردی جارێکی دیکەیان پێدادە ووەمەوە. ئیدی هەر ئەم‌بەر و ئەوبەرم بوو، نەمدەزانی لەم‌بەرم‌با.. .. تا خۆم لەوبەرەوە گرتەوە و «ئەفسانەی چیای ناگری» م سەرلەبەر کرد بە کوردی.

بەڵام بۆ بڵاوکردنەوەی هەر ئەوەبوو زیرە نەکەم... شەت و شتبر نەبم.. بە کێوان نەکەوم... سەری ئەم دنیا هەراو بەرینەم لێ‌وێك‌ـ هاتبوە... شەوانە خەونم بە چاپخانە و دامودەزگای چاپەوە دەدیت، هەندێ جار، بە ڕۆژ قسەکانی «سۆفی» و «ئەحمەد» و «گوڵبەهار» و «بەگی‌خۆشاب»و«ئاسنگەرە ناگربەرست» ەکە و قارەمان و کەسانی دیکەی‌نێو ئەفسانەکەم دووپات‌دەکردەوە... لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

خوادایە دەنگ‌و باسی ئای کە چەند دڵخۆشو شادمانم کە نۆ ساڵ بەسەر دەرچوونی ڕۆژ نامەیێکی کوردی‌دا تێدەپەڕێ‌و پێ‌دەنێتە دەیەمین ساڵەی تەمەنی پر لەخزمەتگوزاری‌و هۆشیارکردنەوە. ئاخر چ کورێك بەوە شادمان نابێت کە ڕۆژنامەیێکی وەك ڕۆژنامەی هاوکاری نۆ ساڵی خشتت بەبێ چۆك دادان وسڵەمینەوە درێژە بەگەشتی خەباتی خۆی بدات‌و لاپەڕەکانی وەك پەیامێکی گەش تازەترین تاقیکردنەوەی ڕۆژنامەگەریتی‌و بەپێزترین بەرهەمی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری داهێنەرانە بە وڵاتی خوێندەواران بگەیێنێ.

من لێرەوە بەبۆنەی داگیرساندنی دەیەمین مۆمی تەمەنی ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویستەوە گەرمترین پیرۆزبایی. لە دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی‌و دەستەی نووسەرانی هاوکاری‌و هەموو خوێندەوارێکی کورد دەکەم.

سەعدوڵڵا پەرۆش

بەبۆنەی داگیرساندنی مۆمی دەیەمی ڕۆژنامەی هاوکاری

دەست درێژ دەکەم‌و مۆمێ دادەگیرسێنم، ئەو مۆمەش دەخەمە ریزی نۆ مۆمی تری داگیرساو، کاتێ کۆیان‌دەکەمەوە دەبێتەدەساڵدە ساڵیش لە تەمەنی ڕۆژنامەیێکا لەو ڕۆژنامانەی کە بە زمانی کوردی دەردەچێت، ناوی (هاوکاری) یە.

بێ‌شك ئەو ڕۆژنامەیە لە بواری خزمەت گوزاری‌و پەرەپێدانی وێژەی کوردی‌و پێگەیاندنی نوسەرانی کورد بێ بەش نەبووە. ئەگەر بەرکۆژەی بترازێنم... ڕام وایە نزارێکی سەوزو خوورەو قەڵەزەیێکی دڵ تەزین دەبینم‌و دەبێستم، هەر چەندە لەکەم‌و کوڕیش گیرفان بەتاڵ نەبووە، بەڵام لە گەڵ هەموو کەم‌و کورینەکانیداوە گوڵاڵە درەوشاوەکانی خویمان نیشان دەدەن.

بەم بۆنەیەوە پیروزبایێکی گەرم‌و ملوانکەیێ لە گوڵە مێخەکی دەم تەنگ‌و قەشەنگ بە ملی ڕۆژنامەی هاوکاری‌و دەستەی نوسەران‌و کریکارانی وەدەکەم وە هیوای بەرز کردنەوەی ناستی ڕۆشنبیری‌و هونەری‌و وێژەیی بۆ دەخوازم وە زۆر بە پەرۆشەوەش بە ئاواتەوەم ئەم ڕۆژنامە یە لە هەفتەیی یەوە بێت بە ڕۆژانە، بە خۆشنودی‌و پیروبابیەوەشەوە هەموو نوسەرێکی بەشەرف‌و ڕاستگو نێرگزە باران دەکەم، هەر گەشاوە بێ‌ووشەی کوردی ڕەسەن.

محسن ئاوارە

«هاوکاری»

ڕەوتی سەرکەوتوانەی ڕۆژنامەی کوردی

ئەوەی تۆزێ سەرنج لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری بدا بۆی دەرئەکەوێ کە هاوکاری ڕوودا‌وێکی ئەدەبی‌و جوڵانەوەیەکی بیری‌و هونەری خستۆتە ناو ئەدەبەوە... لاپەڕە یەك‌و دووی بە دەنگوباسی ناوخۆو گەلانی جیهانی هەمیشە خستۆتە ڕوو.. ئەو ڕووداوە گرنگ‌و کارەساتانەی بەسەر گەلانا دێت لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە دەنگ ئەداتەوە.. لە مەیدانی پەرەپێدانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری هەنگاوێکی گەورەی بریوە.. گەڵێ کادرو ڕۆشنبیری دروست کردەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەیوەندیان بە جەماوەریشەوە بووە.. هەوڵی گەیاندنی دەنگوباسی نوێ بووەو لە زیندوکردنەوەی کە لەبوری نەتەوایەتی‌و زیندوکردنەوەی یادی شاعیرو زاناکانی کورد درێغی نەکردوە.. لەروی ئیکۆلینەوەو ڕەخنەگرتنە وە هوری خۆی بینیوەو دەستی خاوەن بەهرە پێگەیشتوە تازەکانی گرتوە بە نیازی جێگیر بوون‌و هاندان‌و بەردەوامیان لە نووسین. لە سەر لاپەڕەکانی هاوکاری ئەوە بەدی ئەکرێ کە گرنگی بەکاروباری ئابوری‌و فۆلکلۆرو وەرزش‌و خێزان داوەو گرنگی بە بڵاوکردنەوەو ئاگادارکردنی هەموو کۆڕە ئەدەبیەکان کەلە شارەکانی کوردستان‌و مەلبەندی گشتی ئەکرێ‌و ئەگیرێ. هەوڵی بڵاوکردنەوەو خستنە ڕوی هەموو بەرهەمێکی تازەی چاپکراو داوە. بێجگە لەمانەش لە کۆتایی لاپەڕەکاندا گرنگی بەبڵاو کردنەوەی جیرۆکی منداڵان داوە.

لە گەڵ ئەم هەنگاوە چاك‌و سەرکەوتوانەی کە لە ڕەوتی هاوکاریدا ئەبینرێ، دەبینین گرنگی بەوەرگێڕان کەم داوە.. هیوادارم لەگەڵ ئەم سەرکەوتنا نەبدا هەوڵی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی بەسوود بدا.. بەبۆنەی ساڵی تازەوە هیوای تەمەن درێژی‌و پێشکەوتنی‌و گەشەسەندنی ڕۆژنامەی هاوکاری دەخوازم.. پیرۆزبایی‌یەکی گەرمم پێشکەش بە کادرەکانی هاوکاری ئەکەم کە کاتەکانیان تەرخان‌کردوە بۆ بەرزبوونەوەو پێشخستنی ڕۆژنامەیەکی کوردی.

د. شکریە ڕسول

بانگە وازێك

لە ڕۆشنبیرانی کورد

کاربەدەستانی بەڕێز، ڕەزامەندیی خۆیانیان پیشان داوە کەوا دوکتۆر عزالدین مصطفی ڕەسوڵ بە سەرۆکی نووسینی گۆڤاری «نووسەری کورد» کە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەری ئەکاو، چی بویست بێ‌کراوە بۆ ئەوەی بە کەمین ژمارەی خولی نوێی گۆڤارەکە دەربکرێ.

ئەم ئۆڤارە، بەبارمەتیی ڕۆشنبیرانی کورد، گۆڤاری ئینتۆلیجینسیا‌ی وردو بابەتی بەپێز شیعرو جیرۆکی هونەرمەندانە ئەبێ لەبارەی شێوەوەو، پێشکەوت خواز لە بارەی ناوە ڕۆکەوە.

بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو ڕۆشنبیرانی کورد تەکەین، ئەندامی یەکێتی بن یا نە، لەوانەی بە خۆیانەوە دا ڕانەبەرموون، بەرهەمی خۆیان یا بەرهەمی وەرگێڕاوی بڵاوکەن بۆ بنێرن، بە مەرجێ بە خەتێکی ڕۆشن‌و لە سەر یەك ڕووی قاقەزەکە نووسرابێتەوەو بەم ئادریسەی بنێرن:

بغداد ـ الوزیریة
مقابل کلیة التربیه الریاضیه
بنایة جمعیه الثقافه الکردیه
مجلة «نووسەری کورد»
دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «نووسەری کورد»

Institut kurde de Paris

کارگەرانی «هاوکاری» دەربارەی «هاوکاری» دەدوێن

گیروگرفتی گەورەمان نەبوونی چاپخانەیەکی تایبەتی یە • ئاواتی بەرزمان دەرچوونی هاوکاریە بە رۆژانە • ئێمە ئامادەین بۆ زیاتر خۆماندووکردن

بیرەوەری یەکی خۆشەویست

لەژیاندا چەند بۆنەو بیرەوەری یەك هەیە ، بەلام هەندێکیان بەرچاوو جیاوازن ، لەبەر چەند هۆیەکی جۆربەجۆر ، جاهۆیەکە ئەنجامەکەی یاخود بایەخەکەی بێتو ، ئەم بیرەوەری یانەش لەهەموو بۆنەیەکدا دێنەوە یادی مرۆڤو شایەی و زەماوەندو ئاهەنگیان بۆ ئەگێڕێ ...

سەبارەت بە ئێمەی رۆشنبیرانی کورد ،لەدایك بوونی هاوکاری ئازیزو خۆشەویست لە ٩-١-١٩٧٠دا بۆنەیەکی زۆر خۆشەویستە لە مەیدانی رۆشنبیریو رۆژنامەنووسیدا ، ئەم رۆژنامەیە کە لەسەر لاپەڕەکانی هەزاران بەرهەمی شیعرو چیرۆك و رەخنەو ئەدەبی بلاوکردۆتەوە ، سەرەڕای چەندین بابەتی جۆراوجۆری سیاسیو فیکری ، بووە بە قوتابخانەیەك سەدان ئەدیبو نووسەرتێیدا بێگەیشتوون . ئەمەش مایەی فەخرو شانازیی یە بۆ گشت ئەوانەی کاری تێدائەکەن .

بیرەوەری نۆیەمی لەدایك بوونی هاوکاری ئەو دەسکەوتە گەورانە ئەخاتەوە بیر کە شۆرشی حەفدەی تەموز بۆ کۆمەڵانی خەلك بەدیهێناون ، ئەو دەسکەوتانەی کە ناتوانرێ لەیەکتری دابڕێن ،جا لەبواری رۆشنبیری یاخود تەندروستی یان ئابوری دابن ، هەروەها

لەم دەسکەوتانە ، دامەزراندنی دامو دەزگاکانی نۆتۆتومی بۆ گەلی کوردمان .

دەنگی وشەی شەریفو پێشکەوتنخوازی کوردی بەشێکە لە ئالای بنیاتنانی عێراقێکی سوشیالیستی تێکۆشەرو هەر لەم رۆژنامەیەشدا بەرزو شەکاو ئەبێت .. ئەویش لەرێگای بەکردەوە بەشداری کردنی زوربەی رۆشنبیران بەنووسینی لەسەر لاپەڕەکانیو دەربڕینی تێبینیو رەخنەی دڵسۆزانە یان لەپێناوی پەرەپێدانی ، منیش وەك یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی گەکاری تێدا ئەکەم هەست بەوپەڕی خۆشیو شادمانی ئەکەم بەرامبەر بە هەموو تێبینی یەك کە بەرگوێم بکەوێو مەبەستی خزمەتو سوودو قازانجی گشتی بێت ..

سلاوی گەرمو گوڕ لە گشت ئەو برادەرانە کە لەمەوبەر کاریان لەم رۆژنامەیدا کردوەو ئێستا کاری تێدائەکەنو ... لەو سەربازە نەناسراوانەی کە شەو نخونی بۆ ئەکێشنو تێدەکۆشنو بگرە لەپێناویدا خۆیان بەخت ئەکەن .

● مصلح جەلالی

«هاوکاری» دەیەمین مۆمی تەمەنی دادەگیرسێنێ

تەمەنی رۆژنامەگەری کوردی وا هەشتا ساڵی خشتی پڕکردەوە . بەڵام بەدرێژایی ئەو ماوەیە دیاردەی تەمەن کورتی ئەو گوڤارو رۆژنامانەی دەرچوون ، بەردەوام بە کۆڵی یەوە بووە ، تەنیا لەچەند حاڵەتێکدا نەبێ کە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن کە زۆربەشیان بەر ئەم دە ساڵی دوایی یە دەکەونو لەوانە ئەم (هاوکاری) یەی لەمەڕ خۆمان کەوا لەم ژمارەیەوە مۆمی دەیەمی تەمەنی دادەگیرسێنێو ئەمەش بێگومان جێگەی شادمانیی هەمووانە .

نۆ ساڵ لەتەمەنو بەردەوامی دەرچوونو بە تراناو دەبەڵاتێکی باشیشەوە، بەو حسابەی کە لە لایەن دەولەتەوە دەردەکرێو کەچی هێشتا کۆسپی ئابوری هەر

لەبەردەمدا ماوە کە بەری ئەوەی لێدەگرێ گوزمی تەواوی بەرەو پێشکەوتن بدا ، گەورەترینی ئەو کۆسپانەش نەبوونی چاپخانەیەکی تایبەتی یە کە کادری کوردی زانی هەبێو تایبەتی بۆ رۆژنامەکە تەرخان کرابێ .

سا بەو هیوایەی ساڵی داهاتوو ئەم ئاوانەمان هاتبێتە دی ، بۆ ئەم ساڵ گەرمترین پیرۆزبایی لە خۆمانو لە خوێنەرانی (هاوکاری)ی ئازیز دەکەم .

حسین عارف

پێش ئەوەی ئامادەکردنی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەم پێبسپێرێ گەلێ بابەتی جۆر بەجۆرم دەهاتە لا بۆ ئەوەی وەری بگێڕمە سەر زمانی کوردیو لە رۆژنامەکەدا بڵاوبکرێتەوە ، لە بەر ئەوە هەرچەندە دەموبست کارەکە بەجەشنێ بە ئەنجام بگەیەنم کەتێیدا رووسووربم ، بەڵام بەداخەوە بۆم نەدەکرا چونکە وەك دەزانن مرۆڤ خاوەنی هەستو هۆشی

خۆیەتیو شتێ کە بۆی نەلوێ بیکا ، ئەگەر تاویشی بداتێ هەر خۆڕایی یەو تێیدا سەرکەوتوونابێ .

بەڵام ئێستا کە ماوەیەکە رۆژنامەکە ستافی تایبەتی خۆی هەیەو هەر کەسە بەگوێرەی زەوقو توانای خۆی لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی پێسپێراوە ، مەسەلە کە جۆرێکی ترەو بۆتە مایەی پێشکەوتنی رۆژنامەکەو تەکانێکی باشی پێوەدیارە ، بەڵام ئەوەی کە زیاتر دڵی هەموان خۆشی دەکاو ئاواتی هەموومانە ، ئەوەیە کە رۆژنامە کە چاپخانەی سەربەخۆشی بۆ زامن بکرێو لەگەڵ هەموو هەڵو مەرجێکی تری تەکنیکیو کادیرداو تا هورنەبێ بەلانی کەمەوە هەفتەی دووجار دەربکرێ ، تا وەکو رۆژێك دێت ئەویش لە ریزی دەستەخوشکەکانی تریدا هەموو رۆژێ خۆی بەدەست یارانی یەوە دەبینێ ...

کریم احمد سعید

هاوکاری بەگیانێکی کۆڵ نەدانو بەڕەوتێکی پڕ لەدڵسۆزیی پێشکەوتنخوازانەوە لەماوەی ئەو نۆساڵەدا کە ناوی هاتۆتە دنیای رۆژنامەگەری کوردیەوە ، هێندەی بۆی لوابێو ماوەی هەبووبێت دەوری خۆی لەودنیایەدا بینیوە ،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، هاوکاری بەگیانێکی پڕ لە باوەڕەوە هەوڵێکی زیاتری داوە بۆ ئەوەی لەکاروانی رۆژنامەگەری دوانەکەوێتو لەو بوارەشدا چالاکانە توانیویەتی کۆمەڵێکی زۆری لە ئەدیبو رۆشنبیرانی کورد لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوەو ئاشنایەتیەکی فراوانو بەرین لەگەڵ خوێنەراندا پەیدا بکا ..

ئێمە کە ئەم ستایشە رەوایەی هاوکاری دەکەین ئەوەمان لەبیر نەکردووە ئەو راستی یە بڵێین کەدەبێت لە ئێستای چاکتر بێت چ لە بارەی شکلو چ لە بارەی ناوەڕۆکەوە .

ئێمە داسۆزانە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵ ئەدەین و دڵنیاین لەوەی کە هیچ هەوڵێك بەبێ ئەنجام دەرناچێت .. هیوادارین کە نەك هەر هەفتەی جارێك بەڵکو هەر رۆژەی جارێك دەرچێت بۆ ئەوەی بتوانێ دنیای رۆشنبیری کوردبمان زیاتر رۆشن کاتەوە .

● نوری حەیران ●

سلاوێك بۆ نۆ خەرمانەی هاوکاری

بار ئەم وەختە بەبۆنەی تێپەڕبوونی هەشت ساڵەوە بەسەر لەدایك بوونی « هاوکاری »دا جەژنمان گێڕا . وا ئەم ساڵیش جەژنی نۆ خەرمانەی ئەگێڕین .

مەزنترین خۆشەویستی ، جارجارە زوبریو دڵشکانی تێدا ئەبێ . بیاو ، لە سەر ناڕێکیەك ، زۆر جار لە خۆشەویستترین کەسی خۆی ئەڕەنجێ . منیش ، ئاوەڵیەتی خۆم لەگەڵ « هاوکاری »دا بەم جۆرە دێتەپێش چاو . بەڵام لەهەموو دڵ شکانێکدا ، لەهەموو لێ رەنجانێکدا ، لەو پەری هەڵچوونو توڕەیی دا ، لەناخی ناخەوە هەر خۆشعم وبستوە ، چونکە بەقەناعەتەوە هاوکاریم لەلا سوارێکە ، لەو کۆمەلە سوارەی کە لە نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەرەوە یەك لەدوای یەك ، ئاوزەنگیان لێداوەو تائیستا بەرەو ئاسوی رووناك هەر خۆیان ئەکوتن .

هۆیەکی تری ئازیزی ی هاوکاری لام ئەوەیە دوو

کلاورۆژنەی داومەتێ کە لەگەڵ « کۆمەڵانی خەڵك »و «داستانی ژیان »ی هونەرمەندی بلیمەتی مەزن چارلی چاپلن دا سەرو کارم هەبێ ئەمە بەلامەوە گەورەترین چاکەی هاوکارین لەسەرم کە لەبیری ناکەم . چونکە لەیەکەمیانەدا رێی داوم شەرەفی هاوبەشی کردنی کۆمەڵانی خەڵکم هەبێ لە خواستو وبستو هەندێ لەئاواتەکانیاندا و بارمەتی بدەم لەچارەسەر کردنیاندا، لەدووەمیشدا کە خوێنەری کورد بە ژیانی پڕ لەخەباتو رەنجی بلیمەتێکی پێشکەوتنخوازی وەك چارلی چاپلن ئاشنابکەم

ئەمین شوان

خۆشحالم بەوەی یادی بیرەوەری ٩ ساڵەی هاوکاری خۆشەوبست بکەمەوە ، بەم بۆنە پیرۆزەوە پیرۆزبایی لە هەموو برادەرانو خوێنەرانی خۆشەوبست ئەکەم .

هەرچەندە هاوکاری لە ماوەی تەمەنی خۆیدا تووشی خۆشیو ناخۆشی بووە هەنگاوی ناوە بۆ پێشەوە .

لەگەڵ ئەوەشا هیوادارم لەم قاوغەی ئێستای دەرچێتو چوارچیوەکەی خۆی بشکێنێو نەك لە هەوتەبەکا یەك جار دەرچێت بەڵکو ببێ بە رۆژانەو بکەوێتە بەردەم خوێنەرە خۆشەوبستەکانو بتوانێت ببێ بە خاوەنی چاپو دەزگای چاپەمەنی تایبەتی خۆی بۆ

ئەوەی پتر خزمەتی وشەی کوردی بکات ..

لەم رۆژە پیرۆزەدا ، هیوام وابە ساڵێکی تر ئەم وەختە کە جەژنی دە ساڵەی هاوکاری دەگێرین چەندین دەستە خوشکیتر ، لە پاڵ هاوکاریدا لە ئاهەنگی دەساڵەماندا بەشداری بکەن .

عبدالله باباعلی

لەبەر ئەوەی ئەبلێم خوزگە ساڵی دەیەم « هاوکاری » چاپخانەی خۆی ئەبوو ، ئەوسا خوزگە « هاوکاری » دەبووبەرۆژانا ... خوزگە « هاوکاری » دەگەیشتە دەستی هەموو خوێنەرێك و ... شادمان بوونایە بەقەدەر ئەوەی ئێمە لەگەڵیا هیلاك دەبین .

● عبدالله عباس ●

نۆ ساڵو ... لە خۆزگەیەك زیاتر ...

لە بیرەوەری ٩ ساڵەی تەمەنی « هاوکاری »داو داگیرساندنی مۆمی دەیەمی تەمەنی کاروانی داهاتویدا ، خۆشەویستی زیاتربۆ وشەی کوردی پیرۆز کە نۆ ساڵە ئەم رۆژنامەیە خزمەتی دەکاو ئێمەش کە بەشانازیەوە هەموو ساڵەکانی تەمەنیمان لەگەڵیا بردۆتە سەروو شەونوخونیمان کێشاوە لەگەڵیاو بەگەیاندنمی بەخوێنەرانو رەزامەندیان لە لاپەڕەکانی شادمان بووین ، هیواو خواستمان لە دەست پێکردنی هەنگاوی دەیەم ساڵدا بۆ « هاوکاری »و کارگیرانی یان بۆ رۆژنامەی کوردی زۆرە ، هاتنە دی ئەرکی هەمووانی ئەوێ . . .

لە وەرژەوە تا ئەمڕۆ کە نۆساڵ بەسەر لەدایکبونی رۆژنامەی هاوکاریدا تێدەپەڕێ یادگارێکە لە لایەکەوە بۆ دەرامەتیمان بیر ئەخاتەوەو لەلایەکی ترەوە بەتەنگەوە هاتنو کۆڵ نەدانو بەرگە گرتنمان ئەهێنێتەوە بەرچاو ..

بێ دەرامەتیو کەم دەستی ئەم رۆژنامەیە گەلێشتە . لەسەرو هەموبانەوە ئەوەیە کە خۆی خاوەنی چاپێك نیەو لەگەلێ چاپخانە چاپ کراوەو ئەوانەشی وشەکان لێ ئەدەن هیچیان کوردی نازانن کە ئەمە ئەبێتە هۆی دروستبونی چەوتی وشەو دیڕو تێکدانی نوسینەکەو هەمدیسانەوە سەرپەشەیەکی زۆریش بۆ کارگەرانی ئەم رۆژنامەیە بەدیا ئەکا .

لەبەر تێدانی بە بوونی چاپخانەیەکی تایبەتیو کرێکاری کورد بۆ لایەنێ ..

کارێکی زۆر پەسەندو پیرۆزە بۆ رۆژنامەی هاوکاریو ماوەیەکی ئەوتۆی بۆ رێك ئەخات کە نەك هەر هەفتەی یەك جاردەرچێ بگرە بێتە رۆژنامەیەکی رۆژانەو منیش بەم بۆ نە گەشەوە پیرۆزبایی خۆم بەبۆنەی یادی نۆیەمین ساڵی لە دابکبونی بەوە لەهەموو کارگیرو کارکەرانیو هەموو پێنوسێکی جوان نوسو هەموو روناك خوێنەرەوەیەك ئەکەم .

مجید ندیم

چاپخانەیەك بۆ رۆژنامەو چاپەمەنیەکانی تری دەزگاکەمان دەستگیر ببێو کادیرو شارەزای خۆی هەبێ تاوەکو بتوانن رۆژنامەکە بەرۆژانەو بەشێوەیەکی رێکوپێك دەربکەن . چونکە هاوکاری وەکو رۆژنامەیەکی هەفتانە مەیدانێکە بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆك و شیعرو وتاری رەخنەیی و لە هەمان کاتدا دەورێکی گەورەی لەپێشخستنی ئەدەبی کوردیو زمانی کوردیدا هەیە .

زادوق آدم

ئەوەی راستی بێت نزیکەی دوو ساڵە لەم رۆژنامەیەدا کار دەکەم لەم ماوەیەدا فێری ئەوە بووم چۆن خزمەتی زمانە خۆشەویستەکەم بکەم کەزمانی کوردیە ، هاوکاری لەژێر سایەی شۆڕشی(١٧)ی تەموزی نەتەوایەتیدا پێشکەوتنێکی باشی بەخۆیەوە دبوەو توانیویەتی زیاتر لەبارەی گیروگرفتو ئامانجەکانی گەل بدوێت ئاواتە خوازم رۆژنامەی هاوکاری ببێتە رۆژنامەیەکی رۆژانەو زیاتریش پەرەی پێبدرێت چ لە رووی بابەتەکانو چ لە رووی چاپەمەنیەوە هەزار سلاوی ریزلێنان بۆ نۆیەم بیرەوەری هاوکاری ئازیز . سوپاسیش بۆ ئەو نووسەرو ئەدیبانەی کەوا تواناوخواستی خۆیان بۆ خزمەتی گەل تەرخان کردووە .

« سەیرە محمد علی جباری »

بەبۆنەی نۆیەمین ساڵی یادی دەرچوونی رۆژنامەی « هاوکاری »یەوە پیرۆزبایی لەخۆمانو خوێنەرە بەڕێزەکان ئەکەمو هیوام وایە کە ساڵی نوێی پڕبێ لەپێشکەوتنی ترو کۆبونەوەی زیاتری خوێندەواران لەدەوری ئەم رۆژنامە بیرۆزەمان لە هەفتانەوەهەمو رۆژی بکەوێتە دەست خوێنەرانو ئەمیش چاکتر بتوانی خزمەتی وشەی کوردی بکات .

غازی طلوب
وێنەگری هاوکاری

بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ٩ ساڵەوە بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی هاوکاری ئازیزدا جوانترین پیرۆزبایی لەخۆمانو لە خوێنەرە خۆشەویستەکانی دەکەم .

من کە بەشی کوردی کۆلیجی ئەدەبیاتم تەواوکرد یەکسەر بیرم بۆ ئەوە چوو لەهاوکاریدا کاربکەم ، ئەمە لەکاتێکدا کە کەسو کارم زۆریان لێ ئەکردم بەم بەمامۆستا بەڵام من رازی نەبووم ، ئەوەبوو هاتمە ئەم رۆژنامەیە بۆ ئەوەی خزمەتی وشەی رەسەنی کوردی بکەم .

لەراستیدا من لەبەشی « تصحیح »ی رۆژنامەکە

ئیش ئەکەمو هەر چەندە ماندو بوونی تێدایە بەڵام هەست بەخۆشیو شادی ئەکەم چونکە خزمەتی وشەی کوردیم کردووەو هیوام وایە رۆژنامەی هاوکاری زیاتر سەرکەوێت بۆ ئەوەی هیواو ئامانجی گەلی کورد دەربڕێت .

زینب حسین

دوا هیوام ئەوەیە کە خوێندەران لە کەمو کورتی رۆژنامەکە چاوبپۆشن چونکە هۆیەکانی ئەگەڕێنەوە سەرنەبوونی چاپخانەو ئیستافی پەونەری کریکارانی چاپخانە بەهەموو جۆرەکانیەوە . داوا لەخودای میهرەبان دەکەم وشەی کوردی لەجیهانی رۆژنامەگەریدا هەر بەرەوگەشەسەندن بچێ .

اکرم محمود سەین

لە بیرەوەری نۆهەمین ساڵەی لەدایك بوونی هاوکاری بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە هەمووخوێنە رانی هاوکاری ئازیزدەکەمو هیوادارم لە پێشکەوتنو بەردەوام بوونداو بێت بۆ وەدی هینانی ئامانجی خوێنەرە بەرێزەکان .

لەبیرەوەری تایبەتیمدا لەو ماوەیەدا کە لە رۆژنامە ئازیزەکەمدا ئیشم کردوە زۆر ساتی خۆشیو تالیم دیوە ، بەڵام شیرینی ئیشەکەم لە تالی یەکەی بووە چونکە هەر مرۆڤیك تاتالی نەچێژێت هەرگیز تامی شیرینی لادیار نابێت .

لەو ئاواتانەی کە لە ناو دڵمدا دەخولێتەوەو زۆر حەزدەکەم بەزوترین وەخت وەدی بێت ئەوەیە کە رۆژنامەکە ببێتە رۆژانە .

Institut Kurde de Paris

کاریتی پیرۆزبایی نووسەران و رۆشنبیران

بەبۆنەی بیرەوەری نۆیەمین ساڵەی دەرچوونی «هاوکاری» یەوە

● بە تەواوی نۆ ساڵ لەمەوبەر ئەستێرەکەی ئاسمانی ئەدەبی‌و رۆژنامەگەری‌ی کوردی «رۆژنامەی هاوکاری» هەڵهات‌و خوێنەرو رۆشنبیرانی کورد بەبەکەم ژمارەی شادبوون . هەر لەو کاتەوە ئەم رۆژنامەیە بەهەولی رۆژنامەنوسە دڵسۆزەکانی کورد لاپەرەکانی تەرخان کردووە بۆ خزمەتگوزاری‌و گەشەکردنی وشەی رەسەن‌و هونەرو رەخنەو رۆشنبیری کوردی‌و هەڕدەم بەدەم قەڵەمی شاعیرو ئەدیب‌و لاوەکانمانەوە چووەو لە هیچ بوارێکی خزمەتی ئەدەبی ئەم سەردەمەدا کەم‌تەرخەمی نەکردووەو وەکو خەباتگێڕێکی دیار بەگوێرەی توانا‌و ماوە هەولێ زیندوکردنەوەی هەموو لایەنەکانی کەلەپوری ئەم نەتەوەیەی داوە ، جێگای شانازیە کە رۆژنامەیەکی ئاوا.

لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا بەدەو شێتەوە بە هیوای رونا‌ك‌کردنەوەی ریگای رۆشنبیری کوردی‌و منیش لەیادی نۆساڵەی دەرچونی یەکەم ژمارەی ئەم رۆژنامەیەدا گەرمتربێن پیرۆزبایی ئاراستەی ئەو دەستە رۆژنامە نوسەو کریکارانی چاپخانە ئەکەم کە لە ئێشکی دەرچوونی یەکەم ژمارەدا شەونخونیان کێشاو هیوادارم لەگەڵ گەلێ یادی تری ئەم رۆژنامەیەدا دڵشادو بەختیار بیان بینم‌و ئێستاش هەر بەو هیوایەوە ئەژیم کە ئەم رۆژنامە تاقانەیە بە رۆژانە ببینم تا زیاتر خزمەتی رۆشنبیری‌و ئەدەبی کوردی بکات .

● ئێنجا وەکو پەیامنێرێك لە پارێزگای سلیمانیدا بە پێویستم‌زانی بەم بۆنە پیرۆزەوە هەندێ لە نوسەرو رۆشنبیرو هونەرمەندو خوێنەرانی هاوکاری ببینم‌و دەربارەی هاتنە دنیای رۆژنامەگەری‌و یادی نۆساڵەی ئەم رۆژنامەیەوە لە گەڵیان بدوێم .

حەمەسعید حەمەکریم فرج پ هاوکاری لە سلیمانی

● کاك حمە امین پێنجوێنی بەرێوەبەری رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانی کە کاتی خۆی لەم رۆژنامەیەدا نوسەربوو لەم یادەدا وتی :

× وانۆ ساڵی ڕەبەق تەبەسەر دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هاوکاری‌دا تێدەپەڕێ بەراستی یادێکی پیرۆزو گرنگە لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەمان‌دا ، یادێ کە کە هەموو رۆشنبیرو تێگەیشتویەك شانازی پێوە بکەن ، چونکە ئەم رۆژنامەیە درێژترین تەمەنی هەیە لە مێژووی رۆژنامە گەری کوردیداو نەوەیەکی تەواو وباش‌و بەکەڵکی پێ گەیاند بۆ ئەدەبی کوردی‌و خزمەتێکی کاری گەرو پوختی کولتوری کردووە ، لە هەموو بابەتەکانی رۆشنبیریدا ، چ ئەدەب چ هونەر چ رۆشنبیری گشتی هەتا لە روی هۆشیاری‌و پتەوکردنی بیرو باوەڕی سۆشیالیستی‌و شۆرشگێڕانە. من بەش بەحالی خۆم هەرگیز ئەو رۆژو یادگارانەم لەیاد ناچێ کە لەو رۆژنامەیەدا ئیشم دەکردو بەناوی (رەوا) وە گۆشەیەکی خنجیلانەم بەناونیشانی (رەش‌وسپی)یەوە پێش‌کەش بە خوێنەران ئەکردو دەردی دلێ خۆم تیا دەردەبڕی‌و ریژدانم پێ ساتار ئەکردو لەو کلاو رۆشنەوە سەرەتا تکێم لەگەڵ‌خوێنەران‌و خەڵکی دا ئەکرد . بەراستی ئەو رۆژانە لە رۆژە بەنرخ‌و شیرینەکانی ژیانمن . جا بەم. بۆنەیەوە پیرۆزترین سلاو لە کارگێڕو نوسەرو دەستەو دایەرەی رۆژنامەی هاوکاری بەنرخ‌و خۆشەویست ئەکەم‌و هیوادارم هەر بەرەو پێشەوە بڕۆن بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردی‌و بیرو باوەری پوخت.

● مامۆستای هونەرمەند عمر علی ئەمین دەربارەی ئەم یادە پیرۆزە ئەڵێ :ـ

× رۆژنامە چەندە رەنگدانەوەی بیروڕای پێشکەوتووخوازانەی نوسەران‌و زمانی رەوانی هیواو ئاواتی رۆشنبیران‌و چەندە لاپەرەی رازاوەی جێ‌قەڵەمی خاوەن بیری پیرۆزو ئاوێنەی پەبامی هونەرمەندان بێت‌و چەندە خواستی ژیانێکی کامەرانی دڕ بەتاریکی ریگای ژیان بدات‌و چەندە خاوەنی دەنگی دلێری ڕاستی‌و وشەی چربکاوە بێت ئەوەندەش پلەی ریزی بەرزەو شایستەی شانازیە . وە لە کاتێکدا ئەوەمان لەیادبێت کە هەرتوانایەك بە پێی دەرفەتی خۆی بەرهەم ئەدات ئەوە کێشانەی هەموو کاروبارێك بەرانبەر سەنگی ئەو دەرفەتە ئەوە ستێتەوە . رۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست کە نۆساڵە بەریگاوەیەو ئێستاش یادی نۆهەمین ساڵی ئەکرێتەوە لە ڕوی ئەدەب‌و رۆشنبیریی‌و هونەرەوە بەشی خۆی خزمەتی کردوە کە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لێ‌ئەکەم‌و بەهیوای بەرهەمی پەسەندو گەشە بە ئامانجی بایەخدان بەنرخی بەرەو خزمەتی وشەی کوردی‌و داوای تەمەن درێژی بۆ ئەکەم .

● شاعیری ناسراو کاك شیرکۆ بێکەس بەم شێوەیە یادی دامەزراندی هاوکاری کردەوە :

× مەگەر بەدەگمەن‌ئەگینا ئەوەندەی من بزانم بە تایبەتی لە مەیدانەکانی هونەری‌و رۆشنبیری‌داتێکڕای قەڵەمە شارەزاو بەخشندەکانی کوردکەم‌و زۆر لەماوەی‌تەمەنی (٩) نۆ ساڵەی رۆژنامەی هاوکاریدا لاپەڕەکانیان بەسەرکردۆتەوە ، ئەمە جگە لەوەی هەر لەسەر شانۆی هونەری‌و ئەدەبی ئەم رۆژنامەیە گەلێ لەو قەڵەمانەی خۆیان بەخوێنەر ناسی‌و لەم ٥ـ٦ ساڵەی دواییدا ناوو ناوبانگیان وەك شاعیرو چیرۆك‌نو سەر رەخنەگر دەر کرد بۆ یەکەمجار لە ریگەی ئەم رۆژنامەیەوە هاتنە پێشەوەو تۆزوی بەهرەو سەلیقەیان هەڵداو سەوزبوون . من بەش بەحالی خۆم ئەتوانم بڵێم لە پلەی دووەمی خەملینی تاقی‌کردنەوەی شیعرە کانما یاخنۆ بەواتایەکی تر لەوکاتەوەی کە بەرهەمەکانم رەنگ‌و رویەکی پێشکەوتووتریان بە خۆیانەوە گرت‌و لە تاقی کردنەوە سەرەتایی‌کانی هونەری شیعر تێپەریان‌کرد ، لەم رۆژنامەیەدا چاویان کردەوەو ئاشناو رۆشناکانی بەرهەمی منیش لەم پەنجەرە روناکەوە دەستیان بۆ درێژکردم‌و بە تەواوی لە یەکتر ئاشکرابوون‌و زیاد لە جارانی پێشتر (١٩٧٠) دۆستایەتی‌و خۆشەویستیمان بەتین ترو فراوان‌ترو دەس رەنگین‌تربوو .. تەقینەوە ئەدەبیەکەی بەیانی ـ روانگەـ ئەو لێشاوی دەمەتەقێ‌و رەخنەو توێژینەوانەی بەدوای خۆیدا هێنانی بەلای منەوە کەم لەناوکاوێکدا مەرگ پڕی پێدا کردوو بردی‌و بە ئیجگاری لێ‌ی شاردینەوە ، ئەویش هاورێم‌و چیرۆك‌نووسی نوێ‌گەرەوەو دەس رەنگین لەتیف حامید بەرزنجی‌یە .

بۆ لەمەودواو داهاتوش ئاواتەخوازی ئەوەم رۆژنامەکە لە بواری ئەدەب‌و رۆشنبیری کورددا بەهەنگاوی گەورەترو جێگیرترەوە بەرەوپێشتر بچێ‌و هەزاران خونچەی تری تێدا بپشکوێ‌و ئەو بەرهەمانە بخاتە بەردەستی خوێنەران‌و ئەدەب‌دۆستان کە بۆن‌و بەرامەی خۆشەویستی‌و جگەرسۆزیمان لێوەبێ‌و لە خزمەتی جەماهیری نەتەوەکەماندابن .

● لەم رۆژانەدا ، بەشانازیەوە چەندین ناوی هاتەکایەوەو جێگەی شایانی خۆیانی لەچیهانی‌بەرینی‌رۆژنامەگەریدا گرتەوەو دەیەها مەسەلەی هاوچەرخی رۆشنبیری‌و ئەدەبیان خستەڕوو . هەروەها لاپەڕەکانی هاوکاری بوون بەمەیدانی لێکۆڵینەوەو لەبارەی زۆربەی گیروگرفتە سەرەکیەکانی وەزعی ئێستای رۆشنبیری کە تێیاندا نووسەری خاوەن جێ‌وڕێ‌و ناوبانگ‌و شارەزایی لەبابەتی هاوچەرخدا بەشداریان کردوەو ئەمەش بۆبە مایەی شادی‌و خۆشی خوێنەران‌و ئەوانەی کەپەیوەندیان بەم جۆرە مەسەلانەوە هەیە .

ئێستا کەوا پێ ئەنێینە ناو ساڵی دەیەمی تەمەنی هاوکاریەوە پڕ بەدڵ هیواداری سەرکەوتنی زۆرترو بەردەوامی زۆرتریم لە مەیدانی قوولکردنەوەی چەیامی بڵاوکردنەوەی رشنبیری پێشکەوتنخوازی کورد کە ئەو هەڵی گرتوە ، لەپێناوی سودگە یاندن بە مرۆڤی‌کوردو قوولکردنەوەی زانیاری رۆشنبیری‌و هونەری‌داو پڕ بەدڵ دەستی نووسەران و ئیشکەرانی دەگوشین و ئومیدەواری باشەرۆژێکی پرشنگدارو بەخششی زۆرین بۆیان ، هەروەها هیوامان زۆرە رۆژێ لەرۆژان رۆژنامەکە ببێ بەرۆژانە تا خوێندەواری کورد بتوانێ هەموو سەر لەبەیانیەك رۆژنامەکەمەی بخوێنێتەوە . لەگەڵ سوپاسمدا

هێرۆ گۆران

● هاوکاریە تاقانەکەمان لە ناو هەموو جەماوەردا جێگای خۆی کردۆتەوەو هەموو چینە خوێنەوارەکانی گەلمان پێی شاد ئەبن . بۆیە لەم یادەدا کاك حسین جبار حسین سەرۆکی یەکیەتی نەقابەکانی کریکارانی سلیمانی وتی :

× بە بۆنەی بیرەوەری نۆهەم ساڵەی هاوکاریەوە پیرۆزبایی بێ پایانی جەماوەری کریکارانی پارێزگای سلیمانی ئاراستەی هەموو دامو دەزگای بە تەنگەوە بوی رۆژنامەکە ئەکەم‌و ئومێدەوارین ئەم رۆژنامە کوردیە هەردەم بەردەوام بێ‌و ببێتە مەشخەڵێك بۆ زیاتر ڕۆشن‌کردنەوەی ڕێ‌ی سەربەستی‌و پەرە پێدانی زمانی نەتەوەی کوردمان . بێ‌گومان ئەم رۆژنامەیەش هەر وەك رۆژنامەیەکی نوێ خواز ریبازێکی دیاری گرتۆتە بەر بۆ ڕوون کردنەوەو پۆژاندنەوەی ئەدەبی نەتەوەکەمان لێرەوە ئەڵێم خوایاربێت هەرگیز درێغی ناکات لە تێکۆشان‌و خزمەت‌کردنی تازەترین بەرهەمی لاوەکانمان ، هەر لەم روەشەوە رۆژنامەی هاوکاری بە درێژایی تەمەنی دەورێکی باڵای هەبووە لەناو رۆژنامەکانی تری کوردستان‌دا . بویە ئەڵێم پێویستە هەموو رۆشنبیرێکی خاوەن باوەڕ بە ئەدەبی میللی‌و مرۆڤایەتی بە نوکی خامەیان پشت‌گیری بەردەوامی ڕێ‌ڕەوی ئەم رۆژنامەیە بکەن ئەویش بە هاوبەشی لاپەڕەکانی بە کەڵك‌و سود بەخش بە خزمەت کردنی چەوساوەکانی کوردستان . هەر لێرەشدا ئەڵێم پێویستە لەسەر دامو دەزگای سەر پەرشتیاری رۆژنامەکە کە بەو پەڕی تواناو توندو تیژیەوە بەرامبەر بەقەڵەمە ژەهراوبەکانی نیازخراپ بە ئەدەب‌و زمان‌و رۆژنامەگەریمان بوەستن . جەماوەری کریکارمان کە بەردی بناغەی هەموو شۆڕش‌و ڕاپەرینێکن پڕ بەدڵ پشت‌گیری‌و پێ‌خوشحالێ خوی دەرئەبڕێت‌و یادی دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هاوکاری ئەکەنەوەو هیوایان بەردەوامیە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوو .

● خوشکەشیرین . ك کە خوێنەرێکی هەمیشەیی هاوکاریە وتی :

× ئەمڕۆ نۆهەمین گوڵە گەنم لە خەرمانی تەمەنی رۆژنامەی هاوکاری بۆ تیشکی خۆری زمان‌و ئەدەبی کوردی گەشایەوە ، ئەمڕۆ هاوکاری نۆهەمین نامەی خۆشەو یستی پێشکەش بە ئەدیب‌و ئەدەب دۆستان‌و خوێنەوارەکانی دەکا . . . ئەمڕۆ ئەدیبەکان چەپکێ وشەی جوان بە گوێ‌ی هاوکاری‌دا دەچرپێنن بۆیە مەرجە هاوکاریش هەمیشە بیری پێش‌کەوتوو ئەدەبی جوان پێش‌کەش ئەوان بکا . هیوادارم رۆژنامەی هاوکاری سەرکەوتوو بەردەوام‌بێ لە پێش‌کەش‌کردنی وشەو بیری خێرخوازو مرۆڤ ویستانەدا .

● لەراستی‌دا بادی نۆ ساڵەی هاوکاری لەوە زیاتر ئەهێنێ کە هەموو کرێچ‌و کەلەبەرێك بگەرێین بەدوای خوێنەرە هەمیشەیەکانی‌دا بۆیە روم‌کردە ئامادەیی سەرچنارو ڕای **مامۆستا دڵشاد محمد ئەمینم بەسەر کردەوەو ئەویش وتی :**

× لە کوردەواری خۆمان‌دا دەڵێن « ئەنجامی هەموو کچ‌و کوڕێ شوکردن‌و ژن هێنانە » منیش دەڵێم ئەنجامی هۆشیاری‌و پێشکەوتنی هەموو گەلێ رۆژنامەو گۆڤارو کەرەسەکانی تری رۆشنبیری‌یە .

قوتابی سەرەتایی‌بووم جارێکیان مامۆستاکەمان پارچە تەباشیرێکی بیرچوو دڵم زۆر پێ‌ی خۆشبوە خستمە گیرفانمەوە .

دوای نیوەروان دەچوومە دووکانی باوکم‌و باوکیشم هاوڕێ‌یەکی هەبوو هەمیشە لای باوکم دائەنیشت ، جا ئەو رۆژە منیش وەکو هەموو منالێك کە تەناشیری پێ‌بێت حەزم ئەکرد کە پێ‌ی بنووسم، روانیمە پاکەتی سابوونێك لێ‌ی نوسرابوو (الاستعمال)و حەزم‌کرد ئەو وشەیە بنووسم لەسەر دەڕابە تەختەکە لاسایی نوسینەکەم ئەکردەوە گەیشتمە ئەوەی (الاستعما)م نوسیبوو هێشتا (ل)ی دوای‌یەکەم نە نوسیبوو دۆستەکەی باوکم هاواری لێ‌کردم کوڕم بۆ مالمان کاول ئەکەیت ؟ ئەتەوێ چی بنوسی ؟! پاشان روی کردە باوکم‌و پێ‌ی وت کاك حمە ئەمین پێویست ناکات ئەم باسانە لای ئەم کوڕەت باس بکەیت ! باوکیشم بە تورەیی‌یەوە پێ‌ی وتم بیکوژێنەوە .. ئەوە چیە ؟ . دەتەوێ چی بنوسی ؟ زۆر سەرسام بووم‌و دەستم بۆ پاکەتە سابوونەکە درێژکردو بە تیکەڵ‌و پێکەڵی وتم دەمەوی ئەو وشەیە بنوسم (الاستعمال) ئینجا هەردو کیان دەستیان کرد بە پێکەنین‌و بە یەکتریان وت لە نێوان بەکارهێنانی الاستعمال‌و ئیستعماردا تەنیا یەك (ر) هەیە . من ئەو کاتە تێ نەدەگەیشتم چی نالێین ، بەڵام ئێستا دەڵێم لە نێوان بوونی (هاوکاری) وەك رۆژنامەیەك‌و رۆڵ بینینی پێشکەوتن خوازانەی‌دا بەك (ر) جیاوازی هەیە .. منیش لێرەوە ئاوات‌و خۆزگەم ئەوەیە هاوکاری بەردەوام‌و زیاد لە جاران هەڵگری بیری پێشکەوتوخوازبێ‌و لەساڵی دەیەمی‌دا ئەو کەمەو کورتی‌یانە پڕ بکاتەوە کە هەی‌بووە .. ـ بەردەوام مولتەزیم بێ بە خواستو ویستی جەماوەرەوە . هەر هەمان تیشك‌و روناکی بێ بۆ خوێندەوارەکانی‌و ئەنجامی هەموو کوڕو کچێك بێ بۆ دوارۆژێکی ئاسوودە . ئەنجامی رۆشنبیری‌و هۆشیاری بێ بۆ گەلی کورد .

● هاوکاری لە هەموو بوارێکی ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و هونەری نەتەوەی کوردەوە بەگوێرەی توانای تایبەتی خۆی خزمەتی کردوە بۆیە سەرۆکی نەقابەی هونەرمەندان لە سلیمانی کاك جلال عزیز لە یادی لەدایك بوونی هاوکاریدا وتی :

× لە کاتێکدا یادی دەرچونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هاوکاری ئەکەینەوە بەر لە نۆ ساڵ لەمەوبەر ئەو ئامانجەم دێتەوە یاد کە رۆژنامەی هاوکاری بۆ لەدایك‌بوو ، ئەو ریبازەم دێتەوە یاد کە هاوکاری بۆ خۆی هەڵبژارد ئەو بەڵێن‌و هەوڵ‌و تەقەلابانەم دێتەوە یاد کە دەستەی نوسەران یەك بە دوای یەکا دایان‌و هەنگاویان بۆنا . ئایا دوا ژمارەی ساڵی هەشتەمی وەك ژمارەکانی یەکەم‌و دووەم‌و ساڵانی پیشویەتی ؟! ئایا هاوکاری توانیویەتی تەکان بات‌و گوڕ باتە خۆی‌و جێگەی لە دڵی خەڵقیدا بکاتەوە ؟ . ئەمانە هەمووی پرسیارن‌و روبەرومان قوت ئەبنەوە ! خۆ ئەگەر بمانەوێ باز بەسەر ئەم پرسیارانەدا بدەین‌و خۆمان هەڵە بکەین‌و بڵێین هاوکاری ئەو ئامانجانەی نەهێناوەتە دی، ئەوا لەراستی دوور ئەکەوینەوە . خۆ ئەگەر بشڵێم هەموو ریبازو بەڵێن‌و ئامانجەکانی بریوە ئەوا دووبارە هەڵەیەکی گەورەتر ئەکەم ، چونکە نۆ ساڵ تەمەنێکی کەم نیە بۆ رۆژنامەیەك کە توانایەکی باشی بۆرەخسابێ‌و هەموو رۆشنبیران‌و ئەدیب‌و هونەرمەندانیش کەم‌تەرخەمی لەگەڵدا نەکەن . بۆیە ئەڵێم هاوکاری تا ئێستاش هەر هەفتانەیە لە کاتێکدا ئەبوایە بەر لە ئێستا ببوایەتە ئاشنای رۆژانەمان کە ئەمەش ئاواتێکی گەورەو مژدەیەکی خۆشی هەموو خوێنەرێکی کوردە . هاوکاری لە ماوەی ئەم ساڵانەی پێشوی تەمەنیدا گەڵێ هەنگاوی چاکی ناوەو توانیویەتی مەیدانی رۆشنبیری‌و هونەری‌بجوڵێنی‌و دەوری تایبەتی خۆی تیا ببینێ بەرەو گەشە پێدان‌و پەرەسەندن ، ئەتوانم بڵێم توانیویەتی ئاشنایەتی لەگەڵ رۆشنبیرو هونەرمەندانیدا پەیدا بکات . یەکێکە لەو رۆژنامانەی کە بایەخێکی تەواوی داوە بە بزوتنەوەی ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و هونەری‌و هونەرمەندان گەڵێکی لێ شادمانن .

● کاك فریا جاف پەیامنێری هاوکاری لە سلیمانی وتی :

× بە بۆنەی نۆیەم بیرەوەری دەرچونی رۆژنامەی هاوکاری‌یەوە پێشەکی ریزی خۆم پێشکەش بەژانی ئەو کادبرانە ئەکەم کە هەر لە سەرەتای دەرچونیەوە هەوڵ‌و توانای خۆیان کردە بناغەی یەکەم گروگاڵی ئەم رۆژنامە کوردیە نازداره . ئیمرۆش مایەی شانازیە بۆ هاوکاری‌و خوێنەرانی کە بێ‌وچان ئەم نۆساڵە هەفتەی جارێك‌و سەردەمێکیش هەفتەی دووجار لە گەڵ بەرەنگار بونەوەی چەندەها کۆسپی جۆربەجۆردا بتوانێت بە شێوەیەکی ڕێك‌وپێك بکەوێتە بەرچاومان . بێ‌گومان تائێستا ئەم چەند لاپەڕە کوردی‌یە زۆر دەرگای خستۆتە سەرپشت . بەڵام ئەوەی کە هێشتا مابێتی گەلێك زۆرترە بۆ نمونە فەرامۆش‌کردنی بڵاوکردنەوەی وێنەی کاریکاتێری‌یە بەمەرجێك لەکاتی بوونیدا مەوزوعی‌یێت‌و خزمەت گوزاری هەموو لایەك بێت ... لە کۆتاییدا هیوادارم هەموو خوێنەران هەمیشە پێشنیازی خۆیان دەربارەی بەرەپێدانی ئەم‌رۆژنامەیە بنێرن بۆ هاوکاری .

بۆ رۆژنامەی هاوکاری خوشەوویست

٩ ساڵ گول باران .

بەبۆنەی تێپەربونی نۆ ساڵ بەسەر تەمەنی رۆژنامەی « هاوکاری » خوشەویستدا . چەبکە گوڵی ریزم پێش‌کەش ئەکەم بەو دڵسوزانەی کە قۆڵی چالاکیات لێ هەڵکردوەو بەردەوامن لەخزمەتی‌ووشەی کوردی‌ڕەسەندا .

بۆیە چاوەڕێ ساڵێکی نوێ لەکارگیرانی رۆژنامەکەمان ئەکەین کە بەبروایەکی پوڵاین‌و ، لەخۆبوردنەوە چالاکی خویان نبوێنن .

بۆ داهینان‌و نوێ کاری ، چونکە ژیان لەگۆڕاندایەو بیر بەرەو گەشە کردن دەروات ، ئەبێ لەسەر بناغەیەکی پتەو لە باخچەی ڕەسەنی نەتەوەکەماندا ئەو تۆوانە بچێنین کە نافەوتین ئەو گوڵاتە بڕۆینین کە جوانی‌و بەرامەیان هەیە ، ئەو دارا نەبڕۆینین کەسەبەی منالەکانمان بەبەرهەمەکەیان تێر ئەبێ بو ئەوەی ئەوەیەکی نەترس‌و رۆشنبیرو دلسوز پەروەردە کەین کە هەمیشە نیشتمان پیرۆزترین پەرستگاهیان بێ‌و خویان بەسەربازی بزانن .

ئیمەی قاڵبوی رۆژگاری ترش‌و تاڵ پێویستیمان بە باخچەیەك هەیە کە لی‌بحەوینەوە ، زادەی بیری تیابچێنین ئەویش رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکانە .. نیوە باخەوانەکەین . . دڵسوزی

بروانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

کاریتی پیرۆزبایی نووسەران و رۆشنبیران

بەبۆنەی بیرەوەری نۆیەمین ساڵەی دەرچوونی «هاوکاری» یەوە

مامۆستا (عزیز خانەقا)

ئەمڕۆ بیرەوەری یەکەمی خۆشەویستمان لە پێشە کە بایەخێکی تایبەتی هەبەوسەرنجی خوێنەری کورد رادەکێشێ ، ئەو خوێنەرەی هەمیشەو بەردەوام تبنووی زانستو ئەو جۆرە رۆشنبیریانەیە کە بە بیرو باوەڕی بەرزی مرۆڤایەتی دەوڵەمەندە .

ئەو بیرەوەریەش ، بیرەوەری و یادی نۆهەمین ساڵەی دامەزراندنی رۆژنامەی «هاوکاری » خۆشەو یستە کە لەگەڵ دامەزراندنیا مەیدانی لە مەیدانی رۆژنامەگەری کوردی هاژاند بەتایبەتی لە مەیدانی ئەدەبیداو توانی بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و رۆشنبیری بێنێتە کایەوە کە بە درێژایی ئەم نۆ ساڵە لە گەورە بوونو فراوان بووندایە .

بەبێ ریایی وهەڵکیشان ئەتوانین بڵێین و زەمینەیەکی چاکی بۆ هەموو پێنوسێکی دڵسۆزو ئەدیب و رۆژنامەگەرێك خۆش کردووە لەلایەکی ترەوە ، ئەتوانین بڵێین رۆژنامەی هاوکاری نمونەی رۆژنامەیەکی کوردی پێک دەهێنێ ، کە هەوڵو تەقەللایەکی چاك دەداتو بۆ ئەوە تێدەکۆشێ کە بەشداری یەکی گەورەلە پەرەپێدانی رۆژنامەی کوریدا بکا چ لەبارەی شکڵەوە وە چ لە بارەی ناوەڕۆکەوە .

هەر بۆیە تاوەکو ئێستا بەردەوام بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێتو ئێمەش لەلایەنی خۆمانەوە داوای هەموو پێشکەوتنێکی بۆ دەکەین لە پێناوی رۆشنبیریی کوردی پێشکەوتنخوازانەدا ، وە دووبارە ئاواتی ئەوەی بۆ دەخوازم کە بیێتە رۆژنامەیەکی رۆژانەو ئەو کۆسپانەی لەبەر دەمدا تەخت بێت کە رێگای ئەو مەبەستەی لێ دەگرن .

کاك (صلاح شوان)

ئەگەر یادکردنەوە ئیستگەیەك بێت بۆ بەخۆدا چوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو کارو هەنگاوانەی کە بە ئەنجام گەیەنراوە ، تاکو تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکان جێگیرو پتەوتربکرێتو ، هەڵەو کەفو کووڕییەکانیش وەکو گڵۆپی سوور لەم لاو ئەو لای ئەو رێگایەدا دابنرێت بۆ ئەوەی خۆی لێ لابدرێتو بکرێت بە دەستنیشانکردنی رێگای بەرەو پێشەوە چوونی . ئەڵێم ئەگەر یادکردنەوە بۆ ئەم مەبەستەبێت کارێکی پیرۆزەو، پێویستە فەرامۆش نەکرێت .

لەم رووەیشەوەو ، ئالەم یادە شیرینەدا کە لەلای من رەنگە زیاتر لە زۆربەی کەسانی تر هەستو سۆزم بخرۆشێنێتو ، زیاتر لە تاقیکردنەوەیەکی ئاسایی ئەم ژیانە پڕ لە تاڵیو شیرینییە بێت ، چونکە ئەگەر بڵێم « هاوکاری » لە ژبانی منداڵیەوە بچۆرێك کەوتۆتەوە کە تەنها پەیوەندیی خوێنەرێك ، یان تاوەکو رۆژنامە گەرێکیش نییە کە لەو رۆژنامەیەدا کاری کردووبێت، بەڵکو بەیوەندییەکی راستەوخۆی بەسەرتایای ژیانمەوە هەیەو رەنگی تیادا داوەتەوە ، چونکە بەیوەندیم لەگەڵ «هاوکاری»دا پەیوەندیبوو بەژیانێکی ترو ، کۆمەڵێك ئەنجامەوە کە نائێستاو رەنگە تا دوابیش هەر لە بزووتنەوەو رەنگداندانەوەدابێت .

ژوورە بچکۆلانەکەی ئەوسای « هاوکاری » کە بۆ فراوانی خوێنەرانی کوردبووەو ئەبێت ، چەندین شاگردی زیرەکو بە توانای قەڵەم بەدەستی پێگەیاندووەو .. بەردەوامیشە .

جەژنی نۆ ساڵەی « هاوکاری »ی ئازیز پیرۆزبێتو ، با پێکەوە هەموان نیازی قۆناغێکی مەزنی بۆ بگرینە دڵ کە ئەویش ئەوەیە بێت بە خاوەنی چاپخانەی خۆیو بتوانێت بەراستی بێت بە « رۆژ ـ نامە »و ، دانی هەفتەنامەیی بکەوێت .

رێزو ستایش بۆ گشت یەکەمین جار گرتمیە نێو چوار دیوارەکەی ، لە هیچ شتێکی ئەمڕۆی ناچێت ، تەنها لەوەدا نەبێت کە هەمان هەستو سۆزو هەمان خۆشەویستم ئەبزوێنێ ، چونکە « هاوکاری » ئێستا بەپێی پێشکەوتنی رۆژگاری ئەم ماوەیەی خۆی پێشکەوتووەو ، جێگای خۆیەتی لەم یادی نۆیەمەیدا بوترێت ـ «قوتابخانەیەکی گەرمی کوردیەو قوتابخانەیەکی پرشنگ پژێنبووە ئێستاش بە ردەوامە لە تیشك پژاندندا لە مەیدانی بێ نازی رۆژنامەگەریو روشنبیریدا .. بە شانازیەوە دەستی رێزو حورمەت بۆ ئەو خامە رەنگینانە بە سینگەوە ئەگرین کە لە سەختیی ودووری رێگا سلێمان نەکردۆتەوەو لە شەویان خستۆتە سەر رۆژو گوڵی بەهاری تەمەنیان کردوە بە دیاری گوڵدانی نووسینو خزمەت کردنی وشەی رەنگینی کوردی ...

دەبا یادی پیرۆزی تۆ ساڵەی هاوکاری خۆشەویست هاندەری پتر بەرەپێش چوون بێ لە بواری پیشەی « گەڕان بەدوای ماندووبووندا » ... ئەو پیشە رەنگینەی ئەمڕۆ دڵێرانە لە سەنگەری بەرەوپێش چوندا ئەوەستی لە پێناوی دوا رۆژێکی روناکتر بۆ ئادەمیزادی ئەم سەر زەمینەو خامە چاو نەترسەکەی دەوری چەکی دردان بە تاریکی رێگای ژیان ئەگێڕێ ..

کاك ـحمید عزیز

لە یادی نۆ ساڵەی هاوکاری ئازیزدا ئەو هاوکاریەی سەر قافلەی کاروانی رۆژنامە دەرگا لەسەر پشتر بەشێکی ئەو دەستە پاك و دڵسۆزانەی لەم ماوەی ئەم نۆ ساڵەی بەکەمین جار گرتمیە تەمەنیدا درێغییان لە خزمەتکردنو پێشخستندا نەکردووەو .. «هاوکاری » لە هەزار جەژناندا بێت .

ئیتر هەموو ساڵی و یادی هاوکاری پیرۆز بێ ...

کاك (محمود زامدار)

خەوبینین مایەو بنچینەی شارستانیەتو شۆرشی فیکرو جوانیو راستیە ..لە خەوبینینا هەمو رازو نهینیەکان بەکاڵا ئەبنەوەو لە زاخ ئەدرێن ورەوتی مێژوی ئادەمیزادی ژانگرتوو ، بە گوڕتر ئەبێت ... گەر خەوبینین نەبوایە ئەژبان هەبوو نە مێژوو نە خەباتونە خۆشەویستیو سەرازاوی ..!

منیش شان بە شانی هەمو هاوڕێیانی رۆژنامە نووسی شەیدای دەزگاکە ، خەو بە ـهاوکاری ـ یەکی لەبارترو گیروگرفتو ژانە دڵو بێ چاپخانەیی نەبینم .. بە ژانو ژێوە حەز ئەکەم ـهاوکاریـ ببێ بە رۆژنامەیەکی رۆژانەو هەمو مامۆستاو قوتابیو کاسبکارو جوتیارو نووسەرو کرێکارو هونەرمەندانی کوردستان بەو پەڕی نازو خۆشەویستیەوە لە دەسوڵەبن هەنگلی بگرنو بە سۆزو میهرەوە بە برژانگیکی سەوزەوە ، وشە سەوزەکانی بخوینەوەو بە رێزو نوازشەوە ژمارەکانی لەبەرگ بگرنو ئەرشیفێکی چکۆلانەو جوانی بۆ بکەنەوە ..

ئەمەو لە بادی پیرۆزی نۆیەمی هاوکاریا ، خەو بە دەرچوونیو سەر هەڵدانی دەیەها دەستە خوشکی تری کوردی وەکو ـهاوکاریـ ئەبینم ، تاتێکڕا بتوانن لەتەك ـهاوکاریـ خوشکە گەورەدا ، هەمو بەهرەو تواناو ژانی خامە رەنگینەکانی ئەدیبانی کورد ، هونەرمەندانی کورد ، رۆشنبیرانی کورد ، ئەوەی نوێی کوردستان بگرنە خۆ..! خەوە بێتەدی ...!؟ خەوەو بڵێی رۆژێ لە رۆژان ئەو خەوە بێتەدی ...!؟ خەوەو ئەبینم ..!

کاك « فوءاد حسین »

لەبارەی هاوکاریەوە دەڵێت. بەڵێ .. ئەوا رۆژنامە خۆشەویستەکەمان ساڵێکی تری لە تەمەنیا پێچایەوەو بە دڵێکی پڕ لە خۆشیو شادیو کامەرانیەوە رووی کردە تیشکی پرشنگداری ساڵێکی نوێیەوە مۆمێکی دیکەی داگیرساند .. بەڵێن بۆ تێکۆشانو ئەرکی پیرۆزو بەخششی بێ پایانی خۆی تازە ئەکاتەوە .

رۆژنامە ئازیزەکەمان لەگەڵ پێشکەوتنخوازەکانی تردا هەرگیز کەمتەرخەمی نەکردووە لە تێکۆشانو بەردە هەڵمالین لە رووی ئەوەو دوژمن کارانەدا رانەوەستاوەو دەستەباچە نەبووە .

هەمیشە بە دڵسۆزیەوە بە وشەی رەنگینو دەستەواژەی پڕ ماناوە وێنەی چەوسێنراوەکانی خستۆتە رووو ڕای خۆی بەرامبەریان دەربڕیوە .

ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە شان بەشانی رۆژنامەکانی تری وڵاتمان لە بەشداری کردنو تێکۆشاندا رادەوەستێ بەتایبەتی لەو هەموو گۆڕان کاریو دەستەکەوتە مەزنانەی کە لە وڵاتەکەماندا هاتوونەتە دی .

لەگۆتاییدا هەزار ساڵاو بۆ رۆژنامەی ئازیزمان بە بۆنەی یادی لەدایك بونیەوە.. ساڵاو بۆ ئەوانەی بە خامەی رەنگینیان لایەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە پڕدەکەنەوەو دەینەخشێنن .

ئەمەن درێژی .. بۆ رۆژنامەی خۆشەویستمان « هاوکاری ».

کاك (فاروق ئامیدی)

رۆژنامە « هاوکاری » یا خوشتڤی ئێکە ژوان رۆژنامێن گەلەك خەباتو براف کری بو پێشخستنا تورەوو رەوشەنڤانیا کوردی ... بویە ئەگەرمك بو بەیدکرنو چێکرنا گەلەك هوزانڤانو تورەڤانێن زیرەك و چەلەك کو ئەز دکارم بێژم ئەڤ هوزانڤانەو رەوشەنڤانە دشێن ملەڤانیا لبەحرا رەوشەنیێ بکەن .

ئەڤجا بیرهاتنا ساڵا « نەهێ » یا دامەزراندنا رۆژنامە « هاوکاری » ... ئەز پیروزباهیا هەمی کاربەدەستێن رۆژنامێو هەمی خویندەڤانو نڤیسەڤانێن کورد دکەمو هیڤیدارین بەبسکا رەوشەنڤانیێ بەریف پێشکەفتنو

بروانە : ل : ٧

پارچە شیعرێکی بلاونەکراوەی وەفایی وسەرنجێك بۆ پارچە شیعرێکی بلاوکراوەی

محەمەد عەلی قەرەداغی

تا ئێستە دیوانی شاعیرێکی کورد چاپ نەکراوە کە بە تەواوی هەموو شیعرەکانی بگرێتەوەو شیعری کەی لە هیچ جێگایەك نەماپێتەوە .. هۆی روونو سەرەکی ئەم دەردەیش ئەوەیە هیچ کام لەو شاعیرانە دیوانی تەواویان دەست خوێندەواران نەکەوتووە .

کاتێك منیش (دیوانی وەفایی)م پێشکەش کرد بنجی کارەکەم دەسنووسێکی ناتەواو بوو بۆیە زۆری پێ نەچوو هەر خۆم پارچە شعرێکی بلاونەکراوەی وەفاییم دۆزییەوە . ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵی خوالێ ـ خۆش‌وو مەلا عەزیزی رێشاوی‌دایە کە کاتی لێکۆڵینەوەی دیوانەکە لە بەردەستمدا نەبوو . وا لێرەدا پێشکەشی خوێندەوارانی دەکەم :

ئەسیری میحنەتی هیجرانی‌تۆم ، یاری وەفاداورم !
کوژاوی خەنجەری موژگانی تۆم ، مەحبووبی نازارم !
عیلاجێکم بکە ، دەردم گرانە ، قیبلەکەی دینم !
نەکو بمرم بە ناکامی ، غولامێکی ئەمەڵدارم
فیدای لەعلی لەبت بم بێنە یادت شەرتەکەی جاران
بکە روحمێ بە فرمێسکی دڵۆپەی چاوی خوونبارم
بە هەجری چاوەکەی مەستت دڵو دینم بە غارەت چوو
میثالی (شێخی صەنعانی) خەریکی دەیرو زوننارم
دوێنێ زولفەکانت ناردبوو تا رێ لەمن بگرن
دەخیلت بم وەرە لێیان گەڕێ مەشکێنە بازارم
غەریبو بێ‌نەواوو بێ‌کەس‌و مەحزوونو سەرگەردان
بە چینی حەڵقەیی زولفۆ سیاهی تۆ پەرنیشانم (١)
مەلاوو زاهیدو صۆفی خەریکی بەحری عیشقی تۆن
بزانە من لە ئەم عیلمە چ ئوستادێکی هوشیارم
سەرو مالم بە قوربانی پیالەی چاوەکەی مەستت
وەرە خێرت دەگا بێ بمکوژە لەم عومرە بێزارم
(وەفایی) تاکو نەمرێ ئینتیظاری قامەتی تۆیە
خەلاصی نابێ لە ئەم دەردە مەگەر خۆت بی بە غەمخوارم

دوای ئەوەی پارچە شیعرەکەم نووسی وەك لە لایەڕە (٢٢٠)ی کەشکۆڵی ناوبراودایە کاتی ئەوەیە سەرنجەکەش روون بکەمەوە . لە پەراوێزی پارچەی (٣١)ی (پیتی هێ)دا نووسیومە :

بروانە : ل : ٧

بەدوادا چوونێك .. دەربارەی وەرگێڕان

احمد سید علی بەرزنجی

(یۆجین ١٠. نیدا) لەلایەڕە (٣٠٢) ی کتێبەکەیدا دەربارەی پاداشتی وەرگێڕلە ئەنجامی کارەکەیدا وادەڵێ: (کاری وەرگێڕ لە بنەڕەتدا کارێکی گرنگو گرانەو بەزۆریش ئافەرین ناکرێ ، ئەگەر هەڵەیەکی کرد بەتوندی رەخنەی لێدەگیرێ ،بەڵام کە جوان ئەنجامیدا ئەوا جگە لە ستایشێکی بێ‌کەڵك‌چی‌دی وەدەست ناهێنێ)(١)٠

ئەم قسەیەی سەرەوە بەرامبەر ئەو نوسینە رەخنەیی‌یە دادەنێم کە لە ژمارە (٣١٦) ی بیری نوێدا (خوێنەرێك) ی بەرێز دەربارەی ئەوکۆمەڵە چیرۆکەی تۆلستۆیی نوسیبوو کە لە عەرەبی‌یەوە وەرم گێڕاوە بۆ کوردیو بڵاوم کردەوە .

وەك دەردەکەوێ ئەو خوێنەرە هێژایە رەخنەکەی بەبەڵە نوسیوە ، جا چەند خۆشحاڵ دەبووم‌و کارەکەی ئەوەندەی‌دی شایانی سوپاس‌و پێزانین دەبوو گەر کەمێ وردبین بووایەو رەخنەکەی بە برشت‌تر بووایە .

بەهەرحاڵ ، لێرەدا دەمەوێ لە باری سەرنجەکانی بۆ یەکاڵا بکەمەوەو بەهەردوو لامان بگەینە راستی .

★ **یەکەم** سەرنجی دەربارەی لابردنی وەیا (بڵاو نەکردنەوەی) سێ چیرۆکە بەناوی (الفتاه والفطر ، قرش ، قفزه) کە لە دەقە عەرەبی‌یەکەدا هەنو من (بێ‌ئەوەی هیچ هۆیەکی ئەدەبی بدەم بەدەستەوە) لێم لاداون .

ئەوەی راستی‌بێ لەگەڵ دەقە وەرگێڕراوەکەدا کە دام‌بە (رەقابە) ئەو سیانەشی تیدا بوو ، بەڵام کە دام بە نەقابەی ، مامۆستایان بۆ یارمەتی چاپدانی بارەگای گشتی‌یان (لە بەغدا) دابووی بەشارەزایەکو ل، ئەنجامدا ئەو سێ چیرۆکە لە سەرداخوازی ئەو لابران .

★ **سەرنجی دووەم** گوایە هەندێ وێنەم نەخستۆتە ناو کتێبەکەوە (وەك وێنەی : بێچوە پشیلە و باڵندەیەکی بچوك) .

لەمەیاندا لەگەڵیدا نیم ، چونکە تەنیا بۆ یەکەمیان چوار وێنەکەیم داناوەتەوەو بۆ دووەمیش سێ وێنەیم داناوە ، کەواتە ئەم دوو چیرۆکە لەهەمو ئەوانی‌دی زیاتر وێنەیان بەرکەوتووە .

ئەو دەبوا کەمێ بەزەیی بەگیرفانی منیشا بهاتایەتەوە کە نەقابە تەنیا حەفتا دیناری داومەتێو ئیتر بەخۆی دەڵێم کە دوو هەزاردانە لەو قەبارەیە ، بەو کاغەزە ، لەگەڵ ئەو کلیشانەو لە بەغداشی چاپکرێ دەبێ چەند کەوتبێ لەسەرم ؟.

★ ناو نەهێنانم بۆ وەرگێڕی چیرۆکەکان لە روسی‌یەوە بۆ عەرەبی کە لە لایەن (غائب طعمه فرمان) ە وە بەو (دار التقدم) لە مۆسکۆ بڵاوی کردۆتەوە ، بە ڕەخنەیەکی بەجێی دەزانم‌و راستەو داوای لێ‌بوردن دەکەم ، دڵنیای دەکەم کە ئەم کارە لە داهاتومدا دووپات نابێتەوە .

بەڵام کە دەڵێ (خوێنەر (هەست دەکات کە لە روسی‌یەوە کردومن بە کوردی) من لەگەڵ ئەمەیاندا نیم ، چونکە لە لایەڕە (٣١) دا سەرنجی خوێنەرم بۆ ئەم لایەنەیان راکێشاوە کە (لە دەقێکی عەرەبی‌یەوە) وەرم گرتوون .

● **سەرنجی چوارەم** دەربارەی جۆری گۆڕینەکەیە کە وەك رەخنەکە دەڵێ بە دەستکاری‌یەوە وەرم گێڕاوەو دەبوو (بەمەرجێك ئەمە ماناو مەبەستی چیرۆکەکان قوڵتر بکاتەوە) ، هەروا بە لایەوە ئەمە لە هەندێ لادا لە جێی خۆی نەبووەو (ناوو ناونیشانو کەسانی چیرۆکەکانم گۆڕیوە) ئەمە سەرەڕای (لابردنی دەیان برگەو دەستکاری کردنی زۆر برگەی تر) .

کە دەڵێم رەخنەگر پەلەی کردووە ناهەقم نی‌یە پێشەکی سەرنجی رەخنەگر دەگێڕمەوە بۆ لایەڕە ـ٣١ـی کۆمەڵە چیرۆکەکە وە بزانێ من وتوومە چی ؟ من نووسیومە : (ئەگەر ئەم چیرۆکانە لەگەڵ ئەسڵە عەرەبی‌یەکەیدا بەراورد بکەین وابزانم هەندێ جیاوازی وردو وردی تیا دێتە بەر چاومان . جا هەر بۆ ئەوەی چیرۆك‌و روداوەکانی نزیکتر بخیەمەوە لە ئاستی ئێوەو رونتر بێتە بەر چاوتان ئاوام لێ‌کردون کە بە هیچ جۆرێ ، ئەوەندەی یەك تۆز ، ماناو مەبەستو ناوەڕۆکی نەگۆڕرێ .)

وابزانم ئەمە پێویست بە شی‌کردنەوە ناکاو بۆخۆی وەڵامە بۆ سەرنجەکە ، بەڵام گۆڕینی (ناونیشانی چیرۆکەکان) ئەوە خۆزگە تەنیا یەك نمونەی بۆ بهانیمایەتەوە .

لە لایەکی‌دی (وەرگێڕان بەدەستکاری‌یەوە) ئەوە ناگەیەنێ کە وەرگێڕ (ماناو مەبەستی چیرۆکەکان قوڵتر بکاتەوە) ، هەروا بە لایەوە ئەمە لە هەندێ لادا لە جێی خۆی نەبووەو (ناوو ناونیشانو کەسانی چیرۆکەکانم گۆڕیوە) ئەمە سەرەڕای (لابردنی دەیان برگەو دەستکاری کردنی زۆر برگەی تر) .

کە دەڵێم رەخنەگر پەلەی کردووە ناهەقم نی‌یە پێشەکی سەرنجی رەخنەگر دەگێڕمەوە بۆ لایەڕە ـ٣١ـی کۆمەڵە چیرۆکەکە وە بزانێ من وتوومە چی ؟ من نووسیومە : (ئەگەر ئەم چیرۆکانە لەگەڵ ئەسڵە عەرەبی‌یەکەیدا بەراورد بکەین وابزانم هەندێ جیاوازی وردو وردی تیا دێتە بەر چاومان . جا هەر بۆ ئەوەی چیرۆك‌و روداوەکانی نزیکتر بخیەمەوە لە ئاستی ئێوەو رونتر بێتە بەر چاوتان ئاوام لێ‌کردون کە بە هیچ جۆرێ ، ئەوەندەی یەك تۆز ، ماناو مەبەستو ناوەڕۆکی نەگۆڕرێ .)

وابزانم ئەمە پێویست بە شی‌کردنەوە ناکاو بۆخۆی وەڵامە بۆ سەرنجەکە ، بەڵام گۆڕینی (ناونیشانی چیرۆکەکان) ئەوە خۆزگە تەنیا یەك نمونەی بۆ بهانیمایەتەوە .

لە لایەکی‌دی (وەرگێڕان بەدەستکاری‌یەوە) ئەوە ناگەیەنێ کە وەرگێڕ (ماناو مەبەستی چیرۆکەکان قوڵتر بکاتەوە) !

ئەم چەشنە وەرگێڕانە مانای ئەوە نی‌یە کە وەرگێڕ سەربەستبێ لە گێڕەکردنی دەقەکەدا ، بەڵکو دروستتر (ئەوەیە وەرگێڕ خۆی نەبەستێ بە ریزە وشەکانی‌ـ ئەصلە وە ، بەڵکو ئەنیا مانا گشتی‌یەکەی‌وەربگێڕرێ .واتە چەند واتەو وشەیەکی زیاد بۆ ئاشکراکردن بخاتەگۆڕاوەکەوە کە لەـ ئەصلە ـ کەدا نەبێ . بان ئەوشتەی باس‌ـ کردنی بە پێویست نازانێ لای بەرێو بیخاتە پیشت گوێ . ئەم چەشنە وەرگێڕانە بەزۆری بۆچیرۆك‌و داستانو میژوو بەکار ئەهێنرێ ..) . (٢)

مامۆستا (د .کامیل بەسیر) یش هەر هەمان رای هەیە دەربارەی ئەم چەشنەی وەرگێڕان ، منیش بەتوندی لەگەڵ ئەو رایەی دام کە دەڵێ :

(وەرگێڕان بەدەستکاری‌ـ بەوە دوو جۆرە .

١ ـ بە درێژە پێدان .

٢ ـ بە کورت کردنەوە .

لەبەکەمدا وەرگێڕ بەهەوەستی خۆی درێژە بەباسەکە دەدا ، سەرەنجام وەك خۆی نابێ ، دووەمیش جێگای رەزامەندی نی‌یە .(٣)

وابزانم ئەگەر بەراوردێکی هەردوو دەقەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە تاتوانیومە بەپێوی ئەو رایانەی سەرەوەم کردووە .

بۆ (قوڵتر کردنەوە) ی ماناو مەبەستی چیرۆکەکان ، ئەمە نە مافی منەو نە مافی هیچ وەرگێڕ‌ـ یکی‌دی ، تۆلستۆی گەر لە ژباندا بمایە دەبتوانی ئەم داوایە ئاراستەی ئەو بکات . . شتێك هەیە ، ئەویش یەکێکی دی دەتوانێ چیرۆکێ (لەسەر ئەو بیرە) دارێژێ‌و جڵەو بۆ مەبەستی بەرەڵابکات‌و لێی قوڵتر بێتەوە ، دواجاریش وەك ئەمانەتێکی ئەدەبی بنوسێ بیری ئەم چیرۆکە لە (فلان چیرۆك) ەوە وەرگیراوە ،ئەم کارەش وابزانم ناتوانین ناوی وەرگێڕانی لێ بنێین (هەتا بە ئیلهامیشەوە) ، بەڵام لەوانەیە ناوبنرێ بە (اقتباس ـتضمین ـاستقبال) کە ئەمەی دوایی‌ـ بان لە ئەدەبی فارسی‌دا هەیەو جائیزە (٤) ... مەبەستی کارەکەی منیش ئاشکرابە ئەمەبان نی‌یە .

● (لاوازی داڕشتنی چیرۆکەکان لە روی زمانەـ وانی‌یەوە) ، سەرنجی پێنجەمەو منیش تا رادەیەکی کەم هەستم بەهەندێ هەڵەی زمانەوانی‌و داڕشتن کردووە کە بۆ نمونە ئەمانە دێنمەوە :

ـ هەڵە : باکە لە رێگاکەدا پوشو پەڵاشی ئەبردوو .ل‌ـ٧ راستی : بایەکە لە رێگاکەدا پوش‌و پەڵاش دەبردوو . . .

هەڵە : منالەکانی هەڵگرت‌و لەبەردەم فیلەکەدا داینا‌و .. ل ـ٢٢

راستی : منالەکانی هەڵگرت‌و لەبەردەم فیلەکەدا داینان و ..

ـ هەڵە : ها دەخۆشبان بکوژە ... ل ـ٢٢

راستی : دەها خۆشیان بکوژە ...

ـهەڵە : دەشیان کرد بە جیکە جیك لەبراساندا ... ل‌ـ٢٧

راستی : لە برساندا دەستیان کرد بە جیکە جیك ..

ـهەڵە : هێشتیان کابرا بچێتە ژورەوە بەرامبەر بەنرخی سەگەکە .. ل ـ٢٨

راستی : بەرامبەر بەنرخی سەگەکە هێشتیان کابرا بچێتە ژورەوە ..

من لەلای خۆمەوە ئەم هەڵانەم بەدی کردووەو هەر بەپێی (رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن) بەخەوشی نازانم کە بڵێم دەبێ ئەمانە هاندەرم بن بۆ دووپات نەکردنەوەیان لە داهاتودا .

● دوا سەرنجی دەربارەی ئەوەیە کە (پێشەکی‌یەکم بۆ ئەو چیرۆکانە بنوسیبایە ، دەربارەی شێوەی تۆلستۆی سەبارەت بە نوسینی چیرۆك بۆ منداڵان) .

چیرۆکەکان لە خۆیاندا بۆ منداڵانن ، یانی بەرهەمەکە بەرهەمێکی منداڵانەو هیچ بەپێویستی نازانم شتێکیان بۆ بنوسم کە دوربی لە ئاستی بۆچونو بیرو نۆرگەپێشتیانەو .

ئەگەر وردتربین ،دەبینین (سەرنج)ە کەی کۆتایی‌ئەم ئەوەندە بەکورت‌و ئاسان نوسیوە کە لە باری خوێنەری بچوکی خۆشەویستدابێ .

دیسانەوە رێزم بۆ ئەو (خوێنەر)ەو دەرفەتێکی چاکی بۆ رەخساندم کە بەهەردووکمان لەرێی رەخنەیەکی بنیاتنەرەوە هەندێ وردە سەرنج دەربارەی وەرگێڕان ساغ کەینەوە .

١ ـ یوجین ١٠. نیدا ـ بەرەو زانستی وەرگێڕان‌ـ گۆڕینی بۆ عەرەبی ـ ماجد النجار‌ـ وەزارەتی راگەیاندن بەغدا ١٩٧٦ .

٢ ـ د . جەمال نەبەزـ وەرگێڕان هونەرە ـ چاپخانەی ژین ـ سلێمانی ـ ١٩٥٨/ل٠٨

٣ ـ د . کامیل بەسیر ـ وتارەکانی بابەتی ـوەرگێڕان‌ـ بۆ پۆلی چواری بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی ـ١٩٧٨ ـ ١٩٧٩ .

٤ ـ مامۆستا ـ حەسەن قزلجی‌ـ لە وتارێکی رەخنەیی‌دا دبسان ئەم باسەی هێناوەتە گۆڕێو قسەی لێوە کردووە .

رۆشنبیری نوێ‌ـ گ‌ـژمارە ـ٧٠ـ ساڵی ١٩٧٨ .

Institut Kurde de Paris

بەیاننامە

قورعەکێشانی چوارەم بۆ ساڵی ١٩٧٨ بۆ دانەوەی بەشێك لە سەنەدەکانی قەرزی عیراقی ساڵی ١٩٧١ رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٢٠-١٢-١٩٧٨ لەبارەگای بانقی مەرکەزی عیراقی لەبەغدا جێ بەجێ کرا ، ئەویش بەئامادە بوونی لیژنەیەك کەوا سەرپەرشتی کەری عەمەلیەتی قورعەکێشانی سەنەدەکان بووە ، لەئەنجامدا (٥٠٠٠) دراوەتەوە کە جەمسەری نرخەکانی ٥٠٠ر٠٠٠ دیناره بەپێ ئەم تەفسیلاتانەی کە لەخوارەوە دیاری کراوە .

ئەو کەسانەی سەنەدەکانیان پێیە پێشکەشی بانقی مەرکەزی عیراقی بکەن لەبەغدا یا لەیەکێك لە لقەکانی لەپارێزگای بەسرەو موسل ئەویش لە ٣١-١٢-١٩٧٨ دەست پێ ئەکات بۆ وەرگرتنی نرخەکانی بەپێی مادەی چوارەم لە بەیاننامەی بەرێز وەزیری دارایی ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٧٧دا .

قورعە کێشانی چوارەم بۆ ساڵی ١٩٧٨ بۆ دانەوەی بەشێك لە سەنەدەکانی قەرزی عیراقی ساڵی ١٩٧١ بۆ دانەوەی سەنەدەکانی ساڵی ١٩٧٥ - ١٩٨٠دا کەوا رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠-١٢-١٩٧٨دا جێ بەجێ کرا .

زنجیرە	ژمارەسەنەدەکان لە	تا	ژمارەسەنەدەکان لە	تا			
١	١٠٠	١	١٠٠	٢٦	١٠٠	١٢٧٠١	١٢٨٠٠
٢	١٠٠	٣٠١	٤٠٠	٢٧	١٠٠	١٣٤٠١	١٣٥٠٠
٣	١٠٠	١٦٠١	١٧٠٠	٢٨	١٠٠	١٤٧٠١	١٤٨٠٠
٤	١٠٠	١٧٠١	١٨٠٠	٢٩	١٠٠	١٧١٠١	١٧٢٠٠
٥	١٠٠	٢٨٠١	٢٩٠٠	٣٠	١٠٠	١٧٧٠١	١٧٨٠٠
٦	١٠٠	٣٨٠١	٣٩٠٠	٣١	١٠٠	١٨١٠١	١٨٢٠٠
٧	١٠٠	٤٣٠١	٤٤٠٠	٣٢	١٠٠	١٨٣٠١	١٨٤٠٠
٨	١٠٠	٤٤٠١	٤٥٠٠	٣٣	١٠٠	١٩٠٠١	١٩١٠٠
٩	١٠٠	٥٠٠١	٥١٠٠	٣٤	١٠٠	٢١٤٠١	٢١٥٠٠
١٠	١٠٠	٥٥٠١	٥٦٠٠	٣٥	١٠٠	٢١٨٠١	٢١٩٠٠
١١	١٠٠	٥٧٠١	٥٨٠٠	٣٦	١٠٠	٢٢١٠١	٢٢٢٠٠
١٢	١٠٠	٧٠٠١	٧١٠٠	٣٧	١٠٠	٢٢٢٠١	٢٢٣٠٠
١٣	١٠٠	٧٧٠١	٧٨٠٠	٣٨	١٠٠	٢٢٢٠١	٢٢٣٠٠
١٤	١٠٠	٧٨٠١	٧٩٠٠	٣٩	١٠٠	٣٣٤٠١	٢٣٥٠٠
١٥	١٠٠	٨٧٠١	٨٨٠٠	٤٠	١٠٠	٢٤٠٠١	٢٤١٠٠
١٦	١٠٠	٩٥٠١	٩٦٠٠	٤١	١٠٠	٢٤٩٠١	٢٥٠٠٠
١٧	١٠٠	٩٧٠١	٩٨٠٠	٤٢	١٠٠	٢٥٣٠١	٢٥٤٠٠
١٨	١٠٠	١٠٢٠١	١٠٣٠٠	٤٣	١٠٠	٢٥٤٠١	٢٥٥٠٠
١٩	١٠٠	١٠٣٠١	١٠٤٠٠	٤٤	١٠٠	٢٥٦٠١	٢٥٧٠٠
٢٠	١٠٠	١١١٠١	١١٢٠٠	٤٥	١٠٠	٢٥٩٠١	٢٦٠٠٠
٢١	١٠٠	١١٢٠١	١١٣٠٠	٤٦	١٠٠	٢٦١٠١	٢٦٢٠٠
٢٢	١٠٠	١٢٠٠١	١٢١٠٠	٤٧	١٠٠	٢٦٤٠١	٢٦٥٠٠
٢٣	١٠٠	١٢٣٠١	١٢٤٠٠	٤٨	١٠٠	٢٦٦٠١	٢٦٧٠٠
٢٤	١٠٠	١٢٤٠١	١٢٥٠٠	٤٩	١٠٠	٢٧٤٠١	٢٧٥٠٠
٢٥	١٠٠	١٢٥٠١	١٢٦٠٠	٥٠	١٠٠	٢٨٨٠١	٢٨٩٠٠
					١٠٠	٢٩٢٠١	٢٩٣٠٠

بەبۆنەی چەژنی «پاشماوە»

ئێمە کاتێك کە بەشادی و خۆشیەوە بەپیری ئەم بۆنە پیرۆزو مەزنەوە دەچین ، باوەڕمان پتەوە بەوەی کە سوپاکەمان لەژێر سایەی سەرکردەیی و چاودێری ئێژەدا ، دەبی و چاودێری دەسکەوتەکانی شۆڕش. وهەمیشە سوپای بیناکاری و سوپای عەرەب دەبێ ، تادەستەکانی بەرەو بەجێ هێنانی فرمانە نەتەوەییەکانی خۆیمان ، لەرزگارکردنی تەواوی خاکی داگیرکراوماندا، خۆبان بکوتن ، پاش ئەوەی بە هەموو ئەمینیەتی و دلسۆزی و شەرەفەوە ئەرکە نیشتیمانیەکانی بەجێ هێناوەو دەیان هێنێ .

ئێمە کاتێك لە شەخسی ئێوەدا سلاو لە سەرکردایەتی سوپای هێوا دەکەین ، جێی شادیە کە هەروەها سلاو لە هەموو سەربازو مەراتیب و نەفەرەکانی بکەین .

لە بەرزی بیرەوەری و تێراماندا ، بەرێزو بایەخەوە بۆ ئەو شەهیدانەی دادەنوێنەوە کە لە سەر رێبازی دوورو شەرافتمەندانەی سوپای عراقدا گیان .

ئەم بیرەوەریە پیرۆزە ، چەژنی سوپاشمان پیرۆزەو گیانی شەهیدانی نەمرن و سەرکەوتن بۆ ئەو پێشرەوە شۆڕشگێڕانە بە باوەڕانەی کە سوپاکەمان نوێنەریانەو ئێوە بەرەو ئاواتە مەزنەکانمان لە یەکێتی و ئازادی و سوشیالیزمدا سەرکردەیی یان دەکەن

گرنگەوەی چەندان پرۆژەو دانانی بەردی بناغەی لو

لەلایەکی ترەوە ، لە هەموو شوێن و ناوچەکانی وڵاتەدا ئاهەنگ و جەژن بەم بۆنە پیرۆزەوە ئامادەکراوەو بەردی بناغە بۆ چەندین پرۆژەی جۆراو جۆرو چەند پرۆژەی تر دەکرێنەوە . لەمانە ، بەردی بناغەی پرۆژەی نیشتەجێ کردنی پیشەسازی لە محمودیە کە بەرێز طە یاسین رمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وزیری نیشتەجێ کردن و ئاوەدان کردنەوە .

جگە لەمە ، لەپارێزگاکانی تامیم و دیالەو میسان بصرە وەزارەتی تەندروستی چوار مەلبەندی تەندروستی دەکاتەوەو لە موصل و انبار چەند مەلبەندی پارێزگاری دایکایەتی و منداڵیەتی و عیادەی دەرەوە دەکرێنەوە ، ئەمە، سەرەرای هەندێ پرۆژەی تری تەندروستی لەم دوو جێگەیەو لەچەند جێگەی تری وەکو فلوجەو بابل و بصرەو ذی قار .

کارتی پیرۆزبایی ل٦ «پاشماوە»

بلنداهی بچیت ... هەلبەت پێدڤیە هەر دەم پشتەڤانیا نفیسنێین کارتێکەر بکەین ئەو نفیسنێن رەخ وروین خو روهن و زەلال دکەن و گرفتارین چفاکی شروڤەدکەن و کێماسیاو کورتیا دەدەنە لایەکی و لێ هەلدبژێرن ، ئەفەژی برێیەکا زانستی دڤێت بێتەکرن .

دکەت کو رەوشەنیێ بکەمینیتە پەیسکەکا هیژاو بلندو بێشخستنا جیهانیرا بکەهینێت و ببیتە ئەگەرەك بو پێشکەفتنا چاپەمەنیێن کوردی .. ئەڤە .. دسەر گەلەك گرفتارین دریا «هاوکاریدا» پەیدادبن ئەخاسمە گرێ و کوسپێن چاپەمەنیێ و گەلەك یاهو ...

کارتی پیرۆزبایی ل٤ پاشماوە

تەمەنی نۆ ساڵەی توانا و هۆشیاری باغەوانەکان دەردەخات ، دلسوزیشی چاوەری ئافەرین ناکات ، خوتان باربزگاری ئەمەکات . سپاس بۆ باغەوان ، هەربژی باخی رۆژنامەی کوردی .

علی چولا
سەروکی کومەلی هونەرو وێژەی کوردی
مەلبەندی گشتی سلیمانی

● ئاشکرایە خاوەنی کتێبخانەکان لە هەمووان زووترو زۆرتر رۆژنامەکان ئەبیننو بە لاپەڕەکانی شاد ئەبن ، خۆ ئەگەر نەخێتکیش ئامەزرۆی ئەدەب و رۆژنامە گەری بێت ئەوا هەر زیاتر ، بۆیە بەم بۆنە پیرۆزەوە چاومان بە کاك شێخ ئەنوەری شاعیرو خاوەنی کتێبخانەی نالی لە سلیمانی کەوتو ئەویش لە ژێر ناونیشانی (ساڵێکی نوێو یادێکی شیرین)دا وتی .

× رۆژنامە گەرێتیش وەکو گەلێك لە هۆیەکانی تری هۆشیار کردنەوەی جەماوەر رۆڵێکی بنچینەیی گرنگ دەگێڕێ لەمە بواری گەیانەنی بیری پێشکەوتنخوازانەدا بە جەماوەری گەل ، ئەمەش زیاتر مەودای بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمە هەمە رەنگە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ... هتد دەگرێتەوە . کە خاوەن خامە رەنگینەکان دەینوسن و بڵاوی دەکەنەوە . هەر لەم روانگەیەشەوە دەتوانین پەنجەی راستی بۆ ئەو خالە گرنگە درێژ بکەین کە رۆژنامە گەورەی کاریگەری بەهادارەو بە راژەیەکی مەزن دادەنرێت ، کە ئەمەش ئەڵێن ئەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە رۆژنامەو رۆژنامەنوسی خاوەنی کۆمەڵێك شۆڕە سوارەو ئەو شۆڕە سوارانەش دەست لە ملانی ماندویتی و شەو نخونی و رەنجکێشانیکی زۆر دەبن لەو بوارەدا ئەویش بۆ خولقاندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریەکی فراوان بەناو کۆمەڵانی خەڵکدا . رۆژنامەی هاوکاریش وەکو رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتی تاڕادەیەکی چاك و دیار دەوری خۆی گێڕاوەو چەشنی مینبەرێکە ئەدیبان و نوسەرانی خاوەن خامەی رەنگین بەهۆیەوە بەرهەمی هەمە رەنگ پێشکەش جەماوەر دەکەن بۆرەواندنەوەی شەوەزەنگی دواکەوتن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەرو بەرەو پێش بردنی کاروانی ئەدەب و هونەری نەتەوەکەمان، ئەمە جگە لەوەی لەم ماوەیەی دواییدا ئەم رۆژنامەیە توانی کۆمەڵێك شەقاوی فراوان بنێت ، جا بە بۆنەی داگیرسانی مۆمێکی نوێ لە تەمەنی هاوکاری خۆشەویستدا چەبکە گوڵی پیرۆزبایی ڕازاوە پێشکەشی دەستەی نوسەران و هەموو لایەك دەکەم و ئاواتە خوازی ئەوەم کە نوسەرە بەرێزەکان درێغی نەکەن لەو خزمەتەو هەزاران سلاوی رێزو پڕنەوازش بۆ ئەو کەسانەی کە شەونخونی لە پێناوی ئەو مەبەستەو پیرۆزەدا دەکێشن .

سلاو لە وشەی پیرۆز .. .. سلاو لە هەمووان .

کارتی پیرۆزبایی ل٣ پاشماوە

شیرینی خەڵکی کوردستان رادەگەیاند ...

بەراستی هاوکاری کارێکی گەورەی لەگەڵ رۆشنبیرانی کورد کرد و ئێستاش هەر بژین ئەوانەی گوێ لە رازوگلەیی ئاشقان دەگرن .. هەر بژی ئەوەی رازی دڵی ئەحمەد و گوڵبەهار بە داستان دەگێڕێتەوە . هەر بژی هاوکاری ...

لە بیرەوەری «هاوکاری»دا «پاشماوەی

رەوتێکی وەها کە تەقەلا ئەدا رۆژنامە کە رۆژنامەی جەماوەر بێ بە هەموو دەستە کارگەرو رەنجدەرەکانیەوەو بەمەشوێن و پایەیەکی میللی دەستخۆی خستووەو راستگۆیی تێکۆشانی لەپێناو خواستەو کاری جێ بەجێ کردنی سۆشیالیستی یانەدا لەبوارە گۆمەڵایەتی یەکاندا بەدی هێناوە ،

بە سەرکردنەوەیەکی دڵتۆزانەی توانا و بەهرە کوردیە لاوکارەکان و ئەو توانا گەشەسەندووانەی کە بەرزەوام پێویستیان بە چاودێری کردن و لە خۆگرتن .

خۆ ئەگەر ئەمانە ئەونیشانەو راستیانەبن کە بەراستی لە رۆژنامەی هاوکاریدا هەن ، ئەوا هەڵوێستو هەموو نیشانەکان نین ، و دەبێ ئێمە بە دوای ئەو نیشانانەدا بگەڕێین کە دەبێ بن . و کە هێشتا تێیدا نایانبینین .

● لە هاوکاری ساڵی ١٩٧٩و دوایی تریشدا وەك خوێنەرو بە سەرکەوەو بە تەنگەوەهاتووی پێشکەوتنی رۆژنامەکە دەمانەوێ :

= لەبەر ئەو ئابەتکاریەی رۆژنامەی هاوکاری هەیەتی :: وا پێویست دەکا کە رۆژنامەکە بۆ پیشاندانی دەرخستنی تەواوی ئەو رووداوە گەورە رۆژانەیی یانەی کە کوردستان لە سایەی شۆڕشی ١٧ تەمووز و حزبە سەرکردەکەیدا خزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست تێیدا دەژی ، شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبێ .

- ئەم تایبەتکاریە لە دەرخستنی رووداوە رۆژانەییەکاندا وا دەخوازێ کە پانتایی یەکی گەورەتری بۆ هەواڵەکانی خاوچەکە هەبێ لەوەی کە رۆژنامە رۆژانەیەکان بە کورتی بڵاوی دەکەنەوە ، کاتێ داوای پانتایی گەورەتر بۆ قەوارەی هەواڵی رۆژانە نەکەین ، لەبەر ئەوەیە کە بزوتنەوەی رۆژانەی لە کوردستانماندا بە شێوەیەکی وا خێراو بە برۆگرام هەنگاو هەلدێنێ کە ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن بۆ رۆژێك چاوی لێ ببڕن ئیتر پێیدا ناگەن.

- لەبەر ئەوە بنەڕەتی (چاوکراوەیی راگەیاندن) کە بەردەوام کراوەیە ، وا دەخوازێ کە هاوکاری لە هەموو پارێزگاکانی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا مەکتەبی هەبێ . و لە قەزاکانیشیدا بەپامنێری هەبێ بۆئەوەی هەواڵی رۆژانەی پێ رابگەیەنن ؛

- لەبەر ئەوەی بنیاتنانی خێراو دەسکەوتنە زۆرەکان ، ناوچەکەو هەموو بستێکی ناوچەکە بردەکاتەوە . ناساندنی ئەم دەسکەوتو پرۆژانە بە نووسین و وێنەوە لە هاوکاری دەخوازێ .. لەگەڵ پێشکەشکردنی وێنەیەکی وا کە مانای تەواوی ئەمە بەدەستەوە بدا :

- بۆئەوەی هاوکاری وەك رۆژنامەیەك لە بڵاوکراوەکانی تری دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردی (رۆشنبیری نوێ)و (بەیان) لەیەك جیابکەینەوە .. دەبێ بەری ئەو پانتاییانەی کە لە یەکەمیاندا بۆ مەسەلە فیکریەکان تەرخان کراوە ، تەسك بکەینەوەو لە دووەمو سێهەمدا بەری بۆ فراوان بکەین .. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بەنڕەتی پسوڕی لە کارو ئامۆژگاریەکانا بەدی بهێنرێ . چونکە ئێمە نامانەوێ هاوکاری وێنەیەك یا شێوەیەك بێ لە (رۆشنبیری نوێو بەیان)و تەنیا لەسەر کاغەزێکی گەورەتر چاپ کرابێ ..

بێگومان ئەوکەسەی خۆشتی دەوێ ، هەرئەوە قسەکەت بەراست دەزانێ ، نەك ئەو کەسەی کە تەنیا لە روو قسەکەت بەراست ئەداتە قەڵەم . ئیتر خۆشەویستیمان بۆ هاوکاری وامان لێدەکا ئەو هەڵوێستەی لە گەڵدا بوەستین و .. پەنجەی بۆ بکێشین و نیشانەی بۆ دابنێین ، تاوەکو وەك رۆژنامەیەکی ببینین کە بە ناوەرۆك خۆی بسەپێنێو بۆ ئەوەی وای ببینین بووکی **رۆژنامەگەری** کوردی بێ لە عیراقماندا و بە چالاکی و نەخشەیەکی شۆڕشگێڕی واوە کە درێغی نازانن بەرەو ئامانجەکانی هەنگاو دەنێ .

بە خۆ شحالی یەکی قووڵەوە بە خۆمدا رادەبەرموم کەلەنێوان شەخسی سەرۆکی نووسینی و نوسەرەکانی و ئیشکەرانی یەوە ، دەبست بۆ هاوکاری راکێشم و بەو بۆنە بەختیارەوە تەوقەو پیرۆزبایی لێ بکەم و ئومێدی چالاکی زیاتریان لێ بکەم بۆ بەسەرکردنەوەی ئەوشتانەی لێیانی داوانەکەین کە پێشەیەکی ئەوەندە ماندووبوونی تێدایە کە دوایی نایەتو هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتن بۆ هاوکاری و رێز بۆ خوێنەرانی هاوکاری دەخوازم و گشت ساڵێ هەموو لە خۆشیدابین لە سایەی شۆڕشی خێرخوازدا .

پارچە شیعرێك پاشماوە

« ئەم پارچە لەنوسخەی (ف)دا لە گەڵ کۆمەڵە شیعری (وەفایی)داو بە شیعری ئەو نووسراوە ، بەڵام وەلا دەبینین لە کۆتاییدا نازناوی ئەوی تێدا نیە ، کە (وەفایی) زۆر کەم ئەوە دەکا . زیاد لەوەش ئەگەر تۆزی بە وردی سەرنجی بدەین دەبینین ناو چێژێکی تایبەتیی تێدایە کە کەم لە شیعری وەفاییدا هەستی پێ دەکرێ ٠ »(٢)

بەڵام هێشتا دیوانی وەفایی نەکەوتبووە بازاڕەوە لە (دیوانی حەریق)دا چاوم بەم پارچە شیعرە کەوت بە ناوی (حەریقی)یەوە چاپ کراوەو لە کۆتاییدا ئەم شیعرەی تێدایە کە نازناوی شاعیری تێدایەو ئەو تاکە شیعرە لە دەسخەتەکەی (ف)دا نەبوو :

« زەخمی دل بێ مەرهەمی وەسڵی بە ناسوور کەوتووە
ئەی (حەریقی) باسی مەکە توخوا بەلا نەکولێتەوە»(٣)

واتە ئەم پارچە شیعرە شیعری (حەریق)ەو بە هەڵە کەوتووەتە ناو دیوانی وەفایی و داوای لێ بوردن دەکەم .

Institut kurde de Paris

«هاوکاری» چۆن چاپ دەکرێ؟

خوێنەری خۆشەویست :
لە یادی ۹ ساڵەی دەرچوونی «هاوکاری» دا ، لەگەڵ ئەم وشانەو وێنەکانیا چۆنیەتی کارکردنی دەرچونی رۆژنامەکەمانت بۆ دەردەکەوێ .

لێرەوە

بەرەو ژیانێکی رووناك تر

لەم رۆژانەدا ، وولاتەکەمان ، لەم پەڕەوە بۆ ئەوپەڕ . لە باشوورەوە تا ئەو پەڕی باکوور ، بووەتە کوورەی هەنگ و مەیدانی کارو خەبات ، دژی نەخوێندەواری و نەزانین ، دژی دەردوپەتای دواکەو تووی و تاریکستانی چاوکوێری .. ئەوەتا هەموو ڕۆژێك لە کارگەو دام دەزگاو قوتابخانە . . لە هەموو شارو لادێیەکی خنجیلانە . . لەم بناری شاخو ئەو بناری چیاو لێواری رووبارو دامێنی پێدەشتەکانداا هەر هاوولاتی یە . . لەژن و پیاوو هەرزەکارو کێژۆلە .. لە سەر تەختی فێربوون و زانیاری لێی دانیشتووەو قەلەمی خەبات کردنی لێهەلگرتووە . بۆ ئەوەی دوارۆژێکی ڕووناك و خاوێن ، نەك هەر بۆ خۆی بەلکوو بۆ نەوەکانی پاش خۆی ، مسۆگەر بکات و پێبنێتە شەقامی ڕازاوەی زانست و خوێندنی سەردەمانەی پێویستەوە

بێینە لای ڕاستی ، هەر مرۆڤێك ، لەژیانی ڕۆژانەیداو، بەپێی ئەو کاروبارانەی پێی دەسپێررێت ، پێویستی بەزانین و خوێندن دەبێت ، چجووتیار ، یان ، کرێکار ، یان وەرزێر بێت ، لەم پێناوەدایە سەردەمی شارستانی و بەرەو پێشەوە چوون ، وای لە مرۆڤ دەوێت لەگەڵ هەر هەنگاو هاویشتمنێکی شارستانیدا هەنگاو بهاێژێت و خۆی بکاتە پارسەنگی تەرازووی پێشکەوتن لەگەڵ مەوداکانی سوودو قازانجی بنەڕەتی ژیانی سەردەمانەدا تبن بەتوانای فێربوونی خوێندەواری و زانیاری بەخشێت و لەتلکە ڕێرەوی پێداویستی یەکانی ژیاندا پێشکەوتن بەدەست بهێنێت ، تا لە چاندنی ئاواتە سەوزەکانی مرۆڤێکی شادو کامەراندا بەشداری بکات .

لێرەوەیە خوێندن و فێربوون ، بە گەورەترین سوود بەخشی ژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەژمێردرێت ، هەر لە بەر ئەمەشەولەبەر ئەوەی مرۆڤێکی نوێ و هۆشیار بێتەکایەوە ، یاسای هەرەوەزی نیشتمانی سەرتاپاگیری بۆ نەهێشتنی نە خوێندەواری لەم نیشتمانە بەپیتەماندا دەکرا ، بۆ ئەوەی هەر مرۆڤێك لە هەر جێگایەکی لێبرسراودا بێت ، لە دەستی دەردوپەتای نەخوێندن و نەزانین ڕزگار بکرێت و بۆ خەبات و تێکۆشان و بنیاتنان پێی بهاوێژێتە قوناغی ژیانێکی خاوێن و ڕووناك ترەوە .

مکرم رشید تاڵەبانی

تا هاوکاری دێتە شێوەی رۆژنامەو دەکەوێتە بەردەست تۆ ئەی خوێندەواری خۆشەویست ، کاروانێکی دوورو درێژ تەی دەکا . لەم کاروانەدا کۆمەڵێکی زۆر خەلك و مەکینە ، پێکەوە شان بە شانی یەك کار دەکەن و ڕاهاتی رەنجی هەر دوە دەکرێ بە رۆژنامە و پێشکەش بە خوێنەرانی دەکرێ .

هاوکاری و هەر رۆژنامەیەکی تر لە پێشدا کەرەستەی خاوە . واتە زادەی بیری ئەم و ئەوە جا یان راستەوخۆ لە لایەن یەکێکەوە نوسراوە یان لەسەرچاوە یەکەوە وەرگیراوەو کراوە بە کوردی .

یەکەم هەنگاو ئامادەکردنی کەرەستەکەیە واتە پیا چوونەوەی لەباری زمانەوانیەوە ئینجا ، چونکە ئەو کرێکارانەی کە لە چاپی دەدەن کوردی زانین ، بۆیە دەبێ سنووری نێوان وشەکانیان بۆ دیاری بکرێ تا وشە نەچێتە سەر وشەی تر ، ئەمیش کرداریکە کە لە نێو ئیشکەراندا بە « تقطیع » ناسراوە . پاش ئەوە کەرەستەکە بە ئامادەکراوی دەنێررێ بۆ چاپخانەو لەوێ هەوەڵ گەشتی وشەکان لەگەڵ مەکینەدا دەست پێ دەکا : مەکینەیەك کە « لاینۆ »ی پێ دەڵێن و شەکان بە « قورقۆشم » لێدەدا . . . وشە قورقوشمەکان » کۆ دەکرێنەوەو دەخرێنە پال یەکو لەسەر جۆرە کاغەزی « کەگاڵێ »ی ناوە بە دوو وێنە بۆ پرۆفە چاپ دەکرێ ، وێنەیەکیان بۆ راستکردنەوە بەکار دەهێنرێ واتە تابزانرێ ئایا هیچ وشەیەك بە هەڵە لێ دراوە یان نا و وێنەکەی تر بۆ دانانی نەخشەی دابەشکردنی مادەکان لە لاپەڕەکەدا بەکار دەهێنرێ . پاش ئەوەی کە ئەم دوکارە هەردوکیان تەواو دەکرێن ، مادەکان دەنێررێن بۆ لای «مداور» بۆ ئەوەی لەسەر ئەو نەخشەیەی کە لەسەر کاغەزی « مانکێت » کێشراوە بچەسپێنرێ . بەم جۆرە لاپەڕەیەکی بەستراو دروست دەکرێ کە پیتەکانی هێشتا هەر قورقۆشمن و لەسەر مەکینەی چاپێ پرۆفە بۆ پرۆفەو دواراستکردنەوە چاپدەکرێ . کە دوا راستکردنەوە دەکرێ ، لەسەر کاغەزی « ئارت » چەند نوسخەیەك چاپ دەکرێ و لەم چەند نوسخەیە پاکترینیان هەڵدەبژێررێ و بەجێ هێنەر (منفذ) جەدوەلەکانی بۆ دروست دەکات واتە خەتی نێوان مەوزعەکانی بۆ دەکێشێ و جێگای وێنەکان دەخرێنە سەر بابەتەکان ، لاپەڕەکە دەنێررێ بۆ وێنەگرتن بە جۆرە کامیرایەکی وردکاری گەورەی تایبەتی . پاش وێنەگرتن ، وێنەکان ئارایش دەکرێن و دەنێررێن بۆ شتنەوە کە بەمەکینەی تایبەتی دەکرێ و بە سپیەتی دەردەچێ لەسەر نایلون و لەوێوە دەنیررێ بۆ کۆپی گرتن . کۆپی گرتن لەسەر پلێتێکی هەستداری مەعدەنی دەکرێ و ئەم پلێتەش لەناو دەزگایەکی تایبەتیدا دەشۆرێتەوەو پاك دەکرێتەوە .

پاش ئەوەی رەنگەکان لێك جیادەکرێنەوەو سنووریان نیشان دەکرێ بە دەزگایەکی ئەلەکترونێکی یەکجار وردکار، لاپەڕەکە بەشێوەی پلێت ئامادەیە بچێتە دوای قۆناغی چاپکردنەوە کە بە مەکینەی چاپی گەورەی لاینێتە دەکرێ و بەچاپ کراوی دەردەچێ .

دوای کۆکردنەوەی نووسراوەکان لێرەوە وشەکان ئامادە دەکرێن و دەنێررێ بۆ چاپخانە .

وەبەم جۆرە هاوکاری دەردەچێت

قۆناغی چاپکردن لەسەر پلێت .

لێرەوە لاپەڕەکان مۆنتاژ دەکرێ

شتنەوەی وێنەی لاپەڕەکان

قۆناغی دووەم وێنەگرتن

قوناغی یەکەمی وێنەگرتن

ئارایشتی لاپەڕەکان



لێرەوە وشەکان دەبن بەقورقوشم

لێرەوە لاپەڕە قورقوشمەکان دەبەسترێن

چاپکراوی نوێ

زانست رووناکی یە

لە چاپکر اوەکانی وەزارەتی پەروەردە ، بەرێوەبەریتی گشتی خوێندنی کوردی ـ بەشی هوی فێرکردن کتێبێك بەناونیشانی زانست رووناکی یە دەرچوە کە بریتی یە لە دەقی تەواوی یاسای بەزۆرفێرکردن و کۆمەڵە دروشمێکی هەڵمەتی گەورەی نیشتمانی بۆ لە ناوبردنی نەخوێنە واری و دەقی یاسای هاڵمەتی گشتی نیشتمانی بۆ بەزور نەهیشتنی نەخوێنەواری .

ڕێ ڕەو

نابێ نەخشە کۆمەڵایەتیەکانما لە سنوقی کلیل دراودا بێ ، ئەوەی بێویستە بەشداربوونی هاوئیشتمانیەکانە لە بنیات نانداو لەرەخنەو راست کردنەوەدا .

هاوڕێ صدام حسین

ئەوانەی دڵسۆزانە بۆ دەرچوونی « هاوکاری » دوور لە رووناکی رەنجیانداوە

ئەوەتەی رۆژنامەی « هاوکاری» دەردەچێ و تا ئیستا واتە لە ساڵی ۱۹۷۰ وە بەردەوام لە چاپخانەی ژمارە ـ ۱ ـی « دار الحریە » دەرچووە . تەنیا ماوەیەکی کەم نەبێ ،جا لەماوەی ئەم چەند ساڵە دوورو درێژەدا ، دوو کارگیری چاپخانە دڵسۆزانە لە گەڵ ئەو تەقەللایە دابوون کە « هاوکاری » بەرێك و پێکی دەرچێ ئەوانەش بەرێزان **«عبدالحسین فرحان»** بەرێوەبەری چاپخانەو **«عبدالوهاب المعینی »** لێپرسراوی بەرهەم . جاری وا هەبووە ،شەوانێکی درەنگ لەماڵی خۆیانەوە خۆیان گەیاندۆتە چاپخانە بۆ ئەوەی ئەو تەنگو چەلەمە چاپەمەنیانە چاربکەن توشی « هاوکاری » دەهات بە وەفای بەرامبەر بەو رەنجە بەردەوامەیان ساڵاوی دڵسۆزانەیان لێ دەکەین و نموونەیان زۆر بێ ، سوپاس بۆ ئەوان و هەموو کارگیر و کریکارە چالاك و دڵسۆزانەی شادمانن لەگەڵمان مۆمی تەمەنی دەیەم ساڵی « هاوکاری »دا ئەگیرسێنن .

ـ هاوکاری ـ

ئەم کێژۆڵەیە

خونچەی ئێستا گوڵی دوا رۆژە

لە هەمو کۆڕو ئاهەنگێکدا کاتێ دەچیت و بەشداری ئەو خۆشی یە دەکەیت کە پێش کەش دەکرێت ،دادەنیشی و منالێکی دەساڵان بە بەرگێکی کوردەواری یەوە سەرنجت بۆلای هات و چۆو پێکەنین و ڕوەخۆشەکەیەوە ڕادەکێشێت ، سەرکەوتوانە سەرەتای زۆربەی ئاهانگەکان بەشیعرو قسەخۆشەکانی دەکاتەوە .

ـ ناوت چی یە ؟

● ناوم « دڵخواز عبد الکریم » و بەخوشکە دڵخواز بانگ دەکرێم ، پۆلی چوازی قوتابخانەی مۆرنەی سەرەتاییم .

ـ خوشکە دلخواز لە چەند ئاهەنگدا بەشداریت کردوە ؟

● لە هەمو ئاهەنگەکاندا بەشداربوم و لە ئۆپەریتی نەورۆزی ساڵی ۹۷۷ تیشدابەشداریم کردو دانیشتوان بەبەشداری کردنم گەلێ شادبوون ،

ـ چیت خۆش دەوێ ؟

● هەروەك لە ئاهەنگێکدا لێیان پرسیم من دوشتم زۆر خۆش دەوێ ـ وشەی ڕاستی و بەرگی کوردی ـ چی تر ؟

● رۆژنامەی (هاوکاری) چونکە ئەو منالانی خۆش دەوێ و چیرۆك و شیعرمان بۆ بڵاودەکاتەوە ، شەمامەشم خۆش دەوێ و هەمو چیرۆکەکانم لەبەرە .

ـ چی دەڵێی ؟

● **خۆزگە تیپێکی شانۆگەری لە هەڵەبجەدادەکرایەوەو منیش بەکتك دەبوم لەوتیپە**

جەباری حاجی کەریم
ئامادەی کردوە

لەبیرەوەری نۆ ساڵەی لەدایك بونیا : « هاوکاری » بەژمارە

× یەکەم ژمارەی « هاوکاری » لە ۹ـ۱ـ۱۹۷۰دا دەرچووە .

× تا ژمارە (١٦) بە ١٦ لاپەڕەی فەوارە بچوك دەردەچوودوایی (٨) لاپەڕەی فەوارە کەورەو ماوەیەك (١٢) لاپەڕەو چەندماتگێك هەفتەی دووجار بەلام لەبەگیروگرفتی چاپ کرایەوەبە هەفتانە .

× لە ماوەی ساڵی باردا لە (هاوکاری)دا ئەم بابەتانەی بەبێی ئەو ژمارە بڵاوکردۆتەوە کە لێرەدا دیاری کراون :

ـ ٥٦ لیکولینەوەی رۆژنامەنووسی ، ٦٧ گفتوگوی رۆژنامەنووسی ، ١٢ گفتوگوی تایبەت بە ئەدەب ، ٤٦ چیرۆك و ١٤٠ بارچە شیعر ، ٩٧ لیکولینەوەی رەخنەی ئەدەبی ، ٦٨ رەخنەی ئەدەبی ، ٩ گفتوگو لە بابەتەکانی تری رۆشنبیریدا ، بابەتی منالان ٢١ ، بابەتی خێزان ١٧ ، رپۆرتاج لە سەر پێشانگای تەشکیلی ١٧ ، گفتوگۆی هونەری ٢٧ ، دەنگوباسی گۆڕی رۆشنبیری ١٥ و ٦ بابەتی شانۆیی .

Institut Kurde de Paris